کارۆل گارت مونی

# بیردۆزەکانی زارۆکەتی

## ناساندنێکی

دیوی

مۆنتیسۆری

ئێریکسۆن

پیاژێ

ڤیگۆتسکی

تەرجەمە لە ئینگلیزییەوە

هاوبەش خالید

Theories of Childhood

An Introduction to Dewey, Montessori, Erikson, Piaget, and Vygotsky

کارۆل گارت مونی

*بیردۆزەکانی زارۆکەتی*

ناساندنێکی دیوی، مۆنتیسۆری، ئێریکسۆن، پیاژێ، ڤیگۆتسکی

تەرجەمە لە ئینگلیزییەوە: هاوبەش خالید 2022

دیزاین: Hama Saatchi

Carol Garhart Mooney

*Theories of Childhood*

An Introduction to Dewey, Montessori, Erikson, Piaget, and Vygotsky

Second Edition

Redleaf Press 2013

https://www.redleafpress.org

پێشەکەشە بە جێنەیت ستۆن Jeannette Stone ی هاوڕێ و ڕێنوێن

پێڕست


**سوپاسنامە ---------- 6**

**پێشەکی بۆ وەشانی دووهەم ---------- 7**

**پێشەکی بۆ وەشانی یەکەم ---------- 9**

**گرێدانی بیردۆزە و کردار ---------- 12**

**دەربارەی ئەم کتێبە ---------- 14**

**پاژی یەکەم: جۆن دیوی John Dewey ---------- 15**

*ژیننامە ---------- 15*

*بیردۆزەکانی دیوی ---------- 17*

*رۆڵی مامۆستا ---------- 18*

*گەڵاڵەکردنی پلانێکی فێرکاریی مەبەستدار ---------- 19*

*واتا بەخشینی دونیا بۆ منداڵان ---------- 22*

*فێرکردن بەرانبەر شاش-فێرکردن Education versus Mis-education ---------- 24*

*«شادمانی» بەس نییە ---------- 25*

*وەربەرهێنان لە رێکخستن و بەڵگەبەندیدا ---------- 26*

*دیوی Dewey لە سەدەی بیستویەکەمدا ---------- 28*

*پرسیاری گوتوبێژ ---------- 30*

*پێشنیاز بۆ خوێندنەوەی زیادتر ---------- 30*

**پاژی دووهەم: ماریا مۆنتیسۆری Maria Montessori ---------- 31**

*ژیننامە ---------- 31*

*بیردۆزەکانی مۆنتیسۆری ---------- 32*

*ژینگەی زارۆکبین ---------- 33*

*ئامرازی ڕاستینە فەراهەم بکەن کار بکەن ---------- 33*

*رێکخستن و بەردەستخستنی کەرەستە وکەلوپەل ---------- 34*

*چێکردنی جوانی و رێکی ---------- 34*

*کارامەیی و بەرپرسایەتی ---------- 35*

*رێ بدە منداڵ بەرپرسایەتی بگرێتە ئەستۆ ---------- 36*

*خشتەرێژکردنی کاتی زۆری سنووروالا ---------- 37*

*نۆڕین ---------- 38*

*مۆنتیسۆری لە سەدەی بیستویەکەمدا ---------- 40*

*پرسیاری گوتوبێژ ---------- 41*

*پێشنیاز بۆ خوێندنەوەی زیادتر ---------- 41*

**پاژی سێهەم: ئێریک ئێریکسۆن Erik Erikson ---------- 42**

*ژیننامە ---------- 42*

*بیردۆزەکانی ئێریکسۆن ---------- 42*

متمانە بەرانبەر بەدگومانی ---------------------------------------------------------------------------------------------------- 45
بەدەم خواردندانەوە لەئامێزگرتن --------------------------------------------------------------------------------------------------- 46
بەرسڤی پەژارەیی ساوا --------------------------------------------------------------------------------------------------------------- 47
دایەنگە (چاودێریی ساوایان) یارمەتیی پەیوەستبوون بدات -------------------------------------------------------------------------- 48
ئاوتۆنۆمی بەرانبەر شەرم و دڕدۆنگی --------------------------------------------------------------------------------------------------- 49
مامۆستایانی منداڵی بچووک چۆن دەتوانن بیردۆزەی ئێریکسۆن پیادە بکەن؟ ------------------------------------------------------- 51
دەستپێشخەری بەرانبەر هەستی تاوان -------------------------------------------------------------------------------------------------- 54
هاندانی سەرخۆبوون ------------------------------------------------------------------------------------------------------------------- 56
جەخت لەسەرگیرخستنە، نەک هەڵە ------------------------------------------------------------------------------------------------- 56
ڕەچاوگرتنی جوودایی کەسەکی ------------------------------------------------------------------------------------------------------ 56
جەختکردنی پلانی فێرکاری لەسەر تشتی ڕاستینە ------------------------------------------------------------------------------------ 57
ئێریکسۆن لە سەدەی بیستویەک دا --------------------------------------------------------------------------------------------------- 57
پرسیاری گوتوبێژ ----------------------------------------------------------------------------------------------------------------------- 59
پێشنیاز بۆ خوێندنەوەی زیادتر ------------------------------------------------------------------------------------------------------- 60

**پاژی چوارەم: ژان پیاژێ Jean Piaget ---------------------------------------------------------------------------------------- 61**
ژیننامە ---------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------- 61
بیردۆزەکانی پیاژێ --------------------------------------------------------------------------------------------------------------------- 62
قۆناخی بزوێنهەستی The sensorimotor Stage ------------------------------------------------------------------------------------- 65
منداڵ لە سەلامەتیدا بهێڵنەوە بەڵام دڵبەستە -------------------------------------------------------------------------------------- 66
بەرسڤی ئاسوودەبەخش بۆ پەرێشانیی جودابوونەوە ---------------------------------------------------------------------------------- 66
قۆناخی پێشکردەکی Preoperational stage ---------------------------------------------------------------------------------------- 67
تەرخانکردنی کاتی بەرفرەوان بۆ یاریی ئازاد ----------------------------------------------------------------------------------------- 71

**ئەزمووني دونیای ڕاستینە فەراهەم بکەن ------------------------------------------------------------------------------------------- 73**
چالاکیی سنووروالا open-ended activities و پرسیاری سنووروالا open-ended questions ------------------------------------- 73
قۆناخەکانی کردەکیی بەرهەست Concrete Operational stage وکردەکیی فەرمی Formal Operational stage ----------------- 74
پیاژێ لە سەدەی بیستویەکەمدا ------------------------------------------------------------------------------------------------------- 75
پرسیاری گوتوبێژ ----------------------------------------------------------------------------------------------------------------------- 76
پێشنیاز بۆ خوێندنەوەی زیادتر ------------------------------------------------------------------------------------------------------- 76

**پاژی پێنجەم: لێڤ ڤیگۆتسکی Lev Vygotsky ------------------------------------------------------------------------------------ 77**
ژیننامە ---------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------- 77
بیردۆزەکانی ڤیگۆتسکی --------------------------------------------------------------------------------------------------------------- 77
نێزکترین زۆنی فراژووتن ZPD -------------------------------------------------------------------------------------------------------- 78
نۆڕین ورد دەبێتە بنەمای دارشتنی پلانی فێرکاری ---------------------------------------------------------------------------------- 79
پلانێکی فێرکاریی وەها دارێژە کارامەیی منداڵ فرەوانتر بکات --------------------------------------------------------------------- 80
فێربوون و فراژووتنی زمان ------------------------------------------------------------------------------------------------------------ 82
هاندانی گفتوگۆ ------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------- 82
کارلێکی جڤاکی ------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------ 83

فەراهەمکردنی دەرفەت بۆ کاری هەرەوەزیی منداڵان ---------- 84
کارکردی پیادەکار ---------- 85
هاندانی توانستگەلی خۆجڵەوگری بە گەمەی خەیاڵکرد ---------- 86
ڤیگۆتسکی لە سەدەی بیستویەکەمدا ---------- 87
پرسیاری گوتوبێژ ---------- 88
پێشنیاز بۆ خوێندنەوەی زیادتر ---------- 89

**References ---------- 89**

**سوپاسنامە**

ئەو کتێبە لە درەنگانی شەو و پشووەکانی کۆتای هەفتەدا نووسراوە، لە نێو کاروباری ژیان و ماڵباتەکەمدا گونجاندبووم. تەنها ناوی من دیارە، لێ دڵنیام، وەک زۆربەی کتێبی دیکە، هەوڵێکی هەرەوەزی بوو.

دەستپێک بە بیرکردنەوە و داڕشتنی چێوەی بیردۆزەکانی سەر بە زارۆکەتیی بەرایی، کۆششی خۆم و هاوڕێ و هاوخەباتم Jeannette Stone بوو. هەمیشە پرۆژەی «خۆمان» بووە!

سوپاس بۆ وزە و کۆمپیوتەرزانیی Marguerite Shanelaris کە دەستنووسەکەی پوختە کرد. سوپاسگوزاری زۆربەی هاوخەباتەکانم لە New Hamphshire Head Start و جڤاتی چاودێری زارۆکی نیو هامپشێر New Hampshire Child Care Association بۆ بەشکردنی چیرۆک و ژیانی ناوپۆلەکانیان. کاتێک شەکەت دەبووم، لە لایەن دڵسۆزی و پاڵپشتیی تایبەتی هاوڕێیانی Jay Munson و Sue Cloutier و Pat Meattey وە دنە دەدرام تا بەردەوام بم. سوپاسگوزاری زۆربەی فێرخوازانی کۆلێژی گراینت ستەیت Granite State College و New Hampshier Community Technical Colleges م کە پێویستبوونی کتێبێکی لەم چەشنەیان پێ سەلماندم. دەرفەتی Redleaf Press بەرز دەنرخێنم لە فەراهەمکردنی ناوەڕۆکی ئەم کتێبە. سەرنووسەرەکەم Beth Wallace ڕازیی کردم کە دەتوانم ئەم کارە ڕاپەڕێنم و بە درێژایی ڕێگەکەوە ورە و پاڵپشتیی پێشکەش کردم.

لە کۆتادا، سوپاسی منداڵەکانم دەکەم:

Sean، بۆ دەیان ساڵ لە پاڵپشتیی نووسین و بۆ کتێبی ڤیگۆتسکی Vygotsky.

Brian، بۆ پێشکەشکردنی ورە کاتێک پێویستم بوو، وە ناچاری کردم بچمە سەردەمی کۆمپیوتەر.

Tom، بۆ داگرتی تۆژینەوە و هاریکاری کۆمپیوتەری درەنگانی شەو.

Erin، بۆ ڕازیبوون بە دایکێکی مژوڵ و خۆشویستنم بە هەر جۆرێکی هەم.

سازمان کردا!

Carol Garhart Mooney Manchester
New Hampshire, June 2000, updated July 2012

## پێشەکی بۆ وەشانی دووهەم

پازدە ساڵ لەمەوپێش وەختێک دەستم دایە یەکەم وەشانی بیردۆزەکانی زارۆک *Theories of Childhood*، دەمزانی کە بیرۆکەیەکی باشە. بۆ چەندین ساڵ ڕاهێنەر و فێرکاری کۆلێژ College instructor بووم، دەمزانی کە دایکوباوک parents، مامۆستایانی چاودێری زارۆک، فەراهەمکەران providers و فێرخوازان هەموویان بە بەردەوامی تەقەلایان بوو لەتەک زارۆکان چی بکەن. بیرای بیرِ پێشبینیی کاردانەوەی ئەو کتێبەم نەکردبوو کە لە دەیەی ڕابردوو چێژم لێ وەرگرتبوو. لە جڤینی ڕاهێنان و کۆنفرانسەکان، بەزۆری بەر فێرخوازانێک دەکەوتم کە دەیانگوت هەتا لە کۆلێژ ناچار نەکران کتێبەکەم بخوێننەوە چ بیردۆزەیان «نەناسیوە». فیدباکی بەشێکی زۆری جڤاکی کۆلێژ Community college، زانستگە، فێرکارانی فێرگەم بەرز نرخاند کە سوپاسیان دەکردم لەپای چێکردنی تێکستێکی سوودبەخش بۆ کەسانی تازەدەستپێک.

بۆم باڵکێش بوو کە چەندین پەیام و لێدوانم لە خوێنەرانێکەوە پێ گەیشت کە ئینگلیزی زمانی دایکیان نەبوو. ئەو ڕاهێنەرانەی سوپاسیان دەکردم لە یارمەتییان بۆ گەیشتن بە بواری پەرۆشی لە USA. بۆ من خاکەڕایی و شادومانی بوو بە زانینی ئەوەی کە بیردۆزەی من و کۆشەشی کردەکیی من یارمەتیی هاوکارانمی داوە لە چێوەکردنی کاری ڕۆژانەیان لەتەک زارۆکان.

هەروەها بۆم سەرنجڕاکێش بوو کە لەو کاتەدا چەند پرسیارێک لەمەڕ بەکارهێنانی گوتەی Margaret Mead لە پێشەکییەکەدا هەبوون. لاریبوون دووسەرە بوون. سەرنووسەرەکە ئەو ڕاگواستەیەی لا پەسند نەبوو کە هی ساڵی ١٩٦٣ بوو (دەیگوت: ئایە هێشتا جێباوەڕە؟). ئەوجا ژێدەری Redbook magazine، دەبا هەمووماں کۆک بین کە ئامرازێکی شیاوی تۆژینەوە نییە بۆ نووسینی کتێبی فێرکاری textbook. دەستپێکم بوو بۆ دونیای نووسینی کتێبی فێرکاری وMargaret Mead بۆ من، هەر کاتێک و لە هەر شوێنێک باسی لە هەلومەرجی مرۆڤ کردبێت، سەرمەشق بوو.

ئەمرۆ لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ٧٥،٠٠٠ نەسکی (نوسخەی)، زیادتر پشتئەستووری وشەکانی Mead م و مکوڕم کە بەکاریان بهێنین. ئەو مامۆستایەی کە لە ساڵانی خوێندنی بنەمام زۆر کاری تێکردم، لە خولی فەلسەفەی هەبوون existential philosophy لێدوانێکی هاوشێوەی لەمەڕ Mead دا. "لەم خولەدا" - بەوە ناسرابوو کە ئەم گوتەیە بەکار بەرێت - «سەرنجی ئەوانە ڕادەکێشی کە «سەکۆ»یان دەوێ. گەر گەرەکتە شتێک بێژی، وا باشە بە جۆرێک دەربیڕی کە گێرترود Gertrude ی پوری گەورەم کە تەنها تا پۆلی سێی خوێندووە، بتوانێ بیخوێنێتەوە و تێی بگات». پێوەری بنەما بۆ بڵاوکردنەوەی ئاگاداریی گرینگ بریتییە لە زمانی ساکاری ڕاستەوخۆ.

هەڵەکەم بریتی بوو لەوەی پێم وەها بوو بەشێک لەو گرێبەستەی دەڵێت ئامادەم چەندی پێویست بێت خەریکی نۆژەنکردنەوە بم، هەرگیز هەڵناوەشێتەوە. ئەوە بووە سەرچاوەی هەندێک شۆخی هەم لای Redleaf و هەم لە ماڵەکەم کە بە مەبەست ئەو بیردۆزانەم هەڵبژاردوون کە لە ژیاندا نەمابوون. وام دانا گەر بتوانم ڕوانگەی ئەو بیردۆزانە بە شێوەیەکی ساکار و ڕەوان یاداشت بکەم و نموونەی ناوپۆلەکان بخەمە ڕوو... داخۆ چی دیکە دەمێنێ تا تەواو بکرێ؟ لەوە ناچێ کە کاری زیادتر هەبێ تا گوتوبێژ بکرێ.

ئەمرۆ ئەمە بۆ من لەڕادەبەدەر خۆشباوەڕانە دەردەکەوێ. شامامۆستای ١٩٩٠ 1990 National Teacher of the Year، Janis T. Gabay بە بیسەرەکانی گوت:

*«چەندین بیروبۆچوون پێشکەش بە فێرخوازەکانم دەکەم بەوەی لە ڕێی ئەدەبەوە ڕوونی بکەمەوە کە هیچ شتێک نییە پێشتر هەستی پێنەکرابێت، ئەزموون نەکرابێت و، ئەندێشە نەکرابێت، بەڵام دەبێت زیادتر لە شێوازی نوێدا بدۆزرێتەوە».*

.(Council of Chief state School Officers [CCSSO], accessed 2012)

لە دەیەی ڕابردوودا، تەنها گۆڕانە تێکنۆلۆژییەکان بە ژیانی ڕۆژانەمان سەرسامکەرن. پاشان گۆڕانکاری لە زانست، پزیشکی، دەروونناسیی فێرکارانە،[1] لێکۆڵینەوەی ژنناسی و لێکۆڵینەوەی سەر بە خێزان هاتۆتە ئاراوە. بەدرێژای سی ساڵی ڕابردوو، منداڵان دوور دەخرێنەوە لە دونیای سروشتییەوە بەهۆی پێشکەوتنە تەکنۆلۆژی، ترس (وەکوو، «خەتەری نامۆ»، «کارەساتە سروشتییەکان») و هەروەها پەیامەکانی نێوپۆل مەبەستی بەرزکردنەوەی سەرنجیان دەربارەی داهاتووی دونیا (بۆ نموونە گەرمبو ونی جیهانی). ئەم دیاردەیە بووە هۆی تێرمی «پەشێویی کورتهێنانی-سروشت» nature-deficit disorder.

Richard Louv ی نووسەر لە کتێبی *«دوایین منداڵی دارستانەکە» Last child in the woods* دەنووسێ:

«پەشێویی کورتهێنانی-سروشت نرخی دوورەپەرێزیی مرۆڤ لە سروشت پێشان دەدات، لە نێوانیشیاندا: کەمکردنەوە بەکارهێنانی هەستەوەرەکان، دژواریی سەرنجدان و بەرزبوونەوەی ڕێژەی نەخۆشییە سۆزەکی و جەستەییەکان» (2008, 36). لەوەش بترازێت، گەر منداڵان دەرفەتی پەیدۆزی و لەئامێزگرتنی *دونیای سروشتییان* پێ نەدرێ، ئەی لە داهاتوودا کێ گرینگیی پێ دەدات؟ وە دەیەیەک لەوەوپێش، بەشێکی زۆرمان سەرنجی زۆرمان لەمەڕ نەژادپەرستانەی ethnocentric (بۆچوونی باڵابوونی superior دەستەی خۆ دەکاتە بنەما) سروشتی بەشێکی زۆری جەختکردنەوەکانمان دەربارەی منداڵ و خێزان لە USAدا. ئێمە بە چاویلکەیەکی بەرینترەوە هەموو فێربوونێک ڕاڤە دەکەین، وەک ئەوەی ئێمە جەخت دەکەینە سەر فەرهەنگ، سەردەمگۆڕین، گرینگی سەردەم لە سروشتدا و ڕێبازی و کە دەیەیەک لەوەوپێش نەماندەزانی کە هەن.

لەم گیانەی «دۆزینەوە لە شێوازێکی نوێدا» و لێکدانەوە لە ڕوانگەیەکی بەرینتردا و چەرخاندن بۆ نەوەیەکی نوێی منداڵان، من ئەم وەشانەی دووهەمی *«بیردۆزەکانی زارۆکەتی» Theories of childhood* پێشکەش دەکەم. ئومێدەوارم هەم ئەو ساکارەتی و ڕاستەخۆییەم پاراستبێت کە خوێنەر لای پەسەند بووە هەم دیدێکی نوێم پێشکەش کردبێت دەربارەی بنەما بیردۆزەکییەکانی خۆم لە جیهانێکدا گۆڕانکاریی تێیدا تیژڕەوە.

---

[1] – دەروونناسیی فێرکارانە educational psychology

**پێشەکی بۆ وەشانی یەکەم**

*پێگەیاندنی منداڵی ساغلەم کارێکی ڕژدە. بەپێچەوانەی پەیامی فەرهەنگیی بەرین، زۆربەی پێداویستییەکانی منداڵ، بە پارە ناکڕدرێن. منداڵان پێویستیان بە کات و شوێنە، بە سەرنجدان، میهر، ڕێنوێنی و دواندنە. پێویستیان بە لانەی پارێزراوە تێیدا ئاسوودە بن کاتێک خەریکی فێربوونی پێویستییەکانی زیندوومان survive ـن.*

ماری پیفەر Mary Pipher

لە خەیاڵی هیچ کەسێکدا نەبوو کە کارکردن لەگەڵ منداڵانی ئەمریکا تا بێت سەختتر و سەختتر دەبێت. سەرەڕای هەوڵی گەشبیری (گەشبینیمان) و قسەی قەدیمان «بۆ وەک سەردەمی ئێمە نابن - لە هەموو ڕوویێکەوە کامڵ، ئەمڕۆ کێشەی منداڵان چییە؟» هەموو فێرکارێکی ئەزمووندار experienced educator ئەمە دەزانێ کە سێ دەیە لەوەوپێش، کارەکە ساکارتر بوو. چەندین بیردۆزە هەن لەمەڕ ئەوەی کە بۆ ئەم کارە بۆ چەند بەرگێک درێژە دەکێشێ. لە کۆنفرانسێکی فێرکاران لە زانستگەی هارڤارد Harvard university، Jerome Kagan (1998) ئەوەی یاداشت کرد کە سەرباری کاریگەریی *بۆماوەیی heredity* (ئەو جینانەی لە باوانمانەوە وەرمانگرتوون) و *ژینگە environment* (خەڵک و ئەو جێیانەی دوای لەدایکبوونمان کار لە ئەزموونمان دەکەن)، دەروونناسان زێدەتر و زێدەتر دەرک بەوە دەکەن کە چۆن جڤاک و فەرهەنگ society and culture بە ڕێژەیەکی فرەوان کار لە گەشەکردن و فراژووتنمان دەکەن growth and development.

لە جڤاکی ئەمریکادا ئەو هۆکارانە factors چین کە کار لە گەشەکردن و فراژووتنی منداڵەکانمان دەکەن؟ ئێمە لە یەکێک لە وەڵاتە فراژییە پڕ توندوتیژەکانی جیهاندا دەژین. زۆرێک لە ئەمریکاییەکان هەست بە نائارامی دەکەن گەر شەوان بەتەنیا لە گەڕەکی خۆیاندا بڕۆن. ئەم دۆزە پشتڕاست کراوەتەوە. بەگوێرەی پرۆژەی سزادان، دەزگایەکی قازانجنەویست ئامادەی بەرەوپێشبردنی سیستەمی دادپەروەرین، ڕێژەی تاوان لە USA زیادتر لە وەڵاتانی دیکە تەشەنەی کردووە (Siegel 1998).

کاریگەریی مێدیا و ڕێکلامەکان بەزۆری ئارەزووی منداڵەکانمان نین. لە چل ساڵی ڕابردوو، زیاد لە هەزاران لێکۆڵینەوە لەمەڕ کاریگەریی مێدیا و توندوتیژیی ناو فیلمەکان ئەنجامدراون. لە دەیەیی ڕابردوو، ئەکادیمای چارەی پزیشکی منداڵان **American Academy of Pediatrics**، جڤاتی پزیشکی ئەمریکا **American Medical Association**، ئەکادیمیای چارەسەری دەروونیی منداڵ و لاوان **American Academy of Child and Adolescent Psychiatry** و، پەیمانگای تەندروستی هۆشەکی نیشتیمانی **National Institute of Mental Health** بەجیا بە چەندین لەو لێکۆڵینەوانەدا چوونەتەوە. هەرکام لەو پێداچوونەوانە بە هەمان ئاکام گەیشتوون: توندوتیژیی تەلەڤیزیۆنی بەرەو جیهانی توندوتیژی ڕاستەقینە هەنگاو دەنێ (New Hampshire Pediatric Society Newsletter, n.d.).

لە پەنجا ساڵی ڕابردوو، ژیانی خێزان و جڤاک بە شێوەیەکی زەق گۆڕانی بەسەردا هاتووە. بەشێکی زۆری گەنگەشەی گشتیی دەربارەی گۆڕانکارییەکان سەرنجیان خستۆتە سەر لایەنی نایەتی negative. خەڵکی ئەو

ترسە خویا دەکەن کە خێزانەکان لەژێر مەترسیدا بوون. درووشمی کەمپەینەکان بانگەوازی گەڕانەوە بۆ بەهای خێزانەکان دەکەن. Stephanie Coontz لە کتێبی *«ئەو ڕێگەیەی کە ببراي ببر لێی نەبووین»* *The Way We Never Were* ئاماژە بەوە دەکات کە چارەکردنی بەرۆکگیرییەکانی ئەمڕۆ بۆ ژیانی خێزانداری بەهۆی گەڕانەوە بۆ شێوەی خێزانی *نەریتی* *traditional* شتێکی بێبایەخە (1992). ئاماژە بەوەش دەکات، کە ئەمریکایی داکۆکی دەکەن لەو ساوێرەی (وەهم) دەڵێت خێزانی جێگرتووی بەختەوەر بەپلەی یەکەم لە ئاوەزی ئەوانەدایە کە لە نۆستالژیادا دەژین. خێزانی هەموو سەردەمەکان بە نەداری، گوشار، مردن، نەخۆشی و، هەڵەتێگەیشتنی سۆزەکی نێوان ئەندامەکانی خێزاندا تێپەڕیوون. توندوتیژی بەرانبەر منداڵ، ڕەگەزپەرستی و هەروەها نایەکسانیی سەربە چین و زایەند جێگیرن لە گشت مێژووی نەتەوەکەماندا. نۆستالژیا بۆ «ڕۆژە خۆشە بەسەرچووەکان» باگۆیەک (وەڵام) نییە، بەڵکوو ئاماژەکردن بە گۆڕانکاریی ئەم سەردەمەمان باسێکی ناچارەکییە. بەرۆکگیری ئێمە دۆزینەوەی ڕێگەچارەی داهێنەرانەی شیاوە بەو گۆڕانکارییانە.

شوێنکار و سازمانگەلی جڤاکی فریای ڕەوتی گۆڕانکاریەکانیان نەکەوتوون. بۆ نموونە، چەندین سازمانی جڤاکی بۆ منداڵان بەردەوامن لە ڕێکخستنی بوویەر event ی وەکوو «سەمای باوک/کچ» یان «چادرهەڵدانی باوک/کوڕ» و ئەو ڕاستییە وێڵ دەکەن کە بەشێکی کەمی خێزانە ئەمریکییەکان هاوشێوەی خێزانی ستێریۆتایپی stereotypical – نەریتی –ن، خاوەن دوو دایکوباوکی «دوو–زایەند» مارەبڕ و منداڵ لە یەک خانوودا بژین. بەهەمان شێوە، فێرگە زۆرن نەیانتوانیوە ئافرێنەرانە بۆنەی بەشداربوونی دایکوباوکەکان بگونجێنن لەگەڵ بارودۆخی خێزانی وەها کە هەردوو سەرپەرشت کار بکەن. شکەستهێنان لە خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو گۆڕانە جڤاکییانە، گوشار لە منداڵەکانمان دەکات.

پەنجا ساڵ لەوەوپێش وەها پێشبینی دەکرا کە پڕکردنەوەی کاتی پشوو، لە ساڵانی نەوەدەکاندا بۆ زۆربەی ئەمریکییەکان دەبێتە بەرۆکگیری. ئێستە دەزانین ئەوە ڕاست نییە. مرۆڤی گەورەساڵ لە هەموو کاتێک زیادتر کار دەکات. Harris Poll پێشانی داوە کە لە ساڵی 1973 ەوە، کاتی ئازاد (کاتی پشوو) بە نیزیکی سەدا چل دابەزیوە، «بەهای کەمەر»[2] لە بیستوشەش کاژێر لە هەفتەیەکدا دابەزیوە بۆ خوار هەڤدە کاژێر. لە هەمان کاتدا، تۆژینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە کاژێری کارکردن بۆ هەموو ئەمریکییەکان بەرزبۆتەوە لە ڕووی هەموو پۆلەکانی داهاتەوە (Schor1991). کاتێکی کەمتر لەگەڵ خێزان و برادەرەکانمان بەسەر دەبەین. لە گفتوگۆی 1980 ـکاندا باس لە جۆرایەتیی کات quality time بەرانبەر چەندایەتیی کات quantity time بزرە.

هەنووکە دڵنیام خوێنەر دەپرسێ، «ئەرێ بە هەموو ئەمانەوە دەتوانین لەگەڵ پیاژێ Piaget و ئێریکسۆن Erikson چی بکەین؟ مامۆستایانی بەرنامەکانی زارۆکەتیی بەرایی چەندین کاژێر بە مشتومالدانی ئاریشەکانی منداڵ و خێزان بەسەر دەبەن. بەشێکی زۆری ئەو مامۆستایانەی لەگەڵیان دەدوێم، نائومێد بوونە. پێم دەڵێن: «کێشەکانی ڕەوشت گەلێک زۆرترن لەوەی چارە بکرێن». بەشێکیان سەرکۆنەی دایکوباوک دەکەن. هەندێکیشیان ڕای لەو چەشنە دەردەبڕن: «گەر دایکوباوک نایانەوێ ئاگایان لە منداڵەکانیان بێت، باشە بۆچی منداڵیان خستۆتەوە؟» ئەو بۆچوونە زیادتر زادەی جاڕسیی بەرکەوتی ڕۆژانەیە لەگەڵ منداڵی ژاندار. وەختێک ناتوانین چاکی بکەین، دەمانەوێ کەسێک سەرکۆنە بکەین و دایکوباوکەکان ساناترین ئامانجن. زۆربەی

---

[2] – بەهای کەمەر: median figure، لە ئاماردا مەبەست لە ئەو ژمارەییە کە دەکەوێتە کەمەر (نێوەند)ی ڕزمەیەک ژمارەوە، واتە ژمارەی ئەو بەهایانەی لە ژێر کەمەرەوەن یەکسانە بە ژمارەی بەهاکانی بان ئەو کەمەرە. بڕوانە: https://bradost.net/ferheng/?detail=1&fid=&name=median

دایکوباوکەکانیش لەژێر گوشاردان. خۆیان دەزانن کە کاتی درێژخایەنی کار کاریگەریی خراپ لەسەر ژیانی خێزانەکانیان دادەنێ. وەکوو مامۆستایان، ئەوانیش تێدا ماون نازانن چی بکەن تا باشتری بکەن.

لەم ئاکامەوە ئێریکسۆن، پیاژێ و چەندین بیردۆز[3]-ی دیکە پەیدا بوون. وەختێک پرسیار لە مامۆستایان دەکەم کە لە کۆلێژ چی فێربوون تا یارمەتیدەریان بێت لەوەی هەڵوێستیان چی دەبێت لەگەڵ منداڵانی ژێر گوشار، بەشێکی زۆریان تەنها دەخەنن! بەشێکیشیان لێدوانی لەو جۆرە دەردەبڕن: «ببڕای ببڕ ناتوانم پێڕەوی لەو بیدۆزانە بکەم» یان «ڕەوتی ئەو کتێبە لە نێو پۆلدا بەکار نایەت». مامۆستایان دەڵێن: «هەنووکە، کامەیان ئەو بوو؟» یان «ئەرێ بیردۆزەی هزری cognitive theory هی پیاژێ نەبوو؟» بەڵام کەم جار هەیە مرۆڤ وچانی بگرێت و بکەوێتە بیردانەوە لەوەی چۆن تێگەییشتن لە بیردۆزەی فراژووتنی منداڵ دەبێتە یاریدەر لە کاری ڕۆژانەی نێو پۆل. ئارمانجی ئەم تێکستە چکۆلەیە گەڕانە بەدوای ئەم سوودانەدا.

---

[3] - بیردۆزە = theory، بیردۆز = theorist، بیردۆزاندن = theorizing

**گرێدانی بیردۆزە و کردار**

مارگاریێت مێد Margaret Mead ی مامۆستا و مرۆڤناس لە گۆڤاری *Redbook 1963* بەم جۆرە یاداشتی کردووە: «ئەگەر کەسێک نەتوانێ کێشەیەک وەها بەڕوونی دەرببڕێ تا منداڵێکی هۆشمەندی دوازدە ساڵان تێی بگات، ئەوا پێویستە لە نێو دیوارەکانی زانستگە و ئەزموونگەدا بە گۆشەگیری بمێنێتەوە تاکوو دەگاتە تێگەیشتنێکی باشتر لە بابەتەکەی خۆی». بواری فێرکردنی بەرایی زارۆک پێویستی بە ڕەچاوکردنی ئەو ژیرمەندییەیە. فێرخوازێکی خۆم بەم دواییانە پێی گوتم: «پێویستە واز لەم خولە بهێنم». «ئەمن فێرخوازێکی پڕکاتم، دایکی تەنیا باڵی منداڵێکی سێ ساڵانم و لە پشووی کۆتای هەفتەدا لە پیتزا هەت Pizza Hut کار دەکەم. کاتی تەواوم نییە یان چێکڵدانەم کەمە تا بزانم ئەوە مانای چییە!» تێکستبووکی فراژووتنی منداڵەکەی خۆی لە مست نا و لەسەر مێزەکەمی دانا و لە پاژی پێشەکییەکە ئاماژەی بە گرینگترین باسی دۆزەکە کرد. نووسراوە: «پێشکەوتنی تۆژینەوە سەر دەنێت بە فرەوانبوونی جوودایی لە چارەسەری سەلمێنە evidence و زیادبوونی نارِوونی لە لێکدانەوەی دەرئەنجامێکی دیاریکراو. لەگەڵ گەشەی تۆژینەوە لە کێشەیەکی دیاریکراو، گۆشەنیگاکانیش زیاد دەکەن».

لێکدانەوەی ئەزبەرکراوی خۆم بۆ باس کرد. «واتا لێکۆڵینەوە دەربارەی منداڵان بەڕاستی پێچیدەیە. چەندی زیادتر فێر بین، زیادترمان دەمێنێت تا دەربارەی تاکە بابەتێک تێبگەین».

فێرخوازەکە جاڕس دیاربوو. پرسی: «باشە، ئەی بۆ ناتوانن ڕێک وەهای بڵێن؟» ئەمجا، بە دەنگێکی هێمن و غەمگینیەوە گوتی: «وەختێک وشەیەکم بەرچاو دەکەوێ کە ببڕای ببڕ نەمبیستووە، بێئومێد دەبم و پێم وایە گەمژەم گەر بچمە کۆلێژ. بەڕێوبەری سەنتەرەکەم پێی گوتم وەختێک سەروکارت لە تەک منداڵاندایە ئەو بیردۆزانە نابنە یارمەتیدەر».

وەک مامۆستایەکی فراژووتنی منداڵ، هەردەم نیگەران دەبم کاتێک فێرخوازان چیرۆکی لەو چەشنە بەش دەکەن، دەمدەمیش ڕوو دەدات. بازدان بەسەر تێکستێکی سەختدا بۆ ناساندنێکی کرچوکاڵی بابەت بە خامۆشکردنی لایەنی بیردۆزەکی، هەڵەیەکی گەورەیە. زانینی بنەمای بیردۆزەکی بۆ فێرکردنی بەرایی زارۆک گرینگە بۆ فەراهەمکردنی سەرپەرشتی و فێرکردنی خاوەن جۆرایەتیی باڵا.

هەموو کەسێک لەگەڵم کۆک نییە. چەند ساڵێک لەوەوپێش لەم کۆمارەی خۆم ڕاپرسییەک لە نێو بەڕێوبەرانی چاودێریی منداڵان ئەنجام درا بۆ مەبەستی ڕێنوێنی وەبەرهێنان لە بواری ڕاهێناندا. چەندین بەڕێوبەر ئاماژەیان بەوە کرد کە بەلایانەوە گرینگ نەبوو گەر مامۆستایان بزانن ڤیگۆتسکی یان ئێریکسۆن کێ بوون، گرینگ لایان ئەوە بوو مامۆستا بزانن دەبێت چی بکەن کاتێک منداڵان تێک هەڵدەدەن یان گەز لەیەکدی دەگرن. ئەو خاڵەی کە بەڕێوبەرەکان لە بیریان کردووە ئەوەیە ئەو مامۆستایانەی کە دەزانن دەبێت چی بکەن کاتێک منداڵان تێک هەڵدەدەن یان گەز لەیەکدی دەگرن، ئەو مامۆستایانەن کە لە فراژووتنی منداڵان تێدەگەن. زۆربەی ئەو بەڕێوبەرانە لە چاوپێکەوتنەکانیاندا وەها دەدوان: «کاتێک فێرخوازی کۆلێژ (فەریکەمامۆستا) وەردەگرم، تەژییە بە بیردۆزە؛ لێ لەنێو پۆلدا نازانێت چی بکات، پێم خۆشە کەسێک لە دەرەوەی کۆلێژ بێنم بەڵام بەڕاستی پێی خۆش بێت کار لەگەڵ منداڵان بکات». ئێمە مامۆستامان پێویستە هەم دروست چێژ لە کار ببینن لەگەڵ منداڵ و هەم دروست سەرەدەری بکەن لە بواری گەشەکردن و فێربوونیان. لەوە دەچێت ئێمە سەرکەوتوو نەبووبین لە خستنە ڕووی فراژووتنی منداڵ وەک ئامرازێکی بەکەڵک بۆ کارکردنی کاریگەرتر لەگەڵ منداڵانی بچووکدا. لەوە دەچێت پێویستمان بە پێڕەوکردنی ڕێبازێکی جودا بێت بۆ ناساندن و پیادەکردنی بیردۆزە بۆ فەریکەمامۆستا و فێرخواز.

ڕاسته بەشێکی زۆرمان زەردەمان دیتێ کاتێک دەڵێین: «باشە، لە بیردۆزەدا...»، چونکە هەموومان دەزانین بۆشایی هەیە لە نێوان هەر بیردۆزەیەک و شێوازی چەرخاندنی ئەو بیردۆزەیە لە ژیانی ڕاستینەدا. بەڵام ئەو بۆشاییانە پاژێکن لە گەشەکردنی تێگەیشتنمان لە ئاڵۆزیی گەشەکردن و فراژووتن. ئەوانە شتێکی حەتمین. بۆ ڕاهێنەران ئەمە هۆکارێکی دروست نییە بۆ وەلانانی بیردۆزە گۆیا «دەست نادات» بۆ کاری ڕۆژانە لەگەڵ منداڵدا.

Jargon تێکشیلین[4] (ژارگۆن) لە لای فێرخوازان بۆ تێگەیشتن لە بیرۆکەکانی پیاژێ Piaget یان ئێریکسۆن Erikson بە کەڵک نایەت. ئەزبەرکردنی ناوەکان و قۆناخەکان لە دەرەوەی بەستێن پردی نێوان فراژووتنی منداڵ و منداڵان چێ ناکات کە پێویستمانە. ئەز دەزانم پۆل زۆرن ئەم ڕێبازی خوێندنە بۆ پێشکەشکردنی بیردۆزە دەگرنە بەر، چونکە وەختێک پرسیار لە مامۆستایان دەکەم چییان دەربارەی بیردۆزەکانی فراژووتنی منداڵ لە پۆلەکانی کۆلێژەوە بیردێتەوە، زۆرێکیان وا وەڵام دەدەنەوە: «تەنها کەمێک!» ئەوانی دیکە پێم دەڵێن ببڕای ببڕ هیچیان بیرنایەتەوە داخۆ ئێریکسۆن ئەوە بوو کە باسی لە هەستەکان دەکرد و پیاژێش دەرباری بیرکردنەوە یان بە پێچەوانەوە. دەتوانم وێنای وردی ئەو فێرخوازانە بکەم «پیاژێ، دەروونناسی سویسرایی، بیردۆزەی فراژووتنی هزری» وەک ئەوەی کەسێک ناوی پایتەختی وەڵاتان و گەورە ڕووباران ئەزبەر بکات. گەر ناساندنی بیردۆزە بەم جۆرە بێت هیچ جێی سەرسوڕمان نییە زۆرێک لە بەڕێوبەران بڵێن: «تەنیا کەسێکم بۆ بنێرە تێگەیشتنێکی باشی لەمەڕ منداڵان هەبێت!».

ڕاستە بەڕێوبەران خەریکی ململانێن لەگەڵ کەمیی ستاف و کەماسی لە مامۆستایانی ئامادەکراو، بەڵام هەرچۆنێک بێت، بۆ ئەوان گرینگترە مامۆستایان ئاگادارییە بنچینەییەکانی فراژووتن بزانن، وەکوو ئەوەی هەردەم ساواکان، لە کاتی شیرپێداندا پێویستیان بە لە باوەشگرتنە. لەوەیە مامۆستایان پێویستیان بەوە نەبێ بزانن کە ئێرک ئێریکسۆن Erik Erikson لە ئەڵمانیا لەدایکبووە و بیردۆزەی دەروون-جڤاکیی فراژووتن Psychosocial Theory of Development ـی هێناوەتە کایەوە، بەڵام کارەکەیان باشتر دەکەن گەر بزانن لە باوەشگرتنی ساوا لە کاتێک شیریان پێدەدرێ، یارمەتیدەری منداڵان دەبێت بۆ فراژووتنی متمانە بە گەورەساڵان. بیردۆزە بۆ مامۆستای فراژی پێویستە ڕاستینە بێت. پێویستە لە کردەدا ئاروین[5] کرابێت (تاقی کرابێتەوە) و لەگەڵ تاکی منداڵ و لەگەڵ پۆلدا گونجێندرا بێت. ئەم پێڤاژۆ process بەردەوامە بریتییە لە چێکردنی پردی نێوان بیردۆزە و کردەدا. وەختێک بەڕێوبەران و مامۆستایان پەی بەوە دەبەن چۆن تێگەیشتن لە بیردۆزەی فراژووتنی منداڵ ڕۆژەکانیان لە تەک منداڵان ئاسانتر دەکات، کارەکانیان ساکارتر و بەرنامەکانیان بەهێزتر دەکات، ئەوجا ئەم زانیارەیان لا بەهادار دەبێت.

---

[4] – Jargon: تێکشیلین – وشە و دەستەواژەگەلێ کە لە پیشەیەکی دیاریکراودا یان لە لایەن دەستەیەکی خەڵکی بەکاردێ، کە بۆ خەڵکانی دیکە سەختە لێی تێبگەن، بەزۆری لە لایەنی ڕەدکردنەوەوە بەکاردێت.

[5] – ئاروینکردن: Examining، تاقیکردنەوە

**دەربارەی ئەم کتێبە**

*بیردۆزەکانی زارۆکەتی Theories of Childhood* نامیلکەیەکی ڕاهێنەر و تێکستبووکێکی کۆلێژە. بۆ ئەو کەسانە دانراوە کە سەروکاریان لەگەڵ منداڵانی بچووکدا هەیە و دەیانەوێ باشتر تێبگەن کە چۆن منداڵان بیر دەکەنەوە و ڕفتار دەکەن و چۆن زیادتر لەتەکیان کاریگەر بن. سەرەتا گفتوگۆیەکی کارلێکانەیە دەربارەی بیردۆزە و کردەوە کە پێویستە بۆ ماناداربوونیان. لێرەدا ئاگاداری دەربارەی ڕامان لە بەرهەمی ئەو پێنج بەرهەمبەخشەی زانیار کە بوونەتە بناخەی کار لە بواری فێرکردنی بەرایی زارۆکان، دێتە بەرباس. ئەمە ناساندنێکی بنەڕەتییە نەک تۆژینەوە و تێکستی ئەکادێمی. هیوام زیادکردنی خولیای ئەوانەیە ئارەزوویان لە ناسینی هەڤبەندیی بیردۆزە و کردە هەیە و لە کاریگەریی ئەو هەڤبەندییە لەسەر منداڵان، مامۆستایان و نێوپۆلی ڕاستینە. لەبەر ئەو هۆکارە، هەر پاژێک بە پرسیاری گوتوبێژ و پێشنیازی خوێندنەوەی دیکە کۆتا دێت.

ئەو چیرۆکانەی لێرە دانراون لە ژیانی نێوپۆلەکانن کە من کارم لێ کردوون یان لە ئەوانی ترم نۆڕیون. هەر پاژێک، پاشخانی ئاگاداری لەمەڕ ژیانی بیردۆز و کارەکانیان بۆ خوێنەر فەراهەم دەکات. چیرۆکەکانی نێوپۆل بۆ ڕوونکردنەوەی خاڵی نووسینە ڕەسەنەکان بەکار هاتوون. ئەمە ناساندنێکی هەمەلایەنەی ئەو بوارە یان ئەو بیردۆزگەلەی لەخۆ نەگرتووە. هیوادارم ئەو پێشەکییە کورتەی بنەماکانی بیردۆزەکی زارۆکەتیی بەرایی، بنەمای تێگەیشتن لەوەی کە چۆن فراژووتنی منداڵ کار لە کارکردنمان لەگەڵ منداڵان لە بەرنامەکانی زارۆکەتیی بەرایی بە خوێنەران بدات و هانیان بدات بۆ خوێندنەوەی قووڵتری زیادتر.

## پاژی یەکەم: جۆن دیوی John Dewey

دۆزی بناخەیی بریتی نییە لە ڕاگرتنی فێرکاریی نوێ بەرانبەر کۆن، یان فێرکاریی پێشڕەوت دژی نەریتی، بەڵکوو پرسیارە لەوەی چی دەبێت هەبێت بۆ ئەوەی شایەنی ناوی فێرکاری بێت.

جۆن دیوی

### ژیننامە

جۆن دیوی (John Dewey) فێرکارێکی ئەمریکییە کە زۆرترین کاریگەری لە بیرکردنەوەمانی لەمەڕ فێرکردنی USA داناوە. لە ساڵی 1859 لە Burlington, Vermont لەدایکبووە. بنەماڵەی دیوی بۆ سێ نەوە لە Vermont کشتوکاڵیان کردووە. لە زانستگەی ڤێرمۆنت University of Vermont فەلسەفەی خوێندووە. لە 1884 پلەی PhD لە زانستگەی جۆنز هۆپکینز University Johns Hopkins وەرگرتووە، کە بووە هۆی ئەوەی لە زاستگەی میشگان University of Michigan وانە بڵێتەوە. کاتێک لەوێ وەکوو پرۆفیسۆری فەلسەفە خزمەتی دەکرد، لەگەڵ یەکێک لە فێرخوازەکانی بووە دۆست، ئەویش Alice Chipman بوو. لە 1886 دا خێزانیان پێکهێنا و بە زۆری کاریگەریی ژنەکەی بوو کە دیوی بۆ لێکۆڵینەوەی فێرکردن پەلکێش کرد. Chipman ئارەزووی لە هەڤبەندیی کێشەی جڤاکی و فێرکارییەوە هەبوو. ئەم خولیایەی Chipman کاری لە دیوی کرد و هەر زوو خۆی و دیوی بەیەکەوە کەوتنە کار بۆ دیاریکردنی باشترین شێواز بۆ پاڵپشتیی فێرکردنی منداڵان لە ئەمریکا.

لە 1894 چوونە زانستگەی شیکاگۆ University of Chicago و لەوێ دیوی پێگەی وانەگوتنەوەی فەلسەفەی وەرگرت. ئەو پێگەیەی بە پەسند زانی چونکە ئەوە ئارمانجی ئەو بوو کە وانەگوتنەوەی فەلسەفە لەگەڵ هەردووک دەروونناسی و بیردۆزەی فێرکاریدا ئاوێتە بکات. لە ماوەی دوو ساڵدا بەناوبانگترین تاقیگەی فێرگەی دامەزراند کە سەرنجی هەموو دونیای بۆ لای خۆی ڕاکێشا. تاقیگەی فێرگە Laboratory school ی دیوی زانستگەی شیکاگۆ University of Chicago ی وەک ناوەندێک بۆ بیرکردنەوە لە فێرکاریی پێشڕەوت *progressive education* دامەزراند، بزووتنەوەیەک بەرەو دیموکراسیی زیادتر و فێرکارییەکی زارۆکبین (منداڵ-ناوەند). فێرکاریی پێشڕەوت کاردانەوەیەک بوو بەرانبەر سەختی و زێدە شێوەپەرەوەریی فێرکاریی نەریتی Traditional education ی سەدەی نۆزدەیەم. لە لایەن زۆرانێک وەک ژێرمەندی لێی ڕواندراوە و لە لای کەسانی دیکە بە زۆر ڕادیکال ڕەخنەی لێگیراوە. خەریکبوونی دیوی بە تاقیگەی فێرگەکە تاڕادەیەک کورتخایەن بوو بەڵام لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا، گەنجینەیەکی بەنرخی لە تۆژینەوە و بیردۆزی فێرکاری ئافراند، کە هەتا ئەم سەردەمەش بەردەوامە لە دنەدانی باشترین کردەوەکانمان.

ساڵی 1904، بە هۆی ناکۆکی لەگەڵ هەڵسوڕێنەران لەمەڕ بودجەی فێرکردن، دیوی دەستی لە پێگەکەی زانستگەی شیکاگۆ University of Chicago کێشایەوە. پلەیەکی لە زانستگەی کۆلۆمبیا University of Columbia لە شاری New York وەرگرت و بەردەوام بوو لە وانەگوتنەوە و نووسین بۆ چوار دەیەیی دیکە. دیوی Dewey چەندین بەرگی هێناوەتە بەرهەم کە بوونەتە بناخەی زانیارمان لە بیردۆزە و دەروونناسیی فێرکاری. زۆر لە بەرهەمەکانی دیوی، هەر چۆن لەبار بوون نیو سەدە لەوەوپێش، ئێستەش هەر لەبارن بۆ دژوارییەکانی فێرکاریی ئەمڕۆی USA. نووسینەکانی ڕووبەرێکی بەرینی بابەت دەگرێتەوە کە هەڤبەندی وانەگوتنەوە teaching ن. دیوی

بەردەوام بوو لە نووسین و پێداچوونەوەی بە دەستنووسەکانی خۆیدا هەتا مردنی لە 1952، لە تەمەنی نەوەدوسێساڵیدا.

لە 1899 دیوی گوتارێکی پێشکەش بە دایکوباوکی منداڵانی فێرگەکەی کرد. دایکوباوکەکان دڕدۆنگی گۆڕانی سەردەمەکان بوون. لەسەر لێواری سەردەمی پیشەسازییدا، ئەو دایکوباوکانە سەد ساڵ لەمەوبەر هێندەیان تەمەن هەبوو تا «سەردەمی کشتوکاڵ»ـیان لە USA بەبیر بێت. ئەوەیان بیرهاتەوە کە چۆن منداڵەکان لە ماڵەوە تەنها بە سەیرکردنی دایکوباوک کە خەریکی کاری واتادار‌بوون، ئەمان فێر بىن. ئەوان پێیان وابوو نەوەی نوێ کەسایەتی و بەهایان نییە. دیوی لەگەڵ دایکوباوکەکان کۆک بوو کە ماڵەوە چیتر منداڵان بەو شێوەیەی هەبوو فێر ناکەن، بەڵام ئامۆژگارییەکی بەسوودی پێدان. «ڕاستە ئێمە ناتوانین چاوپۆشی بکەین لە تێبینیکردنی فاکتۆرەکانی جڵەوگیری و بنیاتنانی کەسایەتی... بەڵام گازندە لە نەمانی ئەو سەردەمە خۆشەی کە منداڵ تێیدا شەرمن، ڕێزگر و گوێڕایەڵ بوون و ئەوجا چاوەنۆڕی گەڕانەوەی ئەو سەردەمە بین، کارێکی بێمانایە». (Dewey 1899, 19, 21).

ئەوەی دیوی Dewey هەوڵی دەدات بە تێگەیاندنی دەستەی دایکوباوکەکان بریتی بوو لەوەی کە گۆڕانکاری، کێشەی نوێ دێنێتە ئاراوە بەڵام هەروەها دەرفەتی نوێ. هانی دایک و بابەکانی دا بە بیرکردنەوە لە شێوازێکی هەنووکە بتوانن یارمەتیی منداڵەکانیان بدەن فێری بەرپرسایەتی جڤاکی بن، بەبێ ئەوەی لە ڕابوردوودا گیر بخۆن.

مامۆستایانی کۆتای سەدەی پاش ئەو دەمەش بە هەمان دۆزەوە دەناڵێنن. لە *تاقیگەی فێرگەکەی دیوی، وانە بۆ ئەمڕۆ Dewey's Laboratory School: Lessons for Today*، لاورێل تانەر Laurel Tanner (1997) ئاماژە بەوە دەکات کە سەدەیەک لەمەوپێش دیوی ئەو پرسیارانەی کردووە کە ئێمە تا هەنووکەش لە سەدەی بیست و یەکدا وێڵی وەڵامەکانیانین: چۆن منداڵان بە باشی بە کرۆکی بابەتەوە (زانیاریی هەنووکە و فێربوون درابن subject matter) دەبەستینەوە؟ ئایە پێویستە پۆلی دەستەی تەمەنی جودامان هەبێ(multiage classrooms)؟ چۆن دەتوانین پلانێکی فێرکاری باش دابڕێژین؟ چۆن چاودێران دەتوانن پاڵپشتی مامۆستایانی نێوپۆل بن؟ دەبێت چۆن توانستەکانی[6] بیرکردنەوە بگوترێنەوە؟ وەڵامی باڵکێش بۆ ئەو پرسیار و پرسیارە هاوشێوەکانی دەربارەی وانەگوتنەوە دەکرێت لە چەندین بەرگی دیویدا بدۆزرێنەوە. کاری دیوی لە نووسینی چەندین بیردۆزانی هاوچەرخی فێرکاریدا دەنگی داوەتەوە. ئەمڕۆ ئێمە دەدوێین لەمەڕ ڕێکخستن بۆ فێربوون، پلانی فێرکاری مەبەستدار، بیچم گرتنی ئەزموونەکان لە ژینگەی باش-گەڵاڵەڕێژکراو و، بارودۆخەکانی چەندین بیردۆزانە و کردەکی وانەگوتنەوەدا، ئێمە گفتوگۆی ئەو دۆزانە دەکەین کە دیوی خوازیاری بووە و دەربارەی نووسیویەتی و دواوە.

دیوی ڕۆڵێکی ناوەندی گێڕاوە لە فراژووتن - و زۆرترین پەیوەستەگی هەبووە بە - بزووتنەوەی فێرکاریی پێشڕەوت لە USA. لە ئەورووپا، ماریا مۆنتیسۆری Maria Montessori و ژان پیاژێ Jean Piaget هەمان پەیامیان بڵاو دەکردەوە. ئەو بیردۆزانە هەموویان کۆک بوون لەوەی کە منداڵان بە ئەنجامدان فێر دەبن و ئەو فێرکردنە دەبێت کەرەستەی ژیانی هەقیقی و ئەزموونەکان لەخۆ بگرێ و دەبێت هانی ئەزموونگەری و

[6] - توانست: skill

بیرکردنەوەی سەربەخۆ بدات. ئەم بیرۆکانەی، ئەمڕۆ تەواو گشتین، لە سەردەمی دیوی-دا بە شۆڕشگێڕانە دادەنران.

**بیردۆزەکانی دیوی**

John Dewey هێندە بەرگی لەمەڕ فەلسەفە و کردەی فێرکاری نووسیوە کە تێکستێکی ناساندن نەتوانێت بەرهەمەکانی وی لەم بوارەدا سەروبن[7] بکات. وەک فێرکارێکی پێشڕەوت، لەگەڵ لێڤ ڤیگۆتسکی Lev Vygotsky، مۆنتیسۆری Montessori و، پیاژێ Piaget بیرۆکەی ناوەندی بزووتنەوەکەی بەش کردووە: فێرکردن دەبێت زارۆکبین بێ؛ فێرکردن دەبێت کارا و کارلێک بێت و هەم دونیای جڤاکیی منداڵ و هەم دەوروبەر لەخۆ بگرێ. لە 1897 Dewey فەلسەفەی فێرکاری Philosophy of Education لە دۆکیومێنتێکدا بڵاوکردەوە بە ناوی *My Pedagogic Creed*، ئەمەی تێدا دەربارەی فێرکردن یاداشتکردووە:

**«فێرکردنی ڕاستەقینە لە دنەدانی هێزەکانی منداڵەکەوە سەرچاوە دەگرێ لەڕێی داخوازییەکانی ئەو دۆخە جڤاکییانەی منداڵەکە خۆی تێیاندا دەدۆزێتەوە» (5).** دیوی پێی وابوو منداڵان چاکتر فێر دەبن وەختێک کارلێکیان هەیە لەتەک خەڵکانی دیکە، کارکردن شان بە شانی یەکدی و هەماهەنگیکردن لەگەڵ کەسانی هاوتەمەن و گەورەساڵدا.

**«ڕەمەک instinct و هێزەکانی منداڵ خۆی، کەرەستە و خاڵی دەراوی (دەستپێکی) هەموو فێرکردنێک فەراهەم دەکەن» (6).** بەگوێرەی دیوی، خولیاکانی منداڵان دەبنە داڕێژەری بناخە بۆ پلانی فێرکاری. ئەو پێی وابووە مامۆستا لە داڕشتنی بەرنامەیەک بۆ «ئەزموونی فێرکاری»[8] learning experience دەبێت خولیا و پاشخانی هەر منداڵ و هەر دەستەیەک ڕەچاو بگرێت.

**«پێم وایە فێرکردن پێڤاژۆی ژینە نەک ساز و تەیارکردن بۆ ژیانی داهاتوو» (8).** دیوی Dewey پێی وابووە کە فێرکردن پاژێکی ژیانە. پێی وابووە چەندی مرۆڤ لە ژیاندا بن، فێر دەبن و فێرکردن دەبێت نیشانی بدا ئەو کەسە لەو کاتەدا چی پێویستە، نەک ساز و تەیارکردنیان بۆ داهاتوو. Dewey باوەڕی وابووە پلانی فێرکاری curriculum دەبێت لە ماڵی ڕاستینەوە، لە کار و لە دۆخەکانی دیکەی ژیانەوە گەشە بکات و فرەوانتر بێت.

---

[7] – سەروبن، سەروبنکردن لێرەدا بە واتای cover دێت. بڕوانە: جەلیزادە، «زاراوەسازیی پێوانە» www.mamosta.net

[8] – ئەزموونی فێربوون: learning experience، چەمکی دیوی-یە بۆ چالاکییەک کە پێنج خەسڵەتی هەبێت:

1- خولیای منداڵ دەکاتە بنەما و لە نێو زانیار و ئەزموونی ئێستایاندا گەشە دەکات؛
2- یاریدەرە بۆ فراژووتنی منداڵ؛
3- یارمەتیی منداڵ دەدات توانستی نوێ پەیدا بکەن؛
4- تێگەیشتنی منداڵ لە دونیای خۆیان فرەوانتر دەکات و؛
5- منداڵان تەیار دەکات بۆ ژینێکی تەسەلتر.

**«ژیانی فێرگە دەبێت وردەوردە لە ژیانی ماڵەوە گەشە بکات بەرەو فرەوانتر. ئەوە کاری فێرگەیە خەریکی قووڵترکردن و فرەواندنی ئەو دەرکەی بەهایە بێت لای منداڵ کە لە ژیانی ماڵەوەیدا دەورەی داوە» (9).** دیوی باوەڕی وابوو مامۆستایان دەبێت هەستیار بن بۆ بەها و پێویستی خێزان. بەها و فەرهەنگی خێزان و جڤاک دەبێت لە گوزەرانی فێرگەدا دەرفەتی ڕەنگدانەوە و قووڵبوونەوەیان هەبێت.

**«لە کۆتادا، پێم وایە مامۆستا سەرگەرمی تەنها فێرکردنی تاک نییە، بەڵکوو خەریکی سازدانی ژیانێکی شیاوی جڤاکییە» (17).** دیوی Dewey پێی وا بووە مامۆستایان تەنها کرۆکی بابەت فێر ناکەن بەڵکوو ئەوەشمان فێر دەکەن چۆن لە جڤاکدا بژین. باوەڕی وابووە مامۆستا جگە لە فێرکردنی تاکی منداڵ، جڤاکیش شێوەڕێژ دەکەن.

دوایین پاژی بیروباوەڕی پێداگۆگیی دیوی دەبێتە تەختەباز springboard بۆ هەندێک لە بیرۆکە وروژێنەرەکانی خۆی. پێی وابووە مامۆستا دەبێت متمانەی بە توانایی[9] و توانستەکانی خۆی هەبێت. پێی وابووە مامۆستا دەبێت باوەڕ بە زانیار و ئەزموون خۆی هەبێ و بەکاریان بهێنێت بۆ چالاکیی لەبار بۆ دنەدانی پەیجۆری و خولیای فێربوون لای ئەو منداڵانەی کاریان لەگەڵ دەکات.

## ڕۆڵی مامۆستا

لە «*ئەزموون و فێرکاری*» *Experience and Education* (1938)، دیوی دەنووسێ مامۆستا وەختێک پلانی «ئەزموونی فێرکار» دادەڕێژن بۆ منداڵان دەبێت خۆباوەڕییان[10] بەرز بێت. ئەوەش یاداشت دەکات کە مامۆستایان زۆر دەترسێن لەوەی ڕێنوێنی ببێتە مایەی سنووردارکردنی ئازادی و بەهرەداریی فێرخواز. دیوی پێی وابوو منداڵ پێویستیان بە یارمەتیی مامۆستا هەیە بۆ دەرککردنی دونیای خۆیان.

دەبێت ئەم یاریدەیە چۆن بێت؟ دیوی پێی وابوو گرینگە مامۆستا چاودێری منداڵەکان بکەن و لەو چاودێرییەوە بڕیار بدەن منداڵ کام جۆری ئەزموونیان گەرەکە و بۆی ئامادەن. دیوی پێی وابوو فێرکار بەرپرسایەتیی گرینگی هەیە لە بەرهەمهێنانی پلان و ڕێکخستنی چالاکییەکانی فێربوونی منداڵان. واتە ئەو پێی وابووە ئەوە ئەرکی مامۆستایە زانیار دەربارەی منداڵ و تواناییەکانی منداڵ بکاتە سەرچاوە بۆ داڕشتنی پلانی فێرکاری. وای هەست کردووە کە پێشنیاز و ڕێنوێنی لە مامۆستای پەرۆشەوە، کە لە منداڵ زیادتر دونیادیدەن و زانیاری گشتییان لەوان زیادترە، بەسوودتر دەبێت لەو بیرۆکانەی منداڵ خۆیان بە هەڵکەوت پێیان دەگەن.

وەختێک فێرکاریی پێشڕەوت ڕەخنەی لێدەگیرا بەوەی ئازادیی ڕادەبەدەری بێ ڕێنوێنی گونجاو دەداتە منداڵ، دیوی لەگەڵ ئەو ڕەخنەیەدا کۆک بوو. «ئەوە بناخەی ڕەخنەی ماقووڵە، هەرچۆنێک بێت، وەختێک بزووتنەوەی

---

[9] – توانایی: ability

[10] – خۆباوەڕی: confidence، باوەڕبەخۆبوون

فێرکاریی پێشڕەوت شکەست دێنێ گەر نەزانێت کێشەی هەڵبژاردن و سازاندنی کرۆکی بابەت باسێکی بنەڕەتییە بۆ خوێندن و فێربوون” (Dewey 1938, 78). Dewey دەیگوت منداڵ پێویستی بە مامۆستایە تا بڕیار بدەن چی سەلامەتە و هەروەها چی لە ڕووی فراژووتن و هەروەها تاکەکەسییەوە بۆیان لواوە.

Dewey نیگەران بوو لەوەی مامۆستا هەبوون لەو سەردەمەدا، تەنیا لەبەر ئەوەی خۆیان لە ڕێبازی نەریتی لادا بوو، خۆیان بە پەیڕەوی فێرکاریی پێشڕەوت دادەنا. دیوی پەی بردبوو بە خەتەری گواستنەوەی ئاڕاستە گەر مرۆڤ بەڕوونی تێنەگەیشتبێت لەو ئاڕاستە نوێیەی بەنیازە پێڕەوی بکات. هەروەها پێشی وابوو ئەمە نەخشێکی گشتیی نێو فێرکارانە. پێی وابوو مامۆستا هەن کێشراونەتە ناو فێرکاریی پێشڕەوت چونکە پێیان وابووە کە ساکارترە. دەیزانی مامۆستا هەن ئەو بیرۆکە نوێیانەیان بەکار هێناوە وەک پاساوێک بۆ ڕێگەدان بە منداڵ، دوور لە پلانرێژی و ئاڕاستەڕێژی مامۆستا، خۆکارانە و خۆویستانە کاری خۆیان هەڵبژێرن.

دیوی پێی وابووە ڕێگەی ڕووەو فێرکردنی جۆرەکی quality education بریتییە لە باش ناسینی منداڵان، لە بنیاتنانی ئەزموونەکانیان پشتئەستوور بە فێربوونی ڕابردوو، لە ڕێکخستن و هەروەها پلانڕێژی باش. هەروەها پێی وابووە داواکانی ئەم ڕێبازە نوێیە لە نۆڕین، دۆکیومێنتبەندی documenting و پاراستنی تۆماری بوویەری نێوپۆلەکان زۆر گرینگترن لەوەی وەختێک ڕێبازە نەریتییەکان کارا بوون. ئەمڕۆ ئەو باوەڕانە و چەندانی دیکە لە بەرهەمەکانی دیوی بوونەتە بنەما بۆ «کردەی لەباری فراژووتن»[11] developmentally appropriate practice (DAP) و مۆدێل بۆ پلانی فێرکاری بەرایی زارۆکان وەک بنەمارێژ و هەڵبەست.

دیوی Dewey پێی وابووە مامۆستا، بۆ ئەوەی ئەزموونی فێرکارانە[12] بۆ منداڵان فەراهەم بکات، پێویستە:

- بناخەیەکی پتەوی هەبێت هەم لە زانیاری گشتی و هەم لە زانیار دەربارەی تاکی منداڵ
- ئامادە بن زانیار و ئەزموونە بەرینەکانی خۆیان بکەنە بنەما بۆ دەرککردنی دونیای منداڵ
- وەبەرهێنان لە نۆڕین، پلاندانان، ڕێکخستن و بەڵگەبەندیدا بکەن

دەیسا چۆن دەکرێت بیردۆزەی دیوی دەربارەی ڕۆڵی مامۆستا لە فێرکردندا ببێتە ڕێنوێنی مامۆستایان لە بەرنامە بەراییەکانی زارۆکدا؟ مامۆستایان دەبێت لە نێزیکەوە چاودێری منداڵان بن، خولیا و ئەزموونەکانی منداڵان بکەنە سەرشار بۆ داڕشتنی پلانی فێرکاری. مامۆستایانیش نابێت دڕدۆنگ بن لە بەکارهێنانی زانیارییەکانیان لەمەڕ منداڵان و بۆ مانابەخشین بە دونیای منداڵان.

## گەڵاڵەکردنی پلانێکی فێرکاریی مەبەستدار

وەختی سەردانکردنی دەستەیەک لە منداڵانی چوار ساڵ، تێبینی ئەوەم کرد کە منداڵێک هەموو کاتی گەمەی-ئازادی خۆی بە گاگۆڵکی بەدەوری هۆدەکەدا بەسەر برد. منداڵەکە «میاو»ی لە هەر کەسێک دەکرد بەلایدا

[11] - کردەی لەباری فراژووتن: developmentally appropriate practice (DAP)

[12] - ئەزموونی فێرکارانە: educational experience

تێبپەڕبا. لەتەک منداڵەکانی دیکە گەمەی نەدەکرد. داوای کارلێکی مامۆستای نەدەکرد. بە سادەیی بەدەوری هۆدەکەدا دەخولایەوە و دەیمیاواند.

دەربارەی ئەو منداڵە پرسیارم لە مامۆستاکەی کرد. مامۆستا گوتی: «ئەو منداڵە دەیەوێت خۆی بە پشیلە بزانێت».

پرسیم: بۆچی ئەوە؟

مامۆستاکە گوتی: دڵنیا نیم.

پرسیم: ئایە لەماڵەوە پشیلەی هەیە؟

مامۆستاکە دیسان گوتی: دڵنیا نیم.

تەنگم پێ هەڵچنی: قەت بۆت گرینگ بووە بزانیت چی وای لێدەکات وەها بکات؟

مامۆستاکە گوتی: «بەڕاستی چێژی لێ وەردەگرێ... و ئەمەش بۆ من بەسە»، بە خەندەیەکی خۆمتمانەوە لێی زیاد کرد: «فێربوون دەبێت خۆشیهێن بێ!».

ئەمە ئەوە نییە دیوی بە «خۆباوەڕیی مامۆستا» ناودێر دەکات، ئەو دەڵێت خۆباوەڕی دەبێت لەو زانیارە سەرچاوە بگرێ کە مامۆستا لە هەلومەرجەکانی نێوپۆلدا دەیچەرخێنێت. زانیارەکانی مامۆستا ئەم خاڵانە لە ئامێز دەگرێ:

- ناسینی منداڵەکە (ئایە لە ماڵێ پشیلەی هەیە؟)
- کەساندنی[13] پلانی فێرکاری (ئایە مەبەستیەتی خەمی تۆپینی ئاژەڵێکی ماڵەوە چارەسەر بکات؟)
- تێگەیشتن لە سروشتی جڤاکیی فێربوون (چۆن مامۆستا یان کەسانی هاوتەمەن دەتوانن ببنە یاریدەر و هاوخەم؟)
- تەیارکردن بۆ ژیان (مەبەست لەم ڕەوشتە چییە؟ لەوەوە فێری چی دەبێت کە دەتوانێت بەدەم گوزەرانی ژیانەوە بەکاری بهێنێ؟)

دیوی Dewey پێی وابووە کاتێک منداڵان بەشدار دەبن، فێربوون شادیهێن و باڵکێش دەبێت. هەرچۆنێک بێت، لەو نموونەیەدا، مامۆستاکە ڕازی بوو بە پەسندکردنی «شادبوون» وەک پاساوێک بۆ گەمەی ئاژەڵان، بەبێ هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە واتای ئەو ئەزموونە بۆ منداڵەکە. مامۆستاکە نەهات کەڵکەڵە[14]ی منداڵەکە بە خۆکردنە پشیلە بکاتە بنەما بۆ فرەواندنی زانیاری کچەکە دەربارەی دونیا، بۆ بەرزکردنەوەی توانستەکانی، یان بۆ پاڵپشتیکردنی فراژووتنی ئەو. مامۆستا نەهات خولیای منداڵەکە ببەستێتەوە بەو زانیارە بەرینەی خۆیەوە، بەو

---

[13] - کەساندن: individualizing

[14] - کەڵکەڵە: preoccupation

فێربوونەی پێشتر دیویتی. ئەمە هاوشێوەی ئەو چەوتباوەڕی[15] ـیە کە لە نێو هەندێک لە فێرکارانی بواری زارۆکەتیی بەرایی ئەم سەردەمەدا هەیە کە دەڵێت پلانێکی فێرکاریی کردەکی[16] بەسە. نووسەران Christine Chaillé و Lory Britain لە کتێبی *The Young Child as Scientist: A Constructivist Approach to Early Childhood Science Education* دا دەنووسن:

«[مامۆستای] بنیاتنەر ئەوەی لە سەری منداڵەکەدا دەگوزەرێ بە چالاکیی گرینگ دەزانێت، نەک ئەوەی لە دەستەکانیدا دەبینرێت. لە تەک منداڵانی بچووک، چالاکی جەستەیی و دەستتێوەردان[17] زۆر جار بەشێکی پێویستن لە چالاکی هۆشەکی، بەڵام نەک هەمیشە... منداڵ پێویستە کارا بن... و پێویستیان بە دەرفەتە بۆ دەستتێوەردان و ئەزموونکارییە لەتەک کەرەستە ڕاستی. بەڵام ئەوە لە خۆیدا نابێتە پێناسە بۆ چالاکیی باش» (17).

ئەمەش نموونەیەکی تەواو جودا. لە پۆلێکدا کە منداڵانی پێنج ساڵان لە کاردان، سەرنجم دایە چەند منداڵێک یارییان بە بە چەسپ (کەتیرە) دەکرد. لە یەکەم نیگادا، ئەو چالاکییە بێواتا و بێکەڵک خۆی دەنواند. منداڵەکان لە هونەرخانەکە کۆکلەی دەزوویان هەڵگرتبوو. پەنجەیەکیان لەبنی کۆکلەکە دادەنا، کونی کۆکلەکەیان بە چەسپ پڕ دەکرد، خێرا دەیانخستە سەر لا، بە فوو چەسپی ناو کونەکەیان دەر دەکرد. کاتێک چەسپەکە بەسەر مێزەکەی هونەردا پەرت بوو یەکێک لە منداڵەکان بە شادییەوە هاواری کرد: «واو، وەکوو دوێنێ، ئەنجامت دا!».

سەوداسەر،[18] ئاواتەخواز بووم بزانم فێرگەکە چ پلانێکی فێرکاریان پێڕەو کردووە کاتێک لە ناکاو مامۆستاکە هەڵیدایە. مامۆستاکە گوتی: «دەبێت پێشانی میوانەکەمانی بدەی، کە دوێنێ بە هێلکە چیت کرد». مامۆستاکە ڕوونی کردەوە کە منداڵەکان تەماشای هێلکەی نەخشێندراوی تەواوی دونیایان دەکرد. مامۆستاکە پێشانی دابوون کە چۆن هونەرمەندەکە بە دەرهێنانی وڵوڵەی ناو هێلکەکە (هێلکە خاوەکە raw egg) توێکڵی هێلکەکە ئامادە دەکات. ئەوجا کاری ئەو منداڵانەم لێ ڕوون بۆوە. پاشان مامۆستاکە بە منداڵەکەی گوت: «تۆ بە تەواوی لە پێڤاژۆی هێلکەکان تێگەیشتی. تۆ هەمان کارت لە کۆکلە و چەسپەکە ئەنجامدا. ئێمە ناتوانین هەموو چەسپەکە بەکار بهێنین، هەربۆیە، لە تۆم دەوێ هەنووکە ئەوە بخەیە لاوە. ئەمجا دەتوانین هێلکەکانی دوێنێ بپشکنین و بزانین ئایا بۆ نەخشاندن ئامادەن».

مامۆستاکە، فێرخوازەکانی خۆی باش دەناسی. بە تەواوی دەیزانی کە چی دەکەن و بۆچیش. مامۆستاکە پەیوەندی نێوان هێلکە و چەسپەکەی دووپاتە کردەوە و پاشان منداڵەکانی بۆ پرۆژە ڕەسەنەکە ئاڕاستە کرد. نەدەترسا بڵێ، «دەبینم کە چی دەکەی. ئەوە واتا دەبەخشێ، بەڵام بە چەسپەکە ئەنجامی مەدە. با بگەڕێینەوە سەر هێلکەکان». ڕێنوێنیەکەی مامۆستا ئەوەی بەدی هێنا کە ئەزموونکردن لە «ئەزموونی ڕووتەوە گۆڕا بە

---

15 – چەوتباوەڕی: خراپ تێگەیشتن، بەدحاڵیبووی misconception

16 – کردەکی: hands-on

17 – دەستتێوەردان، دەستکاری: manipulation

18 – سەوداسەر: شەیدا، تامەزرۆ fascinated

ئەزموونی فێربوون» *experience to learning experience*. ئەمەیە ئەو خۆباوەڕییەی دیوی باسی دەکات. هەم زانیار دەربارەی تاکی منداڵی دیاریکراو دەکاتە بنەما هەم پێڤاژۆی فێربوون.

**واتا بەخشینی دونیا بۆ منداڵان**

دیوی Dewey هەروەها گوتیشی بەدەر لە زانیار دەربارەی منداڵەکان، مامۆستا دەبێت ئامادە بن ئەو زانینە گشتییە خۆیان هەیانە دەربارەی دونیا بخەنە کار بۆ یارمەتیدانی منداڵان لە تێگەیشتنی دەوروبەر و ئەزموونەکانی خۆیان. ئەمە بەرۆکگیرییەکە بۆ زۆربەی مامۆستایانی زارۆکەتیی بەرایی کە بۆ بەشکردنی زانینی خۆیان لەتەک منداڵ ڕێگرییان دیوە.

بۆ نموونە، من لە کۆبوونەوەی نەومامۆستایانی[19] هەموو کۆمارەکان بووم، کە کاریان بەرەو «شایاننامەی جڤاتی فراژووتنی منداڵ» *Child Development Associate Credential* دەکرد. وەکوو پاژێکی ئەو سیمینارە، مامۆستایان خەریکی بیردانەوە دەبوون لەو پرۆژەی کارانەی لەگەڵ منداڵان دەیانکرد. مامۆستایەک، Kathy دەربارەی پەیجۆریی پۆلەکەی لەمەڕ باڵندەکانی زستان قسەی کرد. منداڵەکان سەرنجیان داوەتە شێوەی فڕینی Vی باڵندەکان بەسەر یاریگەکەدا و لەسەریان نووسیوە. مامۆستاکەیان ڕوونی کردۆتەوە کە باڵندەکان بۆ زستان بەرەو باشوور دەفڕن. منداڵەکان دەیانزانی کە هەموو باڵندەکان New England یان جێنەهێشتووە، چونکە ڕۆژانە باڵندە دێنە لای دانەخۆریی خۆیان و ئەمەش پۆلەکەی خستە سەر پرۆژەیەکی تۆژینەوە لەو مەلانەی بە درێژایی زستان لەو ناوچەیەدا دەمێننەوە.

مامۆستاکە چەند سوورەسەیرە-یەک[20] پێشانی گرووپەکە دا کە بەرهەمی منداڵەکان بوون. هێند ڕاستینە دیار بوون کە سەرەتا کەس نەیدەزانی ئەمانە لە دەفری کاخەزی دروستکراون، بۆیە کراون و پەڕپۆش کراون. چەندین مامۆستاش گوتیان لەوە دەچێت بەرهەمی منداڵی گەورەتر بن.

هەندێک لە مامۆستایان بە پێشکەشکارییەکەی کاتی Kathy جاڕس بوون. یەکێک پرسی، «هیچ مۆدێلێکت بە کارهێناوە؟» کاتی وەڵامی دایەوە: «نەخێر. منداڵەکان بە وردی سەرنجیان دایە کاردیناڵەکانی حەوشەکە. لە چەندین کتێبی وێنەدار و فۆتۆمان هێنا و کاتێک دەستمان بە چالاکییەکە کرد، تەنها کەرەستە و بۆیەی لەبارمان ئامادە کرد».

گوتوبێژەکە گەرمتر بوو. «هەر بەڕاست ئەمەت لەگەڵ منداڵانی پێنج ساڵدا کرد؟ باوەڕ ناکەم بەوەی تەنیا بۆیەی سوور و قاوەییت دانابێت! ئەی چی دەبێت گەر یەکێکیان ویستبێتی مەلەکەی خۆی ئەرخەوانی یان سەوز با؟ ئایا ئەم هەموو تشتە سنووربەزێنی نییە لە توانای داهێنان لای منداڵ؟» گەنگەشەیەکی تەژی لە پرسیار و سەرنج بوو.

---

[19] – نەومامۆستا: Head Start teacher، بەگشتی فێرخوازی ڕشتەی مامۆستایەتین لە پێشفێرگەدا کار دەکەن بۆ پەیداکردنی ئەزموونی فێرکاری.

[20] – سوورەسەیرە Cardinal، باڵندەیەکی سوورە لە ئەمریکا دەژی.

کاتی Kathy دوودڵ بوو. بەڕێوبەرەکەی ئاگاداری کردبوو لەوەی کە هەندێک لە هاوەڵەکانی لەوەیە ئەو کارەی پۆلەکە تێنەگەن یان پەسندی نەکەن. کاتی بە شێنەیی هەڵوێستی ئەوانی خستە ڕوو. «ئێمە ڕەنگی سەوزمان دانەنا چونکە کاردینالی سەوز بوونی نییە. چەندین نیگار و ڕەنگکاری لە جێگەکانی دیکەی نێوپۆلەکەدا هەبوون، بەڵام ئێمە وەکوو پرۆژەیەکی زانستیی تۆژینەوە لێی دەڕوانین، نەک وەک داهێنانێکی هونەری. ئێمە باڵندەکان دەخوێنین، چۆن دەنوێنن، چی دەخۆن، لە کوێ دەژین. دەمانەوێ منداڵەکان زیادتر دەربارەی هەندێ لەو باڵندانە بزانن کە لە حەوشەکەی پشتەوەیان دەژین و پێشمان وابوو گرینگە ئاگاداری ورد پێشکەش بکرێت. سنووردارکردنی ئەو ڕەنگانەی بۆ بۆیەکردن لەو پرۆژەیەدا بەکار هات، خوێندنەکەیانی سەرنجڕاکێشتر کردووە. هەفتەی ڕابردوو بە هەڵکەوت گوێم لە منداڵێک بوو بە هاوپۆلەکەی دەگوت، کە لە پەنجەرەکەوە لە دەرەوەیان دەڕوانی، «ئەوە دەبێت شینەبۆرەک blue jay بێت، ناکرێ کاردینال بێت، چونکە کاردینال هەموویان سوورن!»٠

ئەمە ڕێژنەیەک لێدوانی دیکەی بەدوای خۆیدا هێنا:

«ئایا نەشیاو نییە بە منداڵ بڵێی چ ڕەنگێک دەبێت لەو پرۆژەیەدا بەکار بهێنن؟»

«ئەگەر منداڵ خەریکی بۆیەکردنن، ناکرێ چ ڕەنگێکیان پێ خۆشە بەکاریبهێنن؟»

«باشە، بەڵام سەیرکردنی باڵندە جودایە لە نیگارکێشیی سێپێچکە (سێپا)»

«ئایا بەڕاستی دەمانەوێ منداڵ ئاماژە بە کۆترێک بکەن و بڵێن، 'کاردینالێکی لێیە'؟"

«ئەگەر منداڵێک وێنەی هەشتپێ octopus (ئەختەپوت) ی کێشا و تەنها شەش چنگ (شاخۆچکە) tentacle ی هەبوو، ئایا بۆی ڕاست دەکەیتەوە؟ ئایا دەڵێیت: ئەوە هەڵەیە، پێیدا بچۆوە و دوو چنگی دیکەی بۆ زیاد بکە؟».

کاتی بە شێنەیی و ژیرانە وەڵامی دەدانەوە. «ئێمە پێی ناڵێین هەڵەیە، پێیدا بچۆوە و ڕاستی بکەوە)! بەڵام ڕەنگە هەندێک شت بیر-وروژێن بڵێین. کتێبمان زۆرن دەربارەی ژیانی دەریا بە وێنە و نیگاریشەوە. ڕەنگە بڵێین: "با تەماشای نیگاری هەشتپێ-کەی تۆ و وێنەکانی نێو *National Geography* بکەین". ڕەنگە سەرنج بدەینە ئەو ڕاستییەی کە ژمارەی پێ (لاق) ی ئەو بوونەوەرانە لە هی ئێمە زیادترە. پاشان چەندین منداڵ دەست دەکەن بە ژماردن و بۆیان دەردەکەوێ کە هەشتپێی ڕاستی هەشت چنگی هەیە. ئەم جۆری پەیدۆزییەیە کە گشت فێربوون مەبەستیەتی!».

مامۆستاکانی دیکە هەموویان بەوە ڕازی نەبوون. گوتوبێژێکی دوور و درێژ و لێدوانی لەم جۆرە لە گۆڕێ بوو:

«پێڤاژۆ ئەوەیە بۆ منداڵانی بچووک گرینگە»

«کاری هەر منداڵێک دەبێت ئەو جۆرە بێت خۆی دەیهەوێت»

«گشت کارەکە لە فریودان دەچێت»

«ببڕای ببڕ بە منداڵ ناڵێین چۆن بکێشن». «ئەم کارە لەوە ناچێت فراژووتنی بەدەمەوە بێت!»

کاتی Kathy بۆ گرووپەکەی ڕوون کردەوە کە مامۆستاکانی سەنتەرەکەی سەردانی پێشانگەی سەد زمانی منداڵانیان *Hundred Languages of Children* کردووە. سەراسیمە بوونە بەو کارەی کە منداڵانی پێشفێرگە لە Reggio Emilia, Italy کردوویانە. پاش ئامادەبوون لە سەمیناری پرۆژەکە، دەستەکە کەوتە بیردانەوە لە کاری هەنووکەیان لەگەڵ منداڵەکان. ئەم زانینە نوێیە ڕازیی کردن بەوەی ئەمان لە هەڵسەنگاندنی توانای منداڵەکاندا

کورتییان هێناوە. گوتیشی: «ئێمە وەک مامۆستا بڕیارماندا کە واتادارکردنی دونیا بۆ منداڵان بەشێکە لە بەرپرسایەتیی ئێمە، تەنانەت گەر بشگاتە ئەوەی ئەوان ڕوانینی دیکەیان لە ڕەنگی باڵندە یان لە ئەسپی دوپێ هەبێ!».

چیرۆکەکەی کاثی Kathy نموونەیەکی بەجێن لەوەی کە دیوی Dewey مەبەستی بوو کە مامۆستایان بە بەکارهێنانی زانیارە فرەوانەکانی خۆیان یارمەتیی منداڵان دەدەن دونیای خۆیان واتادار بکەن. منداڵانی پۆلەکەی ئەم دەرفەتی پتریان هەبوو بۆ دەربڕینی داهێنەرانەی ڕەها، بەڵام لەو لێکۆڵینەوەیەی باسی کرد، منداڵان هونەر وەک ئامرازێکی زانستی بۆ تۆژینەوە بەکار دەهێنن. ئەو مامۆستایانە، بە یارمەتیدانی منداڵ وردتر سەرنج لە باڵندەکان بگرن و بە تەرخانکردنی ئامرازی پێویست بۆ وێناکردنەوەی شیاوی باڵندەکان، زانیاری منداڵیان کردە بناخە. مامۆستاکان یارمەتیی منداڵیان دا زیادتر دەربارەی باڵندەکان فێر ببن. هەروەها توانستیشیان پێداون تا لە تۆژینەوەکانی داهاتوویاندا بەکاریان بهێنن. ئەمەیە دیوی Dewey باسی دەکات لەوەی چۆن مامۆستا زانینی خۆیان لەمەڕ دونیا بەکار بهێنن بۆ فرەواندنی زانینی منداڵان.

## فێرکردن بەرانبەر شاش-فێرکردن *Education versus Mis-education*

دیوی Dewey ئەو گوتوبێژانەی «ئەم/یان/ئەو» ی کە لە فەلسەفەی فێرکاریدا باون، هاوێرکردوون. باوەڕی وابووە کە دۆزی سەرەکی کێشەی هەڵبژاردن نییە لە نێوان نەرینی[21] نوێ بەرانبەر نەرین کۆنەکانی فێرکردن، بەڵکوو دیاریکردنی ئەو هەلومەرجانەیە وا لە هەر ئەزموونێک دەکەن شایەنی ناودێرکردن بن بە «فێرکارانە». دیوی مکوڕ بووە لەوەی فێرکردن و ئەزموون هەقبەندن بەڵام هاوواتا نین و ئەزموونیش هەن بە هیچ جۆرێک فێرکارانە نین. ئەوانەی بە ئەزموونی شاش-فێرکار *miss-educative* ناوزەد کردوون. دیوی باوەڕی وابووە کە چالاکییەک، چالاکییەکی فێربوون نییە گەر کەماسی لە مەبەست و سازماندا هەبێت. دیوی ڕەخنەی لە ژینگە پتر فەرمییە نەریتییەکەی وانەگوتنەوەی[22] سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست گرتووە بەوەی فێربوونی منداڵ بریتی بوو لە ئەزبەرکردن و ڕاگواستنەوەی فاکت[23] لە دەرەوەی بەستێن.[24] هەروەها ڕەخنەشی لەو دۆخانە گرتووە کە مامۆستا ژینگەی فێربوون دادەڕێژن و پاشان داوا لە منداڵەکان دەکەن بکەونە پەیدۆزی بێ ئەوەی هیچ ڕێنوێنی و پێشنیازێکیان پێشکەش بکەن، یان سازکردنی دەرفەتی ئەزموون بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بەبێ فەراهەمکردنی هیچ مژارێکی سەرلەبەری یەکگرتوو، بەردەوامی، یان مەبەست. دۆخی ئەو مامۆستایەی زووتر باسی هات بەوەی پێی وایە منداڵەکەی خۆی دەکردە پشیلەیە شاد بووە نموونەیە لە شاش-فێرکار. دیوی Dewey باوەڕی وابووە مامۆستا، وەختێک پلانی چالاکی بۆ منداڵ دادەڕێژن، لەبری «منداڵەکە چێژ لەوە وەردەگرێت»، پێویستە ئەم پرسیارانە ئاڕاستە بکەن:

---

[21] نەرین: approach، بۆچوون، لێنێزیکبوونەوە، دید

[22] - وانەگوتنەوە: teaching

[23] - فاکت: ڕاستینە fact

[24] - بەستێن: context

- ئەمە چۆن فرەوان دەکرێت بۆ ئەوەی منداڵ زووتر فێری بووە؟
- ئەم چالاکییە چۆن یارمەتیی منداڵەکە دەدات گەشە بکات؟
- چ توانستەک لێرەدا دێتە فراژووتن؟
- ئەم چالاکییە چۆن یارمەتی ئەو منداڵانە دەدات تا زیادتر دەربارەی دونیای خۆیان بزانن؟
- ئەم چالاکییە چۆن منداڵان ئامادە دەکات تا تەسەلتر بژین؟

لە ڕوانگەی دیویەوە، بۆ ئەوە ئەزموونێک بە فێرکارانە ناودێر بکرێ دەبێت ئەم پێوەرانە[25] پڕ بکاتەوە:
- خولیای منداڵ بکاتە بنەما و هەروەها زانیار و ئەزموونیان بکاتە سەرچاوە
- پاڵپشتی فراژووتنی منداڵ بکات
- یارمەتیی منداڵ بدات بۆ فراژووتنی توانستی نوێ
- تێگەیشتنی منداڵ لە دونیای خۆیان فرەوانتر بکات
- منداڵان تەیار بکات تا تەسەلتر بژین

ئەم پێوەرانەی دیوی بۆ ئەزموونی فێرکارانە چۆن دەبنە ڕێنوێن بۆ مامۆستایانی زارۆکەتیی بەرایی؟ «شادیهێن» وەک پاساوێک بۆ پلانی فێرکاری پەسند مەکە، بەڵکوو بپرسە چۆن چالاکییەک پاڵپشتی فراژووتن و فێربوونی منداڵان دەکات. دیسان، چالاکییەک تەنها کردەکی بێت بەس نییە؛ دەبێت ژیرمەندانەش بێت. مامۆستا دەبێت وەبەرهێنان لە سازمانگەری و تۆماربەندیدا بکەن.

**«شادمانی» بەس نییە**

دیوی Dewey باوەڕی وابووە وەختێک مرۆڤ خەریکی فێربوونی شتێکن کە دڵخوازیانە و هەڤبەندە بە ئەزموونی خۆیانەوە، ئەوا پێڤاژۆی فێربوون چێژبەخش دەبێت. هەرچۆنێک بێت، ئەوەشی یاداشت کردووە کە چێژبەخشی لە خۆیدا بەس نییە ئەزموونێک بکاتە فێرکارانە. مامۆستا دەتوانن پێوەرەکانی دیوی Dewey بەکار بهێنن بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەو ئەزموونانەی پلانڕێژیان کردووە بۆ منداڵان تەنها شادیهێن نین بەڵکوو فێربوونیشی بەدەمەوەیە.

بۆ نموونە، جارێکیان سەردانی پۆلێکم کرد کە منداڵان بۆنەی دروستکردنی سەندەی Sundae (جۆرێکە لە بەستەنی) خۆیان هەبوو. ئەو زوورە تەژی بوو لە جۆش.[26] منداڵەکان پێیان گوتم دەتوانن ماستی بەستوو یان

---

[25] - پێوەر: پێودانگ criteria

[26] - جۆش: شاگەشکەیی، خرۆش excitement

ئایسکرێم، وردەشیرینی، یان نوقڵ، دۆشاوی چۆکلەیت یان تووفەڕەنگی هەڵبژێرن. لە کۆتای ڕۆژەکەدا، مامۆستاکە بە پرسیارکردن لە منداڵان کە ئارەزوویان لە چ تامێکە ڕووماڵێکی[27] ئەنجامدا. بە وریاییەوە پۆستەرێکی ئامادە کردبوو. تێیدا وا یاداشتی کردبوو «ئایسکرێمی هەرە دڵپەسەندا!» [28] لوولەکی ئایسکرێمەکانی بە قاوەیی، سپی و پەمەیی بڕی بوو. منداڵەکان لوولەکیان هەڵبژارد و ناوی خۆیانیان لە سەر دانا. کاتێک مامۆستاکە ناوەکانیانی خوێندەوە، منداڵەکان لوولەکیان هەڵبژارد و لە نێزیک وشەی Chocolate چۆکلەیت، Vanilla ڤانیلا یان، strawberry تووفەڕەنگی دانا. هەر وەک Zachary لوولەکە قاوەییەکەی بە خشتەکەوە نووساند، زەردەیەکی کرد و گوتی: «دڵپەسەندی من Cherry Garcia یە».

پاشان لە مامۆستاکەم پرسی چالاکییەکە چۆن گوزەرا؟ وەک زۆربەی مامۆستایانی پرسیاریان لێ دەکەم، گوتی: «منداڵەکان بە تەواوی لەوە دەچوو چێژی لێوەربگرن». کاتێک لێم پرسی بۆ پلانی ئەو چالاکییە دیاریکراوەت دانا، زەردەیەکی کرد و گوتی: «دەمزانی کە ئەوان پێیان خۆش دەبێ!».

بە ڕای دیوی بێت ئەو مامۆستایە پلانی تەواوی بۆ ئەو چالاکییە دانەناوە. ڕوون نییە کە داخۆ منداڵاکان هیچ دڵخوازییەکیان بۆ ئایسکرێم دەربڕیوە یان چۆن چالاکییەکە هەڤبەندە بە زانینی زووتریان. پێشتر دەربارەی ئایسکرێم چییان دەزانی؟ پرسنی[29] چی بوون؟ سەختیشە بزانی ئەو چالاکییە چۆن پاڵپشتی لە فراژووتنی منداڵان دەکات یان یارمەتیدەریان دەبێت تا توانستی نوێ فێربن. یاداشتکردنی ئەو چالاکییە تەنها بە داڕشتنی خشتەکە بوو، کە نادروست بوو — چونکە تەنها بژاردەی چۆکلەیت، ڤانیلا و تووفەڕەنگی هەبوو، کە جێی ڕەنگدانەوەی خواستەکەی Zachary نەدایەوە کە Cherry Garcia یە. هەڵبژاردنی لوولەکی قاوەییش بەستەری تام و ڕەنگی تێدا نەبوو. سەرباری ئەوەش، ئاکامگیری چالاکییەکە بە خشتەی «... دڵپەسەندم»، مامۆستاکە منداڵەکانی بۆ تاسە و پەیدۆزیی زیادتر جێنەهێشتن.

## وەربەرهێنان لە ڕێکخستن و بەڵگەبەندیدا

هەنووکە دەربارەی مامۆستایەکی جودا بخوێنەوە کە هەمان بابەت، ئایسکرێمی کردووە بە وانەیەک کە دیوی Dewey پێدەچێت وەک «ئەزموونی فێربوون» دیاری دەکرد. مامۆستایەکی زارۆخانە (باخچەی ساوایان) بانگهێشتی دایکێکی کردووە بێت و شێوەی کۆنی سازکردنی ئایسکرێمی کۆخ لە خێزانەکەی خۆیاندا بۆ ئێمە بگێڕێتەوە. لە ئامادەکردنی منداڵەکان بۆ ئەو میواندارییە، ئەوەی بەدی کرد کە کەسیان پێشتر تامی ئایسکرێمی کۆخیان نەکردووە. مامۆستا لە منداڵەکانی پرسی بۆچی پێتان وایە تا ئێستە تامتان نەکردووە و، وەڵامەکانیانی یاداشت کرد. ئەوانە بەشێکن لە بەرسڤەکانیان:

- لە بازاڕدا نییە.
- ئەوە میوەیە، نەک ئایسکرێم.

---

[27] - ڕووماڵ survey

[28] - دڵپەسەند favorite

[29] - پرسن: curious

- پێی هەستیارم!
- چۆکلەیت باشترینە.

مامۆستاکە داوای لە منداڵەکان کرد دەربارەی ئایسکریم بۆ خێزانەکانیان بدوێن. مامۆستاکە پرسی: «ئایا ئایسکریم زۆر دەخۆیت؟ ئایا خوشکەکەت یان براکەت هیچ تامێکی دڵپەسەندی هەیە؟ قەت لەماڵەوە ئایسکرێمتان دروستکردووە؟ ڕۆژی دواتر لیستی ئاگادارییەکان زیدەتر بوو: بابی Anthony حەزی لە Rocky Road بووە؛ Alexa سەردانی کارگەی Ben & Jerry کردبوو تا تەماشای چۆنەتی دروستکردنی ئایسکرێمیان بکات؛ نەنکی Nina حەزی لە بەستەنی پرتەقاڵ orange sherbet بوو کە هاوشێوەی ئایسکرێمە لێ خۆی نییە!

وەختێک دایکەکە هات بۆ یارمەتیدانی منداڵەکان تا ئایسکرێمی کۆخ دروست بکەن، ئایسکریم دروستکەرێکی کۆنی بەکار هێنا، کە هی نەنکی بوو. منداڵەکان سەرەیان گرت بۆ تێکدانی پێکهاتەکان و دەسکەکەیان دەسوڕاند. مامۆستاکە پرسیاری لە منداڵەکان کرد ئەگەر پێیان وابوو ئەوە شێوازی دروستکردنی ئایسکرێمی بازاڕە و وەڵامەکانیانی یاداشت کرد. ئەوە بەشێکن لەو شتانەی گوتوویانن:

- نەخێر، ئەمە زۆر هێواشە.
- ئەوە هێندە گەورە نییە بۆ دروستکردنی ئەو هەموو ئایسکرێمە.
- دەبێت دەفری بەرین بەکار بهێنن.
- ئەوان دەسکەکە بەو شێوەیە بانادەن؛ تێکەڵکەرێکی گەورە وەک ئەوەی دایکم بەکار دەهێنن کاتێک کێک دروست دەکات.

مامۆستاکە لەو وەڵامانەوە ئەوەی بۆ دەرکەوت کە منداڵەکان هەندێ بیرۆکەیان هەبوو لەمەڕ ئەوەی ئایسکریم دەکرێت چۆن بە ڕێژەیەکی زەوەندە دروست بکرێ. دەرفەتێکی بەدی کرد تا یارمەتیان بدات لە پەیوەستکردنی ئەو ئایسکرێمەی لە فێرگە دروستیان دەکرد لەگەڵ بیرۆکەی کارگەی ئایسکریم. مامۆستاکە پرسیاری لە منداڵەکان کرد چی بکەن باشە تا بزانن ئایسکریم بە ئەندازی گەورە چۆن دروست دەکرێت. ئەوەی ئەوان گوتیان مامۆستا تۆماری کرد. هەندێ لە بەرسڤەکانیان ئەمانە بوون:

- تەماشای کەسێک بکە کە دروستی دەکات.
- پەیوەندی لەگەڵ شابازاڕ (شادووکان، گەورەفرۆشگە) supermarket یێک بگرە و لێی بپرسە.
- لە ئاشپەز (چێشتلێنەر) یێک بپرسە.
- لە ئینتەرنێت بگەڕێ.
- بچۆ بۆ Ben & Jerry.

مامۆستاکە هەوڵی دەدات پێڕەوی پێشنیازی منداڵەکان بکات. سەردانی کارگەیەکی ماست و ئایسکرێمیان کرد. دەربارەی ئایسکریم قسەیان لەگەڵ خەڵکی و بۆ یەکدی کرد. جەستەی ئاگاداری بەردەوام بوو لە گەشەکردن.

نەنک و باپیرەکان دەیانگێڕایەوە چۆن کاتێک لە هەرەتی منداڵیدا ئاڵوویان دەرهێناون ڕۆژەکە هەمووی ئایسکریمیان خواردووە. منداڵەکان چیرۆکیان نووسی، وێنەیان کێشا، ڕەچەتەی[30] ئاشپەزی (شێوەی چێشت لێنانیان) کۆکردەوە، چوونە گەشتی فێرکاری و وێنەیان چرکاند بۆ بەڵگەبەندیی ئەو هەموو فێربوونە.

ئەم پۆلە ئاهەنگی دروستکردنی سەندەی Sundae (جۆرێکی ئایسکریمە) خۆیان هەبوو. خێزانەکان بانگهێشت کرابوون. منداڵەکان ئایسکریمی کۆخیان پێشکەش کرد. هۆدەکە بە خشتەکانیان، هێڵکاری، چیرۆکەکانیان، نیگارەکانیان و وێنەکانیان نەخشێندرابوو. ئەم ئاهەنگە، بۆنەی حەوتوی فێربوون دەربارەی تشتێکی ئاشنای هەمووان بوو. لە هەمان کاتدا، منداڵەکان دەربارەی پرۆژەی خوێندنی داهاتوویان دەدوان: سارداندن![31] لە ماوەی خوێندنی ئایسکریمەکەدا، باپیری Emily بۆ باس کردووە چۆن سەهۆڵی دەریاچەی ئەو دەوروبەرەی لە زستاندا بڕیوەتەوە بۆ هەڵگرتن و بەکارهێنانی لە هاویندا لە بەفرخەردا icebox. بەشێکی زۆر لە منداڵەکان بیرای ببرِ دەربارەی ساردکەرەوەی پێش-کارەبایان نەبیستبوو. هەموویان لەو دەریاچەیەدا مەلەیان کردووە کە باپیری Emily کاتی خۆی سەهۆڵی لێ برِی بوو. بەو چیرۆکە سەراسیمە و کونجکۆڵ بوون کە چۆن خواردن لە پێش کارەبادا هەر بە تەڕوتازەیی هێڵدراوەتەوە. فێربوونیان بە ئاراستەی دیکەدا هەڵدەکشا.

ئەو چیرۆکە، ئەو نموونەیەیە کە دیوی بە ئەزموونی فێرکارانەی ناودێری دەکات. مامۆستاکە نۆڕی و پرسیاری کرد بۆ ئەوەی بزانێت منداڵەکان چی دەزانن. ئەوجا ئەزموونی بۆ دارِشتن تا بکەونە پەیدۆزیی لەوەی پێشتر نەیاندەزانی. مامۆستاکە زانیارییەکەی خۆی لەمەڕ فراژووتنی منداڵ بەکارهێنا بۆ گەڵاڵەکردنی پلانێکی فێرکاری کە شیاوی تەمەن بێت و ڕەوتی فێربوونی منداڵەکانی بەڵگەبەند دەکرد بۆ یارمەتیدانی تێگەیشتنی خۆی لەمەڕ بیرکردنەوەیان. گەیشتن بە دیاریکردنی تۆژینەوەی داهاتوو بووە پێوەر بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە. منداڵەکان بە کونجکۆڵی، بە خواستی زیادترەوە، بە متمانەیان بە توانای خۆیان بۆ وردبوونە و تێرکردنی کونجکۆڵی خۆیان، جێهێڵران.

### دیوی Dewey لە سەدەی بیستویەکەمدا

لەگەڵ هاوکارێکدا، کە زۆربەی بیرۆکەکانی ناو ئەو کتێبەم شەنوکەو کردووە، چەند مانگێک پێش بڵاوبوونەوەی کتێبەکە گفتوگۆی دوورودرێژمان لەمەڕ وانەگوتنەوە teaching هەبوو. خۆمان لە ئاستێکدا دیتەوە کە بە جۆرێک ئەو مامۆستایانەی قسەمان لەگەڵ کردوون، سەرنجی بەهێزیان دەربارەی پلانی کات تەرخانکردن هەبووە و ئەوەشیان دەردەبڕی کاتێک بیناکە جێدەهێڵن، کارەکەشیان دەبێت تەواو بێت تا دەگەڕێنەوە سەر کار.

دەربارەی کاژێرەکانی ئامادەکردن قسەمان دەکرد، چۆن کاتێک تازە مامۆستا بووین، ئەو کارە دەکەوتە شەو و ڕۆژانی کۆتای هەفتە. بەیەکەوە لە بیرۆکەکانی گەشتی دەوروبەر ورد دەبووینەوە، دەچووینە کتێبخانە بۆ کتێبی زیادتر بۆ پاڵپەشتی فێربوونی منداڵان، تەماشای *National Geographic* و گۆڤارەکانی ترمان دەکرد بۆ وێنەگەلێک کە ڕاستانە کرۆکی ئەو بابەتە فرەوانتر دەکات کە خەریکی بووین. بیرای ببرِ بۆمان دەرنەکەوت کاتێک لە شوێنی کارەکەمان چووینە دەر، کارەکەمان تەواو بووە. ئێمە هەردووکمان دڵگەرمانە پاڵپشتی موچەی

---

[30] - ڕەچەتە: recipe

[31] - سارداندن: refrigeration

شایستە دەکەین بۆ مامۆستایانی زارۆکەتیی بەرایی و داوای زیادکردنی سەرماف و مزە بەرانبەر کاتی تەرخانکراو بۆ پلانرێژی دەکەین. هەروەها ئێمە فێرکارانێکین کە باوەڕمان وایە وانەگوتنەوە بانگێکی سەوداسەرە و پێویستی بە تەرخانکردنی کاتە بۆ ئامادەسازیی و پلاندانان و ئەو کارەش لە کاژێرەکانی کاتی کاردا بەرشیان نییە.

دیوی Dewey لە کتێبی *My Pedagogic creed* دا ئاماژە دەدات بە پێویستبوونی مامۆستا بۆ ئەوەی منداڵ فێر بکەن چۆن لە جڤاکدا بژین. ئەو پێی وابووە کە مامۆستایان، بەو کارەی دەیکەن، هەم جڤاک و هەم تاکی منداڵیش، شێوەرێژ دەکەن. نموونەیەکی بەرچاو کە چۆن ئەمە لە ڕاستیدا ئەنجام دراوە بریتییە لە بەرنامەی نەوەمامۆستا: «من دەجووڵێم، من فێردەبم» *I Am Moving, I Am Learning (IMIL)*. بەرنامەکە پێویستییەکانی هەم کەسەکی و هەم گشتیی منداڵی بچووک بۆ فێربوونی ئاگادارییی چەمکامێز (واتادار) conceptual information دەخوێنێتەوە، بۆ نموونە ڕەنگ، شێوە، پیت و ژمارە لە شێوازێکی چالاک و شادیهێندا. هاوکات ئاماژەش دەکات بە کێشەیەکی گرینگی جڤاکی لە USA: ئەویش قەڵەویی زارۆکانە. گرینگیی تەندروستیی منداڵان ڕادەگەیەنێ و داوا دەکات منداڵ بکەوێتە جووڵە، دوان لەمەڕ ئەو سەوزەواتانەی لە گۆرانییەکاندا ناویان هاتووە و هەروەها هەڵپەڕین لەگەڵ موزیکی باشدا بۆ یارمەتی دانی جەستەیان تا بەهێز و پتەو بن. نموونەیەک لە فرەواندنی IMIL بۆ دیدی دیکەی تێهەڵکێش بریتییە لە «چرۆی بەرایی» Early Sprouts لە لایەن Karrie Kalich, Dottie Bauer, Deirdre Mcpartlin بۆ ئاشپەزی و باخداری کە گرێ دراوە بە تەنسازییمانەوە.

کاتێک لە USA سەرگەرمی بارگۆزین بووین لە سەردەمی کشتوکاڵەوە بۆ پیشەسازی، دیوی پاڵپشتی دایکوباوکەکانی دەکرد. گەر کەسێک ئاماژەی بە go green کردبا بۆ دیوی لەوانەیە پێی وەهابا ئێمە باس لە چالاکی دەکەین بۆ فێربوونی ڕەنگ. بەڵام کاتێک ورد دەبینەوە لە گرینگیی بیردۆزەکەی دەربارەی شێوەرێژکردنی جڤاک بەدەم فێرکردنی منداڵەوە، دەتوانین ئەو ڕاستییە بسەلمێنین کە ئێمە دیسان وەک فەرهەنگ خەریکی بارگۆزینین. گرنگیی فێرکردنی منداڵانی بچووک پەروەشی هەسارەکەمان بێت تەنها هەڤبەند و دڵخوازی سەدەی بیستویەکەم نییە، بگرە باسێکی گرینگە بۆ زیندوومانی مرۆڤایەتی. بۆچی بۆنەکانی ساڵڕۆژی زەوی Earth Day فرەوانتر نەکرێن بە بەکارهێنانی *Go Green Rating Scale* (کتێبی Phil Boise ـە دەرباری پەروەشی زارۆک بۆ هەسارەکەمان). هەموو ئەم بەرنامانە تا ڕادەیەک نوێن، هەمووشیان ئەو پرسە ڕاستینانەی ژیان بەسەر دەکەنەوە کە دیوی Dewey، پیاژێ Piaget، مۆنتیسۆری Montessori بە بەردەوام جەختیان کردۆتەوە لەوەی گرینگن بۆ فێرکردنی نەوەی داهاتوو.

بۆ فێربوون و بەکارهێنانی بیردۆزەکانی فێرکاریی دیوی، فێرکارانی هاوچەرخ دەبێت ئامادەبن بۆ گۆڕانکاری لەگەڵ سەردەمدا. دیوی Dewey لە ڕۆژگاری خۆیدا داوای لە دایکوباوک و مامۆستاکان دەکرد خۆیان لەگەڵ گۆڕانی جڤاکیی ئەو دەمە بگونجێنن نەک دژیان بجەنگن، بۆ ئەوەش ئامۆژگاری بەکەڵکی پێشکەش دەکرد. خەمخواردن لە ڕابردووی بەسەرچوو یان نیگەرانی لە ڕەوتی نوێ کە ڕەنگە نارەحەتمان بکەن، بێسوودە.

Scott Nearing لە شرۆڤەکردنی فێرکاریی پێشڕەوت (2007) دا، وەک نۆکەر لە فێرگە دەڕوانێ، نەک وەک ئاغا. دەشنووسێ: «لەم ڕاستییەدا مەزنیەتی - مەزنیەتیی دەرفەت و بەرپرسایەتییەکەی بوونی هەیە» (198). Nearing باوەڕی وایە ئەوە بەرپرسایەتیی ئێمەیە کراوە بین بەڕووی زێدەکردنی زانیاردا، کە لەوەیە کاریگەرتر بێت لەو بیردۆزە کۆنانەی ئێمە پێڕەویان دەکەین. لەو کاتانەدا دەبێت گۆڕان بسەلمێنین. هۆشداریش دەدات لەوەی پێویست نییە تا بە پڕتاوی ئەنجام بدرێ بەڵام ئەو گۆڕانە حەتمییە.

فێرکارە پێشڕەوتە بەراییەکان بەزۆری ئەو پرسیارەیان کردووە کە بە بەردەوامی لە وتووێژە هەنووکەییەکانی ڕەهەندی فێرگەکانەوە گوێمان لێ دەبێ: ئایا فێرکردن بۆ منداڵانە، یان منداڵان بۆ فێرکردنن؟ ئەمڕۆ، کە

سەدەیەک تێپەڕیوە، ئەم پرسیارە شایەنی گوتوبێژە. بیردۆزەی دیوی Dewey وەک ڕێنوێنێکی ڕۆشنی ئەم وتووێژە دەمێنێتەوە.

### پرسیاری گوتوبێژ

- فێرکاریی پێشڕەوت بە چەندین شت ناودێر کراوە. هەندێک لەو چەوتباوەڕیانە چیین؟ ڕوونکردنەوەیەکی بچووک بخە ڕوو کە پوختەی بیرۆکەکانی دیوی-ە لەمەڕ فێرکاریی پێشڕەوت.
- ئەمڕۆ، مۆدێلێکی گشتی پلانی فێرکاری بریتییە لە پلانی فێرکاریی گەوران *emergent curriculum*، یان گەڵاڵەکردنی پلانی فێرکاری لەوەی دەگووزەرێ لە خولیا و ئەزموونەکانی منداڵانەوە. ئایا ئەمە لەگەڵ بیرۆکەی دیوی لەمەڕ فێرکردن تەبایە یان ناتەبا؟ بۆچی؟
- زۆر خێزان هەن داوای ژینگەیەکی ساختاربەندی ڕوون دەکەن بۆ منداڵ و دڕدۆنگن لەوەی منداڵ لەڕادەبەدەر یاری دەکەن. بە بەکارهێنانی بیرۆکەکانی دیوی، بەرسڤێک بۆ ئەو خێزانانە ئامادە بکە ساختارە فێرکارییەکەی پشت بەرنامەکەی خۆت ڕوون بکاتەوە.

### پێشنیاز بۆ خوێندنەوەی زیادتر


Dalton, Thomas C. 2002. *Becoming John Dewey: Dilemmas of a Philosopher and Naturalist.* Bloomington, IN: Indiana University Press.

Dewey, John, and Evelyn Dewey. 1915. *School of Tomorrow.* New York: E. P. Dutton.

Johnston, James Scott. 2006. *Inquiry and Education: John Dewey and The Quest for Democracy.* New York: State University of New York Press.

## پاژی دووهەم: ماریا مۆنتیسۆری Maria Montessori

گەورەترین نیشانەی سەرکەوتن بۆ مامۆستایەک ئەوەیە بڵێ: «هەنووکە منداڵەکان کار دەکەن هەر وەک ئەوەی من هەر نەبووبم!»

ماریا مۆنتیسۆری

### ژیننامە

ماریا مۆنتیسۆری ساڵی 1870 لە Chiaravalle، ئیتاڵیا لەدایکبووە. تاقە کچی دایکوباوکێکی خانەدان، ڕۆشنبیر بوو. دایکی هەمیشە هانیداوە بخوێنێت و بیر بکاتەوە و کارێکی پیشەوەرانەی هەبێت. بابی، پیاوێکی کەمێک پارێزکار بوو، پێی خۆش نەبوو کچەکەی باوەڕە نەریتییەکانی لەمەڕ ژنانی سەردەمی خۆی بشکێنێ. دەیویست کچەکەی ببێتە مامۆستا، کە لەو کاتەدا بە تاکە پیشەی شیاوی ژنان دادەنرا. هەرچۆنێک بێت، هەر بەردەوام بوو لە پاڵپشتیکردنی ماریا کاتێک ڕشتەی زانستی لەبری مامۆستایەتی هەڵبژارد. مۆنتیسۆری چووە کۆلێژی پزیشکی، لەوێ بە بەردەوامی تەقەلای لەگەڵ تووڕەیی فێرخوازە کوڕەکانی پزیشکی و لەگەڵ نەسەلماندنی باوکی دەدا. بە تێپەڕینی کات، زانایی مۆنتیسۆری لە لایەن هاوپۆلەکانییەوە ڕێزی لێنرا. لە ماوەی دوو ساڵی کۆتادا پسپۆڕیەتی لە pediatrics (پزیشکی زارۆکان) بەدەستهێنا و، 1896 بووە یەکەم ژنی ئیتاڵیا کۆلێژی پزیشکی تەواو کرد بێت.

یەکەم کاری مۆنتیسۆری سەردانی نەخۆشخانەی نەخۆشە دەروونییەکان و هەڵبژاردنی نەخۆش بوو بۆ چارەسەرکردن. ئالێرەدا خولیای بۆ منداڵانی بچووک و پێویستییەکانیان گەشەی کرد. تێبینی کرد ئەو منداڵانەی بە «لە فێربوون نەهاتوو» unteachable جۆردۆز کرابوون، وەڵامی ڕێبازەکانی ئەمیان دەدایەوە. چونکە وەک زانایەک فێرکراوە، نۆڕین observation ی بەکار دەهێنا بۆ دیاریکردنی پێویستییەکانی منداڵان. مۆنتیسۆری ژنێکی بلیمەت و چاودێرێکی زرینگ بوو. هەر زوو لێی خویا بوو کە کێشەکان لە منداڵدا نییە، بەڵکوو لە گەورەساڵاندایە، لە شێوازی کار و لەو ژینگەیەدایە کە فەراهەمیان کردووە. لەو کاتەدا، توانای مۆنتیسۆری لە بواری منداڵ و فێرکاریدا ناوبانگی دەکرد، بە «مامۆستا» ئاماژەی پێ دەکرا و زۆرینە لە بیریان چووبوو کە ڕشتەی پزیشکیی خوێندووە.

یەکەم دەرفەتی مۆنتیسۆری بۆ کارکردن لەگەڵ فراژووتنی منداڵان ساڵی 1907 بوو کاتێک یەکەم Casa dei Bambini (خانەی منداڵانی) لە ناوچەیەکی هەژارنشینی ڕۆما Rome کردەوە. ئەو بینایە پێشکەش بە مۆنتیسۆری کرا وەک هەوڵێک بۆ پاراستنی ئەو منداڵانەی دایکوباوکیان کار دەکەن تا نەکەونە کووچەوکۆڵان. دووکانداران پێیان وابوو ئەم کارە گێرەشێوێنی کەم دەکاتەوە. منداڵ لەم خانەیەدا نەک هەر ڕزگاریان بوو لە گوزەرانی شەقام بەڵکوو بوونە فێرخوازی بە پەرۆش و ئارەزوومەندی خوێندن و کارکردن. مۆنتیسۆری ژینگەی ئەم فێرگەیەی وەها ساز کردبوو ببێتە پارسەنگی ئەو هەلومەرجە هەژارەی ماڵی زۆربەی ئەو منداڵانەی دەگرتەوە. مۆنتیسۆری تێگەیشتبوو لەوەی منداڵ بۆ ئەوەی ئاسوودە بن پێویستیان بە کەلوپەلی وەهایە گونجاوی ئەندازەی خۆیان بێت، ئامرازی وەها گونجاوی دەستە بێت. چونکە لەو دەمەدا کاڵای لەو جۆرە بەردەست نەبوون،

مۆنتیسۆری خۆی بەشێکی زۆری کەرەستەکانی دروست کردن. ئەو لە فێرخوازەکانیەوە فێر دەبوو. دەربارەی نۆڕین و بیردۆزەکانی خۆی نووسی و نێوبانگێکی نێودەوڵەتی بۆ کارەکەی خۆی پەیدا کرد. 1913 نێزیکەی سەد فێرگە لە USA پێڕەویان لە ڕێبازەکانی مۆنتیسۆری دەکرد. لە 1922 وەکوو پشکنەر (سەرپەرشت) ی میری فێرگەکانی ئیتاڵیا دەستنیشان کرا. دژبەریبوونی لە فاشیزمی مۆسۆلینی Mussolini ناچاری کرد ساڵی 1934 ئیتاڵیا جێبهێڵێ.

ماریا مۆنتیسۆری سێ جار بۆ خەلاتی ئاشتی نۆبڵ Nobel Peace Prize پاڵێودرا. وەختێک لە 1952 لە هۆڵەندا Holland ژیان ئاوایی کرد، میراتێک لە بیرۆکە و کۆکارێکی نووسینی جێهێشت بۆ فێرکارانی جیهان کە تا هەنووکەش کاریگەریان لە بەرنامە کردەییەکانی منداڵانی بچووکدا هەیە. ئەم میراتەی بیرۆکە و کاریگەرییان لە کردەکانی ئێمە لەگەڵ منداڵان، دەبێتە باسی ئەم پاژە.

**بیردۆزەکانی مۆنتیسۆری**

بەشێکی زۆری بیرۆکەکانی مۆنتیسۆری هێند بنەڕەتین بۆ بۆچوونەکانی ئەمڕۆی ئێمە لەمەڕ زارۆکەتی بەرایی، کە ئێمە بە ڕاستی گومانبەدەر وەریان دەگرین. هێشتاش ساڵی 1907، کاتێک د. مۆنتیسۆری یەکەم فێرگەی کردەوە، کەلوپەل و ئامرازی منداڵ-ئەندازە و هەروەها بیرۆکەی کارکردنی سەربەخۆی منداڵ، بە ڕادیکال دادەنران. تۆژینەوەکانی لەمەڕ منداڵانی بچووک و پێویستییەکانی فێربوونیان کاریان لە بنەمای بیرکردنەوەی فێرکارە بەراییەکانی بواری منداڵان کرد. کارەکەی مۆنتیسۆری بناخەی بۆ کاری بیردۆزانی دیکەی دوای خۆی، وەک پیاژێ Piaget و ڤیگۆتسکی Vygotsky، فەراهەم کرد. ئەمڕۆ بەشێکی زۆری ئەو بیرۆکانە لە لایەن خەڵکانێکەوە وەرگیراوە کە سەروکاریان لە فێرکردنی زارۆکەتیی بەراییدا هەیە و شوێن دەستی مۆنتیسۆری-یان پێوە دیارە.

لە USA، هەندێ لە بەرنامە بەراییەکانی زارۆکەتی خۆیان بە بەرنامەکانی مۆنتیسۆری ناودێر دەکەن. چونکە لەوێ فێرگەی مۆنتیسۆری و کەرەستەکانی مۆنتیسۆری هەیە، فێرکاران و ئەوانی دیکەش زۆرجار بیریان دەچێ کە میراتی بیرۆکەکانی دکتۆر مۆنتیسۆری لەمەڕ منداڵان و فێربوون لەو بەرنامە دیاریکراوانەی مۆنتیسۆری جودا بکەنەوە. ڕێژەیەکی بەرفرەوان لە هەمەجۆری لە نێو ئەو بەرنامانەدا هەیە، هەندێکیان زۆر بەتوندی پابەندی بنەماکانی مۆنتیسۆرین و هەندێکی دیکەشیان بیرای ببڕ لەگەڵ ڕێکارەکانی[32] مۆنتیسۆری تێک ناکەنەوە. زۆر گرینگە تێبگەین کە بیردۆزەکانی مۆنتیسۆری لەمەڕ منداڵان کاریان لە هەموو ئەو بەرنامانە بواری زارۆکەتیی بەرایی کردووە کە ئەمڕۆ داڕێژراون، نەک تەنها لەو بەرنامانەی کە خۆیان وەک بەرنامەی مۆنتیسۆری دەناسێنن. بیردۆزەکانی مۆنتیسۆری بۆ مامۆستایانی زارۆکەتیی بەرایی گرینگە، جا جۆری بەرنامەکانی کاری پێ دەکەن هەرچییەک بێت.

[32] - ڕێکار: standard

### ژینگەی زارۆکبین

مۆنتیسۆری سەلماندبووی کە ئەو جەختەی خۆی کردوویەتیە سەر ئامادەکاری ژینگەی فێربوون بووەتە سەرەکیترین تایبەتمەندی بۆ دیارییکردنی ڕێبازەکەی لای خەڵکی. ئەم پێی وابووە «ژینگە» تەنها ئەو شوێن، کەرەستە و پێویستییانە نییە منداڵ بەکاری دێنن، بەڵکوو گەورەساڵان و منداڵانی دیکەش دەگرێتەوە کە بەیەکەوە ڕۆژگار بەسەر دەبەن، هەروەها ژینگەی دەرەوە و ئەو شوێنانەی دیکەش کە منداڵان تێیدا فێر دەبن. مۆنتیسۆری پێی وابووە منداڵ فێری زمان و توانست باڵکێشەکانی دیکەی ژیان دەبن بەبێ کۆششی ئاگایانە لە لایەن لەو ژینگەیەی کاتی تێدا بەسەر دەبەن. لەبەر ئەو هۆکارە، وای مەبەست بووە کە ژینگە بۆ منداڵ دەبێت جوان و ڕێکوپێک بێت تا منداڵ لەو ژینگەیەوە فێری ڕێکوپێکی بن. پێی وابووە منداڵان بەهۆی ئەزموونە هەستەوەرەوە چاکتر فێر دەبن. پێی وابووە مامۆستا بەرپرسە لە فەراهەمکردنی دیمەن، نیگار، دەنگ و بۆنی خۆش و جوان بۆ منداڵان. هەروەها باوەڕیشی وابووە ئەزموونی هەستەوەرانە داوای کەلوپەل و ئامرازی وەها دەکات بۆ دەستە بچووکەکانیان گونجاو بێت، مێز و کورسیی وەها بۆ جەستە بچووکەکانیان شیاو بێت. جوانی، ڕێکوپێکی، ژینگەی منداڵ-ئەندازە و گەمەی هەستەوەرانە پاژێکن لە میراتی مۆنتیسۆری.

لە ئەمریکا بەشێکی زۆری بەرنامەکانی زارۆکەتیی بەرایی، ئامراز و ئامێر و کەلوپەلی منداڵ-ئەندازەیان هەیە. چیتر ماوە لە دیدی مۆنتیسۆری دەربارەی ژینگەی باش بۆ منداڵان، مامۆستایان لێی سوودمەن بن؟ مۆنتیسۆری پێی وابوو مامۆستایانی زارۆکەتیی بەرایی دەبێ:

- ئامرازی ڕاستینە فەراهەم بکەن کار بکەن، وەکوو چەقۆی تیژ، مەقەستی باش، ئامێری دارتاشی و خاوێنکردنەوە؛
- ڕێکخستن و بەردەستخستنی کەرەستە و کەلوپەلەکان وەها بێت منداڵ بتوانن ئەوەی پێویستیانە بیدۆزنەوە و بیخەنەوە شوێنی خۆی؛ و
- چێکردنی جوانی و ڕێکوپێکی لە پۆلدا

### ئامرازی ڕاستینە فەراهەم بکەن کار بکەن

مۆنتیسۆری دەڵێت ئەندازەی کەلوپەل و کەرەستەکان گرینگن. کاتێک فێرگەکەی لە ئیتاڵیا کردەوە، ئامراز و کەلوپەلی منداڵ-ئەندازە بەردەست نەبوون. لەبەر ئەوە زۆر خۆی خەریک دەکرد بە دروستکردنی کەلوپەلی خۆی. مۆنتیسۆری ئەم پاژی پلاندانانی ژینگەیەی هێند بە جیددی وەرگرتبوو تەنانەت پلیکانەی فێرگەکەیشی بەتایبەتی دروست کرابوون تا بۆ پێیە بچووکەکانی فێرخوازان گونجاو بێت. کاتێک دەبینین چەکوش و مشار و مێزی کاری منداڵ-ئەندازە لە پۆلدا هەن، کاریگەریی مۆنتیسۆری تێ دەگەین. دۆلکەی منداڵ-ئەندازە بۆ تێکردنی شەربەت و دەفر و مەنجەڵی بچووکیش هەر ئەو کاریگەرییە خویا دەکەن.

ئەو ڕاستییەش کە ئامرازی منداڵ-ئەندازە باش کار دەکەن، پاژێکە لە فەلسەفەی فێرکاریی مۆنتیسۆری. ئەو پێی وابوو منداڵ، بۆ ئەنجامدانی کاری دروست کە خولیای خۆیانە، پێویستیان بە ئامرازی ڕاستینەیە. منداڵی پێشفێرگەی ئێمە، بەزۆری چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکرێت کاخەز بە مەقەستێک ببڕن کە تیژ نییە یان لەتکردنی سەوزەوات بە چەقۆی کول کە ئازاریان پێ ناگات. بە داخەوە، ئەو ئامرازە کولانە ئەرکێکی ئاوا سادە

زەحمەتتر دەکەن و لە هەندێ باریشدا زۆر ترسناکترە لەوەی گەر منداڵ ئامرازە تیژەکان بە شیاوی بەکار بهێنن. مۆنتیسۆری باوەڕی وابووە منداڵ دەبێت فێری بەکارهێنانی ئامرازەکان بن بە سەلامەتی و دەیگوت پێدانی ئامرازگەلێک کە بەتەواوی بەکار نایەت، توانستی منداڵ لاوازتر دەکات.

## ڕێکخستن و بەردەستخستنی کەرەستە و کەلوپەل

سەرباری تەرخانکردنی ئامرازی ڕاستینە، مۆنتیسۆری دەڵێت ئێمە بۆ ئەوەی یارمەتیی منداڵ بدەین بەرپرسیاری فێربوونی خۆیان بن ئەوا دەبێت ئامرازەکان وەها بەردەست بن کە منداڵ هەر کاتێک پێویستیان بوو دەستیان بە کەرەستەکان بگات. ڕێکخستنی پۆلەکان بە ڕەفەی نەوی و کراوە ڕێگە دەداتە منداڵ ببینن چی بەردەستە و بتوانن بەبێ یاریدەی مامۆستا پێویستیی خۆیان دابین بکەن. ناچار نین دەست لە کارەکەیان هەڵبگرن تا سەرنجی مامۆستا مژوڵەکەیان بۆ خۆیان ڕابکێشن یان داوای مۆڵەتی بەکارهێنانی ئەو کەرەستانە بکەن کە پێویستیانە.

بەزرۆری لە پێشفێرگەی ئێمەدا، کەلوپەلەکان دوور لە دەست پێڕاگەیشتنی منداڵەوە دانراون. بۆ نموونە، مامۆستا پلانی چالاکیی هونەری دادەڕێژن و بۆیەکان «دەهێننە بەردەست» لە بری ئەوەی بۆیەکان هەموو کاتێک بەردەست بن تا منداڵان دەکاری بهێنن. ئەو مامۆستایانەی پێڕەوی مۆنتیسۆری دەکەن، کەلوپەلی زۆر بۆ منداڵان تەرخان دەکەن تا دەستیان پێ ڕابگات و بەکاریان بهێنن. بە یارمەتیی منداڵەکان، ئەو کەلوپەلانەیان بە باشی ڕێک دەخەن بۆ ئەوەی دەرفەتی هەڵبژاردان بەردەوام دنەی داهێنانی منداڵ بدەن.

بەزۆری کاتێک مامۆستایان دوودڵن لە ڕێکخستنی کەلوپەلەکان بە شێوازێک بەردەست بن، دەڵێن بۆیە دوودڵین چونکە منداڵ پەرشوبڵاوەیەکی زێدە دەکەن. مۆنتیسۆری ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە بوون بە «پارێزکار و بەرپرسی ژینگە» بەرپرسایەتییەکی جیددی فێرکارییە (277 ,1967 [1949]). ئەو دەیگوت مامۆستا دەبێت ژینگەیەکی خاوێن و ڕێکوپێک بۆ منداڵان ئامادە بکات. گەر هەموو کەرەستەیەک شوێنی خۆی هەبێ و بەڕوونی و بە شێوازێکی خۆشدەست بۆ منداڵ نیشان درابێت، بە وێنە یان نیگار و هەروەها ناوی بە چاپکراوی لەو شوێنەدا هەبێت، ئەوا منداڵ هێزی ئەوەیان هەیە ئەوەی پێویستیانە بەدەستی بهێنن و هەروەها کە تەواو بوون بیخەنەوە شوێنی خۆی.

## چێکردنی جوانی و ڕێکی

مۆنتیسۆری وشەی «شاد» بۆ جێی باش-پلانڕێژی منداڵ بەکار هێناوە. باوەڕی وابووە پەرۆشیی ژینگە و پاراستنی درەوشان و ڕێکوپێکی ژینگە دەبێت بچێتە خانەی توانستی فێرکردنەوە. بەزۆری، مامۆستایان خاوێنکاری و ڕێکخستن بە کاری سەربار دەزانن نەک لە بەشێک لە ئەرکی خۆیان. بە گوێرەی مۆنتیسۆری، زانینی چۆنیەتیی ڕێکخستنی ژینگەیەکی جوان و دڵپەسەند بۆ منداڵان بە ئەندازەی زانینی چۆنەتیی هەڵبژاردنی کتێبی باشی منداڵان بۆ کتێبخانە، بەشێکە لە فێرکاری. مۆنتیسۆری گوتی، «ئامرازەکانی ئێمە بۆ فێرکردنی هەستەوەرەکان، دەرەچەیەک بۆ پەیدۆزیی دونیا پێشکەش بە منداڵ دەکەن» (183 ,1967 [1949]).

مامۆستا دەبێت لە خۆیان بپرسن ئەوان لە ژینگەکەدا بۆ «فێرکردنی هەستەوەرەکان» چی فەراهەم دەکەن؟ منداڵ کاتێک دەچنە ژوورەکەوە چ دیمەن و دەنگێک دەبیستن؟ بۆ دەست لێدان و تامکردن چی بەردەستە؟ چ مۆسیقایەک لێبدرێ و کەی؟ ئایا لیلاک (lilac گوڵێکی ڕەنگ ئەرخەوانیی کاڵە) هێندراون کاتێک خەریکی خونچەکردنن؟ ئایا پەنجەرەکان کراوەن تا هەوای پاک بێتە ژووریّ؟ ئایا ڕووناکی چرا نەرمەکان ڕزگاری کردووین لە ویزەویز و پرتەپرتی گڵۆپە فلۆرسێنتەکان (fluorescent گڵۆپی شیری)؟ ئایا بەرهەمی هونەریی منداڵان باش هەڵواسراون؟ ئایا هیچ خشتەیەکی ڕەنگ لە هۆدەکە هەیە؟ ئایا ڕەفە مۆرەکەی بنەماڵەی جۆش بە پۆلەکەیان بەخشی نێزیک ڕەفە شینەکان دانراوە کە مامۆستای منداڵە ساواکان چیتر نایانەوێت؟ ئایا پارەکەی کۆمەک بۆ کڕینی قەنەفەیەکی جوان و ئاسوودەبەخش بەکار هێنرا، یان هەر ئەو قەنەفەیە هەیە کە پێمان بەخشرا چونکە فەنەرەکانی (Springs ئیسپرینگ) لە بەرگە کۆن و پیسەکەیەوە سەریان دەرکردووە و کەس لە سەری دانانیشێ؟

کەسانی گەورەساڵ هەندێ جار وا ڕفتار دەکەن وەک ئەوەی منداڵ هیچ خولیای جوانیی دەوروبەر نەبن. دیدێکی هاندراوی ستێرۆتایپ[33] هەیە دەڵێت منداڵ حەز بە «پەرشوبڵاوکردن» دەکەن نەک «خاوێنکردنەوە». نۆڕینەکان لە منداڵی بچووک ئەمە دیدە ناسەلمێنن. مۆنتیسۆری باوەڕی وابووە کە جوانی و ڕێکی خاڵی گرینگن لە سازدانی ژینگەی منداڵ. ئەمڕۆ ئەو پەیامە لە کاری ئەو فێرکارانەدا ڕەنگ دەداتەوە کە سروشگرتەی مامۆستایانی Reggio Emilia ی ئیتاڵیان.

بۆ نموونە، گەر بەرهەمێکی هونەریی منداڵێک لە سەر کاخەزێکی ڕەنگداری مات دانرا ئەوسا هەڵبژاردنی ڕەنگەکان لە هونەرەکی منداڵەکەدا دەبینرێت، گەر ئەو بەرهەمە لە شوێنێکی تایبەتی نیشاندان هەڵواسرا ئەوسا منداڵەکان فێر دەبن ڕەنگ و دیزاین بەرز بنرخێنن. نموونەیەکی دیکە، هێنانی گوڵی گەش بۆ سەر مێزی خوان یان ترۆپکی کتێبخانە. ڕۆیشتن و گوڵچنین لە باخ بۆ ڕازاندنەوەی نێوپۆل، شێوازێکی باشە بۆ بەسەربردنی بەیانیان.

نەومامۆستایەک دەناسم هەموو هەفتەیەک تابلۆیەکی بەنێوبانگی still life لە ستۆدیۆکەی خۆی هەڵدەواسیّ (still life ڕێچکەیەکی نیگارکێشییە پتر گوڵ، سەوزەوات یان وردە کەلوپەلی نێوماڵ پێشان دەدات). تابلۆیەکی دەستکردی خۆیشی لە نێزیکی دادەنا. منداڵ هەبوون دەکەوتنە نیگارکێشیی ئەو تابلۆیە. منداڵ هەبوون دەکەوتنە گفتوگۆ دەربارەی بابەتەکانی نێو تابلۆکە. منداڵی دیکەش هەبوون لەوە نەدەچوو تێبینی تابلۆکە بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەبوونی ئەو هونەرە ڕێز دەبەخشێت بە جوانی وەک پاژێک لە ڕۆژگاری منداڵ.

### کارامەیی و بەرپرسایەتی

مۆنتیسۆری باوەڕی وابووە منداڵ هەم دەیانەوێ و هەم پێویستیانە پەرۆشی خۆیان و دەوروبەریان بن. باوەڕی وابووە گەورەساڵ کاتێکی زۆر بەسەر دەبەن لە «خزمەتکردنی» منداڵ. مامۆستایانی وریا کردۆتەوە لەبیریان بێت کە منداڵ گەر مۆڵەت نەدرێن خۆیان کار بکەن، فێر نابن چۆن بکەن. مۆنتیسۆری تێگەشتبوو لەوەی جار هەیە زۆر ئاسانترە مرۆڤ خۆی کارەکە بۆ منداڵەکە بکات وەک لەوەی وزە و کات لە فێرکردنیدا بەسەر ببات

[33] ستێرۆتایپ: stereotype وێنە و بۆچوونی باوی فرە ساکاری گشتپۆش، وشکەکلێشە

بۆ ئەوەی خۆی کارەکە ئەنجام بدات. بەڵام باوەڕیشی وابووە کە گەشەکردن و فراژووتنی توانستەکانی منداڵ پێویستی بەوە هەیە گەورەساڵی نێو ژیانیان دەرفەت بسازێنن بۆ منداڵ بۆ خۆیان کار بکەن. هاندانی سەرخۆبوون پاژێکە لە میراتی مۆنتیسۆری.

مۆنتیسۆری باوەڕی وابووە منداڵ بە ئەنجامدان (کردن by doing) و بە چەندبارەکردنەوە چاکتر فێر دەبن. پێی وابووە ئەوان کارەکان چەندبارە دەکەنەوە بۆ ئەوەی هەم ئەزموونی خۆیان پەیدا بکەن و هەم گەشە بە توانستەکانی خۆشیان بدەن. مۆنتیسۆری پێشنیاز بە مامۆستایان دەکات نەخش و ڕەوتی فێربوونی منداڵ نەشێوێنن. ئەو پێی وابوو ئەرکی مامۆستا بریتییە لە سازاندنی ژینگەی فێرکاری، فەراهەمکردنی کەرەستەی شیاوە و پاشان هەنگاوێک پاشەکشە بکات، کات و دەرفەت بداتە منداڵ خەریکی ئەزموونی خۆیانن بن. خشتەڕێژکردنی چالاکیی سنووروالا[34] open-ended (پرسیار یان چالاکییەک بەبێ لەبەرگرتنەوە یان وەڵامی ڕێکخراو)، لەگەڵ کاتی تەرخانکراو بۆ کاری ئازاد و یاری، پاژێکن لە میراتی مۆنتیسۆری.

مامۆستایانی زارۆکەتیی بەرایی چۆن دەتوانن بۆچوونی مۆنتیسۆری دەربارەی کارامەیی[35] و بەرپرسایەتی لە بەرنامەکانی خۆیاندا بچەرخێنن؟ مۆنتیسۆری پێی وابوو مامۆستا دەبێت بەرپرسایەتیی پاراستنی تەمیزی و ڕێکوپێکیی دەوروبەر بدەنە منداڵ. هەروەها پێشی وابوو مامۆستا دەبێت کاتی تەرخانکراوی زۆر بۆ کاری ئازاد و یاری بدەنە منداڵ و مۆڵەتیان بدەن ساختاری کاتی خۆیان دابڕێژن.

## ڕێ بدە منداڵ بەرپرسایەتی بگرێتە ئەستۆ

مۆنتیسۆری ئەرخەیان بوو لەوەی هەتا مامۆستا زیادتر کار بۆ منداڵ جێبەجێ بکات، کارەکە سەختتر دەبێت. منداڵ خولیایەکی شەیدایانەی هەیە بۆ کاری ڕاستینە. منداڵ پێیانخۆشە تەماشای چێشتلێنەر، چاودێر و گەسکەوان[36] بکەن کە خەریکی کارن. ئەوان هەمیشە دەیانەوێ «یارمەتی بدەن». مۆنتیسۆری باوەڕی وابووە منداڵ دەبێت بتوانن هەموو کارێک بکەن کە لە توانایاندایە. باوەڕی وابوو ئەوە بەرپرسایەتیی مامۆستایە چەندی بلوێت خەریکی ڕاهێزانی کارامەیی منداڵ بن.

بەزۆری، مامۆستایانی زارۆکەتیی بەرایی هەست بە ناکامی دەکەن لەوەی ناتوانن وەک پێویست خەریکی خاوێنکردنەوە و ڕێکخستنی پۆل بن. ئەوان هەست بە ناکامی و بەزین دەکەن کاتێک خشتەلێگۆ Legos و Unifix cubes[37] و Patten blocks[38] هەموویان تێکەڵوپێکەڵ و پەرتوبڵا دەبن. بەشێکی زۆری مامۆستایان پلانی چالاکیی پۆلێنکردنیان هەیە بەڵام ببڕای ببڕ ئەرکی پۆلێنکردنی کەرەستە و جێگیرکردنیان لە شوێنی شیاوی خۆیاندا نادەنە منداڵ. مامۆستا دەزانن ئاوبازی بۆ منداڵان ئارامبەخشە، بەڵام هەر نیگەرانن لە تەرخانکردنی کات بۆ خاوێنکردنەوە چونکە زۆر مژوڵی پلانڕێژیی چالاکین بۆ مێزی ئاوەکە! گەر منداڵان ئاوی گەرم، کەفاو و

---

[34] – سنووروالا: open-ended – پرسیاری یان چالاکییەکی کراوە کە بە ژمارەیەک وەڵامی دیاریکراو نەبەستراوە.

[35] – کارامەیی: competence

[36] – گەسکەوان: garbage collector، بڕوانە: جەلیزادە، «زاراوەسازیی پێوانە» www.mamosta.net

[37] - Unifix cubes لیستۆکی منداڵان لە شێوەی شەش پاڵویی ڕەنگاوڕەنگ.

[38] - Patten blocks دەستەیەکی شەش شێوەیی بیرکارین، زیادتر بۆ فێربوونی بیرکاری دەکار دێن.

فڵچەیان پێ بدرێ، خۆیان مێز و کورسییەکان خاوێن دەکەنەوە. مۆنتیسۆری دەڵێت ئەو هەستی کارامەییە منداڵ لە خەریکبوون بە کاری ئاوهای ژیانی ڕۆژانەوە پەیدای دەکەن، زۆر بەکەڵکە و بە شێوازیک پەرە بە خۆباوەڕییان دەدات کە کاری هەڵبەستراوی ناسروشتی هەرگیز نایدەن.

**خشتەڕێژکردنی کاتی زۆری سنووروالا**

مۆنتیسۆری لە ڕێی نۆڕینەکانی خۆیە گەیشتە باوەڕ بەوەی منداڵ، گەر دەورە بدرێن بە شتی زۆری دڵپەسەند بۆ ئەنجامدان و هەروەها کاتیان بۆ تەرخان بکرێت و سەرفەراز بکرێن لە کارەکەیاندا، هۆشگیرییەکی[39] مەزن دەنوێنن. مۆنتیسۆری پێی وابوو مامۆستا گەر ڕێ بدات منداڵ خۆیان بڕیار بدەن چی بکەن و چۆن و کەی دەکەن، ئەوسا مامۆستا کاتی زیادتر دەبێت بۆ نۆڕین و یاریدەدانی تاکی منداڵ. لەم سەردەمەدا، لە بەرنامەکانی زارۆکەتیی بەراییدا، منداڵ کاتێک بە قووڵی ڕۆچوونەتە نێو پرۆژەی خۆیان، پەلکێش دەکرێن بۆ دانیشتنی بازنەیی و چیرۆکخوێندنەوە. مامۆستا دەڵێن بابەتیان زۆرە لە ماوەیەکی کەمدا فێری منداڵی بکەن، ناتوانن دەرفەت بدەنە منداڵ بە دڵی خۆیان خەریکی خولیاگەلی خۆیان بن. هەندێ مامۆستا، هەتا هەموو چالاکییەکان پلانرێژ نەکەن، هەست ناکەن فێرکارییەکەیان تەواوە. مامۆستایان تێنووسی پلان بەکار دێنن کە تێیدا کاتی تەرخانکراو هەیە بۆ نووسین، چیرۆک و مۆسیقا، کەرەستەی ئەزموونکاری،[40] گەمەی بیرکاری و ژەمەخواردن. بەشێکی زۆری مامۆستا دڕدۆنگن لە بەلاوەنانی تێنووسی پلانەکان. ڕەنگە مامۆستا هەبن منداڵ، لە ڕۆژێکی خۆش و خۆرەتاودا، نابەدڵانە پەلکێشی ژوورەوەیان بکەن هەر لەبەر ئەوەی چالاکییەکی وەکوو «بزاوتی ملپێچی ئاوریشمی»[41] movement with silk scarve لە خشتەکەدایە.

هەرچی مامۆستایانی مۆنتیسۆرییە وەها ڕاهێنراون کەم خەریکی دەرسدان بن و زیادتر خەریکی نۆڕین بن. دروستە مامۆستا، هەر وەک ئەوەی دیوی Dewey لە پاژی یەکەمدا پێشنیازی کردووە، دەبێت چالاکییەکان پلانرێژ بکەن و کەلوپەلە بۆ پاڵپشتی خولیای منداڵ تەرخان بکەن، بەڵام گرینگیشە ئەو چالاکییە بێسوودانەی دیوی دژیان دەدوا جودا جودا بکرێنەوە لە چالاکی ماناداری خۆسازێن. کاتێک منداڵ خەریکی کار و فێربوونی جیددین نابنە مایەی ئاریشەگێڕی. بیردۆزەی مۆنتیسۆری دەربارەی منداڵی بچووک دەڵێت مامۆستا نابێت منداڵ لەو پرۆژانە دوورخەنەوە کە دڵپەسەندی خۆیانە مەگەر زۆر ناچار بن.

مۆنتیسۆری باوەڕی وابووە تاکە ڕێ بۆ زانینی چۆنەتیی خشتەڕێژیی کاری ڕۆژ و بەڕێوبردنی کار لە نۆڕیندایە. هەر ئەمەشە دەڵێت تەرخانکردنی برێکی باش لە کاتی نەپچڕاو، لە پۆلەکانی زارۆکەتیی بەراییدا، گرینگە بۆ هەم مامۆستا و هەم منداڵ. زۆر جار مامۆستا دەبینیت نایانەوێ لەو کاتەدا بەشداری کار بن، بەڵام ئەو کاتە، دەرفەتێکە باشە بۆ نۆڕینی هەم جۆری گەمەی گرووپ و هەم بەشداربوونی تاکی منداڵ لەو گرووپکارییەدا.

ئەمە دوو نموونەی جودایە لە دیدی دوو مامۆستیای هەمان زارۆخانە بۆ خشتەسازی و نۆڕین:

---

[39] – هۆشگیری: concentration – چڕکردنەوەی هۆش و سەرنج.

[40] – کەرەستەی ئەزموونکاری: manipulatives – کەرەستە و کەلوپەلی نێو پۆل فێرخواز بەکاریان دەهێنێت بۆ ئەزموونکاری و فێربوون.

[41] – جۆرێکە لە چالاکی منداڵان یاری بە گڵۆلە، شاڵ و بەنی ڕەنگاڵە دەکەن.

ژانێت Janet باوەڕی وایە پاراستنی خشتەی هاونەوا[42] بۆ منداڵان گرینگە. ئەو، پشووی کۆتای هەموو حەوتوویەک بە وریاییەوە پلان بۆ هەفتەی دابێ دادەنێ. کار دەکات بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی نێوان کاتی چالاکیی دەرەوە و ناوەوە، چالاکیی گورج و هێمن، چالاکیی منداڵخواست و مامۆستاخواست. پێداویستیی تاکی منداڵ فەرامۆش ناکات. کاتێک پلانەکە دامەزرا، ژانێت ئامادەی گۆڕینی نییە. باوەڕیشی وایە منداڵ بە ڕۆتینی هاونەوا ئارام دەبن.

لە کۆتای ڕاڕەوەکە، بۆنی Bonnie لە ڕووی فەلسەفییەوە دەربارەی پێویستیی منداڵانی بچووک لەگەڵ ژانێت کۆکە. بەڵام دانیش بەوەدا دەنێ کە وەک ژانێت کاتی زۆر بۆ پلانرێژی تەرخان ناکات. ئەم پتر خەریکی نۆڕینی بەردەوامە لە منداڵی زارۆخانەکە. Bonnie دەڵێت، گەر بەوردی خەریکی نۆڕینی منداڵ نەبم، خواست، شەکەتبوون و پێویستییەکانیان نەخوێنمەوە، نازانم کاری ڕۆژانەم چۆن ڕاپەڕێنم.

جوودایی نێوان ئەو دوو مامۆستایە بەدەم ئاروینکردنی چۆنەتیی بەڕێوەبردنی بەشێکی سادەی ڕۆژەکەیان، زیادتر خویا دەبن: کاتی دەرەوە. Janet لەگەڵ ئەوەدا سەختی دەچێژێ. خۆی و یاریدەدەرەکەی Laura، دەزانن کە پێنج یان شەش لە پۆلە هەژدە کەسییەکە هەردەم بێزارن لەوەی لە دەرەوە بن، زۆر ساردە، زۆر گەرمە یان هەر بیانوویەکی دیکە. توانای ئەو دوو مامۆستایە بۆ خەریکبوون بەو منداڵانەی دەرەوەیان پێخۆشە کز دەبۆوە چونکە دەبا وزە خەرج بکەن بۆ ڕێبەست لە یاخیبوونی ئەو پێنج شەش نەسەلمێنە. کاتێکیش دووبارە دێنەوە ژوورەوە، وزەی Janet و Laura خەرج دەکرێت بۆ هێنانە ژوورەوەی ئەو منداڵانەی دەیانەوێت زیاتر لە دەرەوە یار بکەن.

Bonnie و Mark ی یاریدەری شێوازێکی ساکارتریان دۆزیەوە. گەر بلوێت چەند بژاردەیەک دەدەنە منداڵەکان دەربارەی درێژی ئەو کاتەی لە دەرەوە دەبن. کاتێک Bonnie و Mark دەبینن پێنج شەش منداڵ خەریکە شەکەت دەبن، یەکێک لە وان گرووپە بچووکەکە دەباتە ژوورەوە. ئەم نۆڕینە ورده و ئەم نەرمەکارییە دەبنە مایەی خۆشڕەوتیی هەم خشتەڕێژکردن و هەم چارەسەری ڕەفتار.

**نۆڕین**

مۆنتیسۆری لەبەر ئەوەی پزیشکی خوێندبوو توانستی زانستانەی هێنایە نێوپۆلەوە. وەختێک وزەی خۆی بەرەو فێرکردنی منداڵی بچووک وەرگێڕا، بەکارهێنانی توانست زانستییەکانی بەلاوە کارێکی سروشتی بوو. ئەو باوەڕی وابووە گەر تۆ بەنیازی فێرکردنیت ئەوا دەبێت هەموو شتێک بزانی دەربارەی ئەوانەی هیواخوازی فێریان بکەیت. ئەو باوەڕی وابووە کە ڕێگەی ئاشنابوون بە منداڵ بریتییە لە چاودێریکردنیان. لە لای مۆنتیسۆری نۆڕینی ورد، دەرەچەیە بۆ دیاریکردنی هەم خولیا و هەم پێویستیی فێربوون لای منداڵ. باوەڕی وابووە کە هەموو منداڵێک دەتوانێت فێر بێت. مۆنتیسۆری باوەڕی وەها بوو گەر منداڵ فێر نەبن، ئەوا گەورەساڵە تەواو بە وردی گوێڕادێر و لە نێزیکەوە چاودێر نەبووە. نۆڕینی ورد پاژێکە لە میراتی مۆنتیسۆری. کاتی تەواو وەربگرە بۆ نۆڕینی ورد و بۆ بیردانەوە[43] و ئەوجا ئەو نۆڕینانە بکە ڕێنوێن بۆ پلانرێژیی هەم ژینگە و هەم پلانی فێرکاریی خۆت.

بەشێکی زۆری بەرنامەکانی زارۆکەتیی بەرایی کاتی تەواو بۆ نۆڕینی ورد و بۆ بیردانەوە تەرخان ناکەن. هەندێ مامۆستا دەڵێن: «ئێمە زۆر مژووڵین». هێشتاش لە هەمان گفتوگۆدا ڕەنگە یەکێک بڵێ: «لەگەڵ ئەو منداڵانە

---

[42] – هاونەوا: consistent

[43] – بیردانەوە: reflection

دەتوانین چی بکەین؟ گوێ ناگرن. سەرنج نادەن. ڕاکەڕاک و لە یەکدانیان لە نێوپۆلدا زۆرە. چۆن دەتوانم خەریکی نۆڕین بم کاتێک ئەو منداڵانە پێویستی وەها سەختیان هەیە؟ بۆم ساز نابێت!» مۆنتیسۆری دەڵێت گەر ئێمە بەوردی لە منداڵ بنۆڕین و خەریکی بیردانەوە بین لەو نۆڕینانە، دەتوانین ئەو پێویستییانە بدۆزینەوە کە منداڵان هەیانە و لەم ژینگەیەی ئێستەدا دابین نییە.

بۆ نموونە، نۆڕینی پۆلێکم بیر دێتەوە تێیدا ڕەفتاری توندوتیژی منداڵەکان کاتێکی زۆری ماموستاکەیانی دەگرت. تێبینی ئەوەم کرد پۆلەکە مێزێکی دارینی زۆر باشیان هەیە بۆ کاری زانستی. پرسیم: «ئەرێ ئێوە هیچ ئامێری کارتان هەیە؟».

هەر دووک ماموستاکە چاویان بەرزکردەوە و گوتیان: «تەماشا ئەم هۆدەیە. ئەم منداڵانە پێنج خولەکیش چییە بێ ئازاردانی یەکدی نابەنە سەر. تۆش دەتەوێت ئێمە بە کۆمەڵێک چەکوشەوە لەگەڵ گرووپێک منداڵی سەرچڵ هەڵبکەین؟ ئەوە تووشی کێشەی گەورەمان دەکات!».

پرسیم پێتان وایە ئەو منداڵانە بۆچی بەو جۆرە ڕفتار دەکەن؟ ماموستاکان گوتیان پێیان وایە ئەو منداڵانە ئارەزوویان لە هیچ چالاکییەک نییە. پرسیم: «ئایا هیچ کاتێک هەیە ئەوان توندوتیژی نەنوێنن؟» وەڵامەکە مایەی سەرسوڕمان نەبوو. ماموستاکان گوتیان کاتی چوونە باخچە (پارک) کە، لەوێ خەریکی ڕاکردن و هەڵبەزودابەزن، وزەی فیزیکی خۆیان بەرانبەر یەکدی ناخەنە کار. پرسیم گەر پێتان باشە ئەو ئامێرانە دەربخەن بزانن چی ڕوو دەدات. ئەوانیش سەلماندیان.

هەردووک ماموستا بە دەرنجامەکە سەرسام بوون. منداڵەکان خوویان دایە چەکووش و بزمار. منداڵەکان تەنها بۆ داکوتینی بزمار دەستیان دایە چەکوشکاری و وازیان لە تێهەڵدانی یەکدی هێنا. ماموستاکان وچانێکی کورتیان پەیدا کرد و توانیان لەگەڵ یەکدی بدوێن دەربارەی کاری زیادتر بۆ دابینکردنی پێویستیی ئەم منداڵانە بۆ چالاکیی فیزیکی. مۆنتیسۆری ئەو نۆڕینەی کردە خاڵی سەرشار[44] بۆ یارمەتیدانی ماموستاکان بۆ پەیبردن بە خواست و پێویستیی منداڵەکان.

ئەم ماموستایانەی لەسەرەوە باسیان هات باسێکی نوێ لە نۆڕینەکانیانەوە فێربوون: منداڵەکان پێویستیان بە چالاکی زیادتری جەستەیی هەیە. هەروەها ئەوەش فێربوون کە ئەو چالاکیانەی پێشتر پێشکەش کرابوون لای منداڵەکان مایەی سەرنج نەبوون. ئەو ئاستە بەرزەی وزەی منداڵ و ئەو کەماسییە لە پلانی فێرکاریدا بۆ چەرخاندنی ئەو وزەیە بووە مایەی پەیدابوونی ڕەفتاری بەرۆکگیرانە. پاش گوتوبێژێکی دوورودرێژ و بیردانەوە لەو نۆڕینانە، ماموستایان بڕیاریان دابوو کە پێویستە هەم ژینگە بەرجەستەکە[45] و هەم پلانی فێرکارییەکە بگۆڕن. هەندێک مۆبێلیاتیان گواستەوە بۆ کۆگە و شوێنی زیادتریان بۆ چالاکیی درشت فەراهەم کرد. ئەوان چوونە ووِرکشۆپێک دەربارەی بزاوتن و دەستیان دایە ئەزموونکاریی پتر داهێنەرانە لەگەڵ جۆری جیاوازی مۆسیقا لە نێوپۆلدا. بەکارهێنانی جاز jazz و ڕۆک rock یان بۆ سەمای منداڵان زیاد کرد. منداڵ چەندی بزاوتنیان زیادتر با، ڕەفتاری نەشیاوی توندوتیژ کەمتر دەبۆوە.

سەرەتا، ئەو ماموستایانە بە گریمانەکەی مۆنتیسۆری ڕازی نەبوون کە نۆڕینی منداڵان سەرەداو دەربارەی پێویستییەکانی پلانی فێرکاری دەداتە ماموستا. ئەمان کارێکی زۆریان دەکرد بۆ فەراهەمکردنی ئەزموون و

---

[44] – سەرشار: jumping-off

[45] – ژینگەی بەرجەستە: physical environment، شوێنی گوزەران، کار، فێربوون و یاریکردن.

چالاکیی لەبار، بەڵام بیرۆکەکانیان لەناملیکەی پلانی فێرکارییەوە سەرچاوەی دەگرت، نەک لە منداڵەکانەوە. ڕێگەدان بە منداڵان بۆ فەراهەمکردنی بیرۆکە بۆ پلانی فێرکاری، پۆلەکەی هێمنتر و بۆ کارکردن خۆشتر کرد.

**مۆنتیسۆری لە سەدەی بیستویەکەمدا**

مامۆستاکانی لە سەرەوە باسیان هات کۆشان بۆ دابینکردنی پێویستیی منداڵە بچووکەکان بە جووڵە و چالاکیی جەستەیی. ئەوان تێگەیشتن کە نۆڕین زۆرمان فێر دەکات دەربارەی پێویستیی منداڵ. بەداخەوە، پاش ئەو هەموو پێشقەچوونەی لە USA لە بواری «کردەی لەباری فراژووتن» چێ بووە، بەشێکی زۆری فێرکارانی بەرایی لەNo Child Left Behind[46] دەنووسن کە لە پۆلی زارۆخانە و پێشفێرگەکاندا، چیتر کات یان «ڕێپێدانیان» نییە بۆ منداڵ خەریکی یاریکردن یان پیادەکردنی خولیاکانیان بن. هەندێ لە منداڵانی زارۆخانە هیچ کاتیان بۆ یاریکردنی دەرەوەی پۆل نەبوو. جار هەیە ئێمە نائومێد دەبین و هەست دەکەین کار لە پاشەکشەدایە نەک پێشکەوتن. ئێستە کاتە دووبارە ئاوڕ لە بنەما بیردۆزەکییەکانی ڕشتەکەی خۆمان بدەینەوە. ئەوە گرینگە بۆ ئەوەی توانامان هەبێ ڕوونی بکەینەوە بۆچی بەم جۆرە کار دەکەین لەگەڵ منداڵی بەرۆکگیراو لە لایەن کەسانی خۆشمەبەست: دایکوباوک، کارگێڕ و ئەندامانی جڤاتی فێرگە.

لێمان ڕوونە کە مۆنتیسۆری باوەڕێکی پتەوی هەبوو بەوەی گەورەساڵ، بەوەی زیاد لە پێویست کار بۆ منداڵ دەکەن، کارامەیی منداڵەکە کز دەکەن. مۆنتیسۆری وشەی «خزمەتکردن» ی لە گوتوبێژەکاندا بەکارهێناوە و مامۆستایانی وریا کردۆتەوە کە منداڵ تەپلۆس (بێتوانا) دەمێننەوە گەر گەورەساڵ ئەو شتە بۆ منداڵ بکەن کە منداڵ خۆیان دەتوانن بیکەن. ئەمڕۆ گەڕانەوەیەکی ترسێنەر بۆ ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە بەدی دەکەین.
مامۆستایان بەزۆری گازندەی ئەو دایکوباوکانە دەکەن کە منداڵە پێنج ساڵانەکانیان هەڵدەگرن چونکە ئەوان بەپەلەن. لە کۆتای ڕۆژدا ئێمە بەزۆری دایکوباوکی خامۆش و ماندوو دەبینین کە جگە لە منداڵەکە، تەنانەت سەبەتەی خوراردن، کۆڵەپشت و بووکەڵەکەشی بۆ لای سەیارەکە هەڵدەگرن، لەبری ئەوەی داوا لە منداڵە پێنج ساڵەکە بکەن خۆی بڕوات و خۆی نیوەی کەلوپەلەکانی خۆی هەڵگرێ. بۆ بەشێکی زۆرمان ڕۆیشتن توانستەکی بنچینەییە، بەڵام ئەوە نموونەیەکی باشە لەو مەیلەی سەدەی بیستویەکەمە کە منداڵ (بەتایبەتی منداڵانی چینی ناوەند) دەپارێزێت لە گشت کۆشین، هەراسانی و ستریس. Polly Young-Eisendrath لە کتێبەکەی ساڵی 2008 دا، *The Self-Esteem Trap: Raising Confident and Compassionate Kids in an Age of Self-Importance*
ڕوانگەی سەدەیەک لەمەوپێشی مۆنتیسۆری دەکاتە زایەڵە: وەسفی ئەو دایکوباوکانە دەکات کە بە شێوازێک خزمەتی منداڵەکانیان دەکەن کە بە زیانی فراژووتن و گەشەکردنی وان دەشکێتەوە.

نووسەرێکی دیکەی هاوچەرخ، Diana West، زۆر پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی کە ئەو مەیلە، بۆ شارستانەتیی ڕۆژاوا، جێی مەترسییە. کتێبەکەی بەناوی *The Death of the Grown-Up: How America's Arrested Development Is Bringing Down Western Civilization* ئەمڕۆ کتێبێکە لە لایەن دایکوباوک و مامۆستای نیگەرانەوە «دەبێت بخوێنرێتەوە». نووسەر پێشانی دەدات چۆن بەشێکی زۆری کەسانی سی ساڵان لە USA هێشتاش لەڕووی کارکردەوە هەرزەکارن. ئەوە مەیلێکی ترسێنەرە. هەر وەکوو سەدەیەک لەوەوپێش کاتێک مۆنتیسۆری داوای لە مامۆستایان کرد ژینگەی فێرکاری ساز بکەن و پاشان کات بڕەخسێنن بۆ منداڵان تا کاری

[46] No Child Left Behind (NCLB) – یاسایەکە ساڵی 2001 کۆنگرێسی USA سەلماندی بۆ یارمەتیی منداڵانی خاوەن پێویستیی تایبەت لە فێرکاریدا.

خۆیان بەڕێوە ببەن، ئەمڕۆش منداڵانی بچووک پێویستیان بە مامۆستایەکە گوێ بۆ ئەم ورياکردنەوەیە ڕادێرێت و داکۆکی بکات لە مافی منداڵا بۆ ئەنجامدانی ئەوەی خۆیان دەروەستی دێن. مەبەست ئەوە نییە، کاتێک منداڵەکە شەکەتە یان پەستە، ئێمە قەیتانی بۆ گرێ نەدەین یان چاکەتی لەبەر نەکەین چونکە ئێمە دەزانین کە خۆی دەتوانێت بیکات. بەڵام ئەوەیە بڵێین مەیلێکی باش-دۆکیومێنتکراو هەیە، با دووبارە بێت، بۆ ڕێبەستن لەو ڕازیبوون و کارامەییەی سەرخۆبوون دەیبەخشێت. میراتی مۆنتیسۆری، ئەمڕۆش، هەر وەک ئەو دەمەی یەکەمجار دیدە پرشنگدارەکەی خۆی لەمەڕ پێویستییەکانی منداڵی بچووک بەش کرد، گرینگە.

**پرسیاری گوتوبێژ**

- هەفتەی ڕابردوو، لە بەرنامەکەتدا ڕۆژێکت تەرخان کردبوو بۆ پاککردنەوە. منداڵەکان کورسی و لیستۆکەکانیان بردە دەرەوە و بە فڵچە و کەفاو شۆردیانن. ئەمڕۆ باپێک هاتووە پرتەوبۆڵەی ئەوە دەکات کە پارەی خوێندنی منداڵ کە ئەو دەیدات بۆ ئەوە نییە تۆ ئەم خاوێنکردنەوەیە کە کاری خۆتە بە منداڵی بکەیت. گەر بیرۆکەی مۆنتیسۆری لەمەڕ کاری ڕاستینە و بەرپرسایەتی بکەیتە بنەما، وەڵامی چی دەبێت؟
- تۆ چۆن دەتوانیت بیرۆکەکانی مۆنتیسۆری دەربارەی سەواد (خوێندنەوە و نووسین) ی زوو لە بەرنامەکانی پێشفێرگەدا بەکار بێنی؟ چ جۆرە کەلوپەل و کەرەستەیەک لە نێوپۆلەکەدا بەکار دێنی و، پلانی چ جۆرە چالاکییەک دادەڕێژی؟ بیردۆزەکەی مۆنتیسۆری چۆن پاڵپشتیی پلانەکەت دەکات، باسی بکە.
- هاومامۆستا coteacher -کەت گلەیی ئەوە دەکات کە گوڵەکان لە نێوپۆلدا شوێنی زۆر دەگرن و کاری زیادتر چێ دەکەن. تۆش پێشنیازی ئەوە دەکەی منداڵەکان بەرپرسایەتی هەموو گوڵەکان لە ئەستۆ بگرن. ئەو گلەیی ئەوە دەکات ئێستە کاتی زۆریان نییە و ئەوەش کاتی پڕ بەهایان بە هەدەر دەبات. بە بەکارهێنانی بیرۆکەکانی مۆنتیسۆری لەمەڕ سەربەخۆیی و ژینگە، چۆن هاومامۆستاکەت ڕازی دەکەی بەوەی ئەم کارە وەبەرهێنانێکی باشە لە کاتی منداڵدا؟

**پێشنیاز بۆ خوێندنەوەی زیادتر**


Hainstock, Elizabeth G. 1997. *The Essential Montessori: An Introduction to the Woman, the Writings, the Method, and the Movement.* New York: Plume.

Lillard, Angeline Stoll. 2005. *Montessori: The Science behind the Genius.* New York: Oxford University Press.

Montessori, Maria. 1965. *Dr. Montessori’s Own Handbook: A Short Guide to Her Ideas and Materials.* New York: Schocken Books.

## پاژی سێهەم: ئێریک ئێریکسۆن Erik Erikson

لای هەموو منداڵێک و لە هەموو قۆناخێکدا پەرجوویەکی نوێ هەیە لە ڕسکانێکی بەهێز، کە دەبێتە مایەی هەم هیوایەکی نوێ، هەم بەرپرسایەتییەکی نوێ بۆ هەمووان.

ئێریک ئێریکسۆن

### ژیننامە

Erik Erikson لە فرانکفۆرت Frankfurt ی ئەڵمانیا ساڵی 1902 لەدایکبووە. ئێریک هونەرمەند و مامۆستا بوو، وەختێک ئاننا فرۆید Anna Freud ی ناسی، ئارەزووی چووە دەروونناسی. فرۆید Freud دەروونشیکار[47] و کچی سیگمۆند فرۆید Sigmund Freud بوو. ئاننا فرۆید، ئێریکسۆنی ڕازی کرد لە پەیمانگای دەروونشیکاریی ڤییەنا Vienna Psychoanalytic institute بخوێنێ و لەوێ پسپۆڕی لە دەروونشیکاریی منداڵدا بەدەستهێنا.

کاتێک لە 1933 چووە USA، چوو بۆ کۆلێژی بەشی پزیشکیی هارڤارد Faculty of Harvard Medical School. دواتر گواستیەوە بۆ زانستگەی یەیڵ Yale University، لەوێ ئارەزووی چووە سەر کاریگەریی فەرهەنگ و جڤاک لە فراژووتنی منداڵ. یەکەم کتێبی زارۆکەتی و جڤاک *Childhood and Society*، لە 1950 دا بڵاوکرایەوە، لای فێرکاران، دەروونناسان و جڤاکناسان بە بەرهەمێکی کلاسیک (بناخەیی) دادەنرێت.

Erikson ساڵانی دواتری خۆی تەرخان کرد بۆ پەیدۆزی لەو شێوازانەی بۆ گەورەساڵ دەبنە مایەی گوزەرانێکی واتادارتر و بەرهەمدارتر لە تەمەنی پیریدا. ئێریکسۆن هەتا مردنی لە تەمەنی 92 ساڵیدا، ساڵی 1994، بەردەوام کاری لەگەڵ دۆزەکانی فراژووتن دەکرد.

### بیردۆزەکانی ئێریکسۆن

بەرهەمەکانی ئێریکسۆن بۆ گشت فێرکارانی زارۆکەتیی بەرایی پڕ بایەخە چونکە ئەوە خویا دەکات چۆن بناخەی فراژووتنی سۆزەکی و جڤاکی و هەروەها دەروونسازی[48] لای منداڵ پەیدا دەبێت. بیردۆزەی فراژووتنی دەروون-جڤاکی،[49] کە بە *«هەشت سەردەمی مرۆڤ» Eight Ages of Man* ناوزەد کراوە، باسێکی تێروتەسەلی سەرلەبەری ژیانی مرۆڤیە. ئەوە بیرۆکەی ئێریکسۆنە کە دەڵێت هەر قۆناخێکی فراژووتن ئەرکێکی تێدایە دەبێت ئەنجام بدرێت. چارەسەری سەرکەوتووانەی هەر قۆناخێک کار لە قۆناخی پاش خۆی دەکات. مرۆڤ بە هەر

---

[47] - دەروونشیکار: Psychoanalyst

[48] - دەروونسازی: mental health

[49] - فراژووتنی دەروون-جڤاکی: Psychosocial development

قۆناخێکدا تێپەڕن، بەپێی فراژووتنیان لەو قۆناخەدا، لایەنی بەهێز یان لاوازی کەسایەتی پێک دێنن. بەمەبەستی ڕاڤەکردنی ئەم دیاردەیە، ئێریکسۆن تێرمی *«سەختانگی ناسنامە»* *identity crisis* دەهێنێتە کایەوە. ئەو دەیگوت کەوتنە ناکۆکی، بەدەم گەورەبوون و گەیشتنە تەمەنی گەورەسالّی، لای لاوان دیاردەیەکی ناچارییە.

خشتەی 3-1 ئەو هەشت سەردەمە پێشان دەدات کە ئێریکسۆن دیاری کردووون. هەریەکەیان بە قۆناخ ناودێر دەکات و ئەو هێزەش پێشان دەدات کە دەبێتە بەرهەمەی نموونەیی لە ململانێی فراژووتن لە کۆتای ئەم قۆناخەدا. لە کتێبی *«زارۆکەتی و جڤاک»* *Childhood and society* ـدا، ئێریکسۆن باس لە لایەنە لاوازەکەش دەکات کە دەبێتە ئەنجامی شکەستهێنان لە چارەکردنی هەر ململانێیەک. ئەوانە لەم پاژەدا گەنگەشە کراون.

| قۆناخەکانی فراژووتنی دەروون – جڤاکی ـی ئێریکسۆن | | |
|---|---|---|
| تەمەن | قۆناخ | ئەو هێزی هاتۆتە فراژووتن |
| 0-1 سالّ | متمانە بەرانبەر بەدگومانی | هیوا |
| 1-3 سالّ | ئاوتۆنۆمی بەرانبەر شەرم و دڕدۆنگی | توانای بڕیاردان |
| 3-6 سالّ | دەستپێشخەری بەرانبەر تاوان | مەبەست |
| 6-11 سالّ | چێکردن بەرانبەر خۆبەکەمگرتن | کارامەیی |
| هەرزەکاری | ناسنامە بەرانبەر نۆرە-پەشێوی role-confusion | ئەمەکداری |
| نەوجەوانی | پەیوستبوونی نێزیکی سۆزەکی intimacy بەرانبەر گۆشەگیری | خۆشەویستی |
| گەورەسالّی تەمەن مامناوەند | بەرهەمداری (بەرهەمخستنەوە) generativity بەرانبەر بەخۆوەگلان self-absorption | پەرۆشی |
| گەورەسالّی تەمەندار | ڕسکانی-ئەز بەرانبەر بێئومێدی | ژیری |

خشتەی 3-1 – (Erikson [1950] 1963)

ئێریکسۆن بڕوای وایە لە ساڵەکانی سەرەتای ژیاندا، نەخشی وەها دێنە فراژووتن کە دەبنە ئاڕاستەکار یان هەرنەبێت کاریگەر لە کردار و کارلێکی مرۆڤ هەتا ماوە. هەرچۆنێک بێت، ئەوەش یاداشت دەکات:

*«لەبەرئەوە کەم تێشکان هەیە، چ لەو قۆناخە و چ لە قۆناخەکانی پاشیندا، کە منداڵ بەدەم گەشەکردنەوە دەروەستی نەیەن، گەر ئەو تێشکانە ببێتە مایەی نوێبوونەوەی بەردەوامی ئەزموون لە هاوجۆربوونی[50] مەزنتر و بەردەوامبوونی بەهێزتر لە فراژووتندا، ڕووەو تێهەڵکێشکردنی سووڕی ژیانی تاکەکەس لەگەڵ هەندێک پەیوەستبوونی ماناداری بەرینتر».* (Erikson [1950] 1963, 249)

ئێریکسۆن باوەڕی وابووە کە مرۆڤ هەردەم ڕێی هەیە بۆ گەڕانەوە و چەندوچۆنکردنی دۆزەکانی قۆناخی پێشوتری فراژووتن. باوەڕی هەبوو بەوەی ئەرکەکانی هەر قۆناخێک، بەدرێژایی ژیانمان لە گشت سەختانگێکی خۆشەویستی و کاردا، بەردەوام خۆیان ڕەپێش دەخەن. هەرچەندە ئەوە ڕاستە کە بنەمای متمانە و سەرخۆبوون لە بەرایی تەمەندا دێتە داڕشتن و پاشان کاریگەری دەبێت لەسەر تەک[51] و ئادگاری[52] دواترمان، هەروەها ئەوەش ڕاستە کە مرۆڤ بەدرێژایی ژیان دەتوانن، ڕێگەی باشتر بگرنەبەر بۆ چارەسەری هەر ئەرکێکی سەربە فراژووتن. ئێریکسۆن هەستی کردبوو کە ساڵەکانی سەرەتای زارۆکەتی بۆ فراژووتنی متمانە، ئاوتۆنۆمی و دەستپێشخەری لای منداڵ گرینگن، بەڵام باوەڕی وا نەبوو کە ئەوانە هەموو لە دەست دەچن گەر منداڵ لەو سێ قۆناخانەی سەرەتادا ئەزموونی سەختیان بێتە ڕێ.

دەتوانین ئەو سێ قۆناخانە وەک «بەڕۆژگەی دەرفەت» windows of opportunity، یان خشتەی فراژووتن تەماشا بکەین. گرینگن چونکە مێشک ئەو دەمە بۆ وەرگرتنی جۆرە تایبەتەکانی فێربوون زۆر تەیارە. بۆ نموونە، ئێریکسۆن قۆناخی «متمانە بەرانبەر بەدگومانی» لە «بەڕۆژگەی دەرفەت»دا داوەتە دوازدە مانگی سەرەتای ژیان. ئەو ئەزموونانەی لەو دوازدە مانگەدا دێنە ڕێ، پێشانی دەدەن داخۆ منداڵەکە لایەنی متمانە دەگرێت یان بەدگومانی. ئەگەر پێویستییەکانی ساوایەک بەردەوام دابین بکرێن ئەوا ساواکە لایەنی متمانە دەگرێت. هەرچۆنێک بێت، گەر پێویستییەکانی ساواکە بە ڕێکی دابین نەکرێن، ساواکە ڕوو لە بەدگومانی دەکات. ئەوجا بەدەم هەڵکشانی تەمەن و دوورکەوتنەوەی ساوا لە «بەڕۆژگەی دەرفەت»، سازڕێژکردنەوە سەختتر دەبێت. وێرای ئەوەش، گەر کارلێک و ژینگەی دروست فەراهەم بن، سازڕێژکردنەوە هەر بەرشیانە.[53] لە گوتاری «بەستنەوەی بنەماکانی مێشک بە فێرکارییەکی بەرزەجۆر بۆ زارۆکەتیی بەرایی» Linking Brain Principles to High-Quality Early Childhood Education لە گۆڤاری *Exchange*، ژمارەی نۆڤەمبەر-دیسەمبەری ساڵی 2011، نووسەران Stephan Rushton و Anne Julia-Rushton دەنووسن:

*هەنووکە زانایانی دەمارناسی neuroscientists دەزانن کە خانەدەمارییەکانی مێشک بەدرێژایی هەموو ژیانمان هەم فراژووتن (نەرمییەتی plasticity) و هەم نەمان (هەڵپاچین pruning) ی لە ڕێیە. هەرچۆنێک بێت، ئێمە مەزنترین گەشەکردن — و هەروەها زۆرترین هەڵپاچین - مان لە سەرەتای زارۆکەتیدایە... ئەو پێڤاژۆیە پاش لە دایکبوون تاڕادەیەک هێواش دەبێتەوە. هەرچۆنێک بێت، هەتا تەمەنی دوازدە ساڵی،*

---

50 – هاوجۆربوون: sameness، وەکیەکبوون، هاوشێوەبوون.

51 – تەک: action، کار.

52 – ئادگار: attribute، تایبەتمەندی، خەسڵەت.

53 – بەرشیان: possible

*ڕێچکەدەمار[54] بەردەوام دێنە پێکهاتن و... هەتا منداڵ پتر کارلێکی لەگەڵ دەوروبەردا هەبێت، ئەمانیش فراژیتر دەبن. ئەو خانەدەمارییانە نەیەنە وروژاندن یان پەیوەندیان لەگەڵ خانەدەمارییەکانی دیکە نەبێت، دێنە هەڵپاچین و هەڵوەشان... فەراهەمکردنی ئەزموونی واتادار و ئایەتی (ئەرێنی) بۆ منداڵان، بەڕاستی دەبێتە مایەی شێوەڕێژکردنی مێشکیان! (9)*

سێ قۆناخەکانی ئێریکسۆن، لێرەدا شەنوکەو کراوە، چونکە ئەو قۆناخانەن لە سەرەتای ساڵەکانی زارۆکەتیدا کار لە منداڵان دەکەن.

**متمانە بەرانبەر بەدگومانی**

یەکەم قۆناخی فراژووتنی دەروون-جڤاکی-ی ئێریکسۆن؛ یەکەم ساڵی تەمەن دەگرێتەوە و بریتییە لە «متمانە بەرانبەر بەدگومانی». ئەرکی منداڵی ساوا لەم قۆناخەدا بریتییە لە فراژووتنی هەستی متمانەیە بە خۆی، بە کەسانی دیکە و بە دونیای دەوروبەر. ئێریکسۆن لەمەڕ متمانە نووسی کە دوو پاژی هەیە، یەکیان دەرەکی *external* — باوەڕە بەوەی کەسانی گرینگی گەورەساڵ ئامادەن بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی منداڵەکە، دووهەمیان ناوەکی *internal* — باوەڕە بەوەی خۆی توانای هەیە سازکردنی گۆڕانکاری و هەڵکردن لەگەڵ بارودۆخی هەمەجۆردا. ئەو ساوایەی لەم قۆناخە سەرەتاییەدا سەرکەوتووانە فێری خۆگونجاندن دەبێت، بە هەستێکی دڵنیاوە کە ئەم دونیایە شوێنێکی باشە بۆ ژیان، ڕوو لە ساڵی دووهەمی تەمەن دەکات. پێیان وایە کە هەردەم گەورەساڵ ئامادە دەبن بۆ دابینکردن پێویستیی جەستەییان، بۆ ڕێنوێنی و پاڵپشتیکردنیان. باوەڕیان دەبێت بەوەی گەورەساڵ پەرۆشیانن، دامەزراوی و بەردەوامی بۆ ژیانیان فەراهەم دەکەن. ئەوان دەزانن خۆیان هێزی ئەوەیان هەیە، هەر کاتێک پێیوستیان بە یارمەتی بێت، گەورەساڵ بە فرمێسک، زەردە و پەشێوی خەریک بکەن.

ئەو بەشدارییەی گەورەساڵ، پاژێکە لەوەی ئێمە بە پەیوەست[55] *attachment* ناودێری دەکەین. ئەوە بەستەرێکی تایبەتە لە نێوان ساوا و گەورەساڵی گرینگی ژیانیان. ساوای خاوەن «پەیوەستی ئاسوودە»[56] بە ئامادەبوونی ئەو گەورەساڵە، هەستی بە ئامان و ئاسوودەیی پتر دەبێت. ساواکە، کەسی گەورەساڵ وەک جێیەکی سەلامەت بەکار دێنێ بۆ دەرچوون و پەیدۆزیی جیهان. کاتێک ڕووبەڕوی هەر جۆرە مەترسییەک دەبێت، وەکوو دیمەن، دەنگ، یان دۆخی نائاسایی، پێویستی بەوەیە بتوانێت خێرا بگەڕێتەوە باوەشی گەورەساڵێکی جێباوەڕ بۆ ئاسوودەیی و ئەهوەنی. ساوا کە لە ماوەی ساڵی یەکەمدا هەستی متمانەیان تێدا دێتە فراژووتن، پەیوەستی کەسە گرینگەکانی نێو ژیانی خۆیان دەبن.

---

[54] – ڕێچکەدەمار: Neural pathway، زنجیرە دەماریی تێپەڕگە، زنجیرە دەماریە بۆ گواستنەوەی ئاگاداری.

[55] – پەیوەست: Attachment

[56] – پەیوەستی ئاسوودە: Secure attachment، دژبەرەکەی دەکاتەوە پەیوەستی ناسوودە (نائاسوودە): Insecure Attachment

ئێریکسۆن باوەڕی وابووە کە تەواوکردنی هەر قۆناخێکی فراژووتن، بنەمای قۆناخی دواتر دادەنێ. هەستێکی بنچینەیی متمانە گرینگە بۆ ئەوەی منداڵ بچنە قۆناخی دواتر بۆ فراژووتنی سەرخۆبوون autonomy تێیاندا. بۆ نموونە، ئادگارێکی باو لای منداڵێک کە کەماسی هەیە لە پەیوەستبوونی بەهێز لەگەڵ گەورەساڵی گرینگ، کورتهێنانە لە فراژووتاندنی هاوسۆزی[57] *empathy* (توانای خۆ دانانە لە جێ کەسێکی دیکە و پەیبردنە بە هەستەکانی). لەم ساڵانەی دواییدا کاتێک هەرزەکار تاوانی توندوتیژیان ئەنجام دەدا و هیچ پەشیمانییان دەرنەدەبڕی، سەردێڕەکان تەژی بوون لە پرسیاری: «بۆچی؟»، هەڵبەت ڕاستە وەڵامەکە زۆر ئاڵۆزترە لە بیردۆزەی فراژووتنی دەروون-جڤاکی-ی ئێریکسۆن. هێشتاش هەندێک لە نووسینەکانی نیو سەدە لەوەوپێشی ئێریکسۆن، لەژێر ڕۆشنایی دۆخی بەشێکی زۆری منداڵانی ئەمڕۆ، لە پێشبینی دەچن. وەختێک پێویستیی منداڵ دابین نەبێت، توانایان نابێت بۆ فراژووتاندنی متمانە بە خۆ و بە جیهانی دەوروبەر. بە دیدی ئێریکسۆن، منداڵ گەر کەماسی هەبێت لەو هەستە بنچینەییەی متمانە، توانایان لاواز دەبێت بۆ فراژووتاندنی ئاستە باڵاکانی دیکەی کارکردی جڤاکی.

ئێریکسۆن باوەڕی وابووە دوو کردار هەن دەبنە پاڵێک لە یارمەتی دایکوباوک و مامۆستایان بۆ فراژووتنی ئەو هەستە بنچینەییەی متمانە لای ساوا: لەئامێزگرتنی ساوا و پەیوەندیی گەرمی جەستەیی کاتی خواردندان و هەروەها بەرسڤی ڕاستەوخۆی پەژارەییان[58] کاتێک دەیکەنە هەرا و گریان. ئەو دوو کردارە، توانای فێرکارانەی گرینگن بۆ دایەن (سەرپەرشتیی ساوایان). بەرزبوونەوەی ژمارەی منداڵانی بچووک لە دایەنگە یان لە ماڵ لە لای دایەن، ڕووی لە زیادبوونە. گۆڕانی هەلومەرجە جڤاکییەکان، پێویستییەکانی سەربە فراژووتن لای منداڵی بچووک ناگۆڕێ. پێویستیی ساوا بۆ پەرۆشیی خۆشەویستانە نەگۆڕاوە. کەواتە بەرۆکگیری ئێمە بریتییە لە چێکردنی لانەی وەهایە کە پێویستیی ساوا بێتە دابینکردن و هەروەها هەوڵی دایکوباوکەکانیش بۆ دابینکردنی پێویستیی منداڵەکانیان، لە لایەن مامۆستایانەوە بە بەرسڤی شاد و خۆشامەدەوە بسەلمێنرێن. دایەنگە دەبێت کەشێک فەراهەم بکەن ساوا و خێزانەکانیان تێیدا بڕسکێن. ئەم کردارانەی دیکە، سێ ڕووکاری گرینگن لە پاڵپشتیکردنی فراژووتنی متمانە. لە کتێبەکەم *Theories of Attachment* بە قووڵی دەربارەیانم نووسیوە.

مامۆستا گەر مەبەستیانە پشتیوانی لە فراژووتنی متمانە بکەن لای ساوا، پێویستە:

- بەدەم خواردندانەوە لەئامێزگرتن
- بەرسڤی پەژارەیی ساوا
- دایەنگە (چاودێریی ساوایان) یارمەتیی پەیوەستبوون بدات.

**بەدەم خواردندانەوە لەئامێزگرتن**

کاتی خواردندان بە ساوا، چۆن ژەمێکی پڕخۆراک[59] nutritious گرینگە بۆ فراژووتنی جەستەیی، خۆشیی گەرموگوڕی و لەباوەشگرتنیش بە هەمان ئەندازە گرینگە بۆ فراژووتنی سۆزداری. لەم بەرایی تەمەنەدا، ساوا لە

[57] – هاوسۆزی empathy

[58] – پەژارەیی: distress، دڵتەنگ، خەمباری

[59] – پڕخۆراک: nutritious

ڕێی هەستەکانیانەوە فێر دەبن. کاتێک گەورەساڵێکی ناسیار بەدەم خواردندانەوە بە زەردەوە ماچی دەکات و لە باوەشی دەگرێ، ساواکە فێر دەبێت کە گرینگ و خۆشەویستە. کاتێک مامۆستا دەزانن ئاسوودەیی و دڵخۆشی بۆ ساوا لە ماوەی خواردندا وەک خۆراک گرینگە، دەتوانن لە داڕشتنی بەرنامەی کار لە هۆبەی ساواياندا زەمینەیان بۆ ساز بکەن. چرای کز، مۆسیقای ئارام و کورسی لانکەیی دەبنە سەکۆیەکی باش بۆ ژەمێکی شاد. گرینگی سازکردنی هەڤبەندیی لە ماوەی خواردندا داوا لە مامۆستا دەکات سەرنجگیری ساواکە بێت - خەندە، لەئامێزگرتن و دواندن. ئەوە کاتی ئەوە نییە مامۆستایان لەگەڵ یەکدی باسی جڤینی حەوتوی داهاتووی کارمەندان بکەن! سەنتەر هەیە تابلۆیەکی لە دەرگەی هۆبەی ساوایان داوە دەڵێت: «ئێمە فراڤین دەخۆین، هەراسانمان مەکەن، تکایە!». ئەوە پەیامێکی ڕوونە کە، لەم کاتە تایبەتەی مامۆستا و ساوادا، پەیوەندی تەلەفۆنی، پەیام و سەردانکردن (هەڵبەت دایکوباوکی ساواکانی لێ دەرچێت) ناپەسەندە.

لەبەر ئەوەی پەیوەستبوون بە گەورەساڵی تایبەت بەشێکی گرینگە لە فراژووتنی ئەم قۆناخە، دەبێت هێندەی خشتەی کار ڕێ بدات، وەهای ڕێک بخەین مامۆستایەکی دیاریکراو خواردن بداتە ساوایەکی دیاریکراو چونکە ئەم کارە دەبێتە یاریدەری منداڵ بۆ پەیداکردنی ئەو هەستە بنچینەییەی متمانە.

ئێریکسۆن ڕوونی دەکاتەوە کە پاژێکی بەرفرەوانی سەرکەوتن لەم قۆناخە بەرایيەی فراژووتن بریتییە لە جۆرایەتیی هەڤبەندیی دایکوباوک-منداڵەکە. ساوا پێویستیان هەیە بەوەی چەندی بکرێ پەیوەندی گەرموگوڕ و خۆشەویستیی دایکوباوکیان وەربگرن. لەبەر ئەو هۆکارە، بەرنامەکانی ساوایان نابێت تەنها خۆشهاتن لە دایکی شیردەر بکات، بەڵکوو دەبێت جێوڕێی فیزیکیش فەراهەم بکات تێیدا تەنهایی، مۆسیقای ئارام و ئاسوودەیی تەرخان بێت بۆ دایک و منداڵەکان تا کاتێکی تایبەتیان هەبێ بۆ خواردن. هەروەها بۆ ئەو دایکە شیردەرانەش کە ناتوانن بەڕۆژ شیر بدەنە منداڵ، پێویستە بەرنامەکە ڕێ بدات بە وەرگرتنی شیری دادۆشراوی مەمک بۆ ئەوەی بە مەمەشیر بدرێتە منداڵ.

**بەرسڤی پەژارەیی ساوا**

لە هەر خولێکی من تێیدا باسم لە فراژووتن کردووە، کەسێک پرسیویەتی ئایە بەدەمەوەچوونی گریانی منداڵ نابێتە «بەدەمەوەدان»[60] spoiling؟ جارێکیان مامۆستایەکی منداڵی ساوا، منداڵێکی لەگەڵ بوو دەیزریکاند، چاوی لێم هەڵبڕی و گوتی: «ئەم منداڵە زۆر زۆر پەیوەستی دایکوباوکی خۆیەتی! من هەوڵ دەدەم فێری بکەم ئێمە ناتوانین هەر کاتێک ئەو دەگریەت خێرا بەدەمیەوە بێین!».

ئەگەر مامۆستا بیردۆزەکانی ئێریکسۆن بکەنە بنەمای چاودێری ئەوا دەزانن کە ساوا توانستی هەڵکردنیان[61] کەمە و ئەوە ئەرکی کەسانی گەورەساڵە ئاسوودەییان بپارێزێت. ئەو بەرنامانەی ستافەکانی پەی بە فراژووتنی ساوا دەبەن، ڕێسایان هەیە بۆ خێرا بەدەمەوەچوونی فرمێسکی ساوا. وێڕای ئەوەش، لە USA، ئەو ڕایە هەر ماوە کە دەڵێت بەدەمەوەچوونی گریانی منداڵ دەبێتە هۆی نازۆکردنیان.

---

[60] - بەدەمەوەدان: spoiling نازۆکردن، زێدەناز و ڕێگە دان بە منداڵ چی پێخۆشە بیکات و هەیبێت.

[61] - هەڵکردن: coping

بە دیوێکی دیکەدا، دایکوباوک هەن ببڕای ببڕ دەرفەت نادەنە منداڵ لەگەڵ هیچ ئاستێکی پەژارەییدا هەڵبکەن. لێکۆڵینەوەکانی ئەم بوارە (Young-Eisendrath 2008) هەروەها بەرهەمی ڕەسەنی مۆنتیسۆری-یش لەمەڕ فراژووتنی سەرخۆبوون و بەرهەمی Magda Gerber 1997 (و بەرهەمی دیکەشی) لەمەڕ کارامەیی، هەموویان جەخت لە گرینگی فێربوونی هەڵکردن دەکەنەوە. ئەو ساوایەی پێویستییەکانی هەمیشە بەخێرایی دابین دەبن توانای هەڵکردنی لەگەڵ پەژارەییدا لاواز دەبێت. دایکوباوک و مامۆستا پێویستیان بە خۆباوەڕییە تا ڕێ بدەن بە منداڵ — کەمکەم - فێری هەڵکردن بێت. هاوسەنگی کرۆکی باسە.

بیردۆزەی ئێریکسۆن دەڵێت منداڵ، گەر بزانن، گەورەساڵ خێرا بەدەم گریانیانەوە دێن، بەهێزترین هەستی ئاسوودەیی دەفرووژێنن. پاشان، کە کەمێک تەمەنیان هەڵکشا، توانای هەڵکردنیان دەبێت لەگەڵ درەنگکەوتنی دابینبوونی پێویستییەکانیان. دابینکردنی خێرا و یەکبینی[62] پێویستی لە یەکەم ساڵی تەمەندا، گەورەساڵ پێچەوانەی بەدەمەوەدان [نازۆکردن] کار دەکەن. گەورەساڵ، بە چاودێریی یەکبین و بەرسڤدار،[63] بنەما دادەڕێژن بۆ گەشەکردنی ساوا ڕووەو منداڵی بەهێزی خۆڕاپەرمووی ئامادە بۆ داکۆکی لە سەرخۆبوونی خۆیان.

### دایەنگە (چاودێریی ساوایان) یارمەتیی پەیوەستبوون بدات

بیردۆزەی ئێریکسۆن دەربارەی فراژووتنی ساوا، مامۆستا و دایکوباوک دڵنیا دەکاتەوە لەوەی «زێدە پەیوەستبوون»ی ساوای خوار یەک ساڵ گەورەساڵێکی نێو ژیانیان دیاردەیەکی شیانبەدەرە.[64] مامۆستای ئەو چیرۆکەی سەرەوە دەیهەویست منداڵەکە فێر بکات کە گەورەساڵ ناتوانن هەردەم بەردەست بن، شاخاڵی فەراهەمکردنی چاودێریی جۆرەکیی ساوایان نەپێکاوە. سەرلەبەری فراژووتنی هەستی متمانە بریتییە لە پەیوەستبوون. ئەوە ئەرکی مامۆستایە هێندەی بەرشیانە[65] چاودێریی دامەزراو فەراهەم بکات. لەبەر ئەوەیە ڕێکخستنی خشتەی ستافەکان لە بەرنامەی چاودێریی ساوادا، لە دایەنگەدا، بیرۆکەیەکی باشە.

ئێریکسۆن جەختی کردۆتەوە کە هەبوونی هەڤبەندیی پڕبایەخ لەگەڵ ژمارەیەکی کەمی گەورەساڵ زۆر گرینگە بۆ ئەوەی ساوا توانا بن ئەرکی فراژووتاندنی متمانەی بنچینەیی بە ئەنجام بگەیەنن. بۆ ئەوەی ئەم هەڤبەندییانە لە نێو سازمانەکانی چاودێریی منداڵدا بێنە فراژووتن، گرینگە ساوا، کاتێک لەسەرخەو بەخەبەر دێنەوە، کاتی داپیگۆڕین، وەژوورکەوتنی پاش پیادەڕەوی، یان کاتی خواردن، ڕووبەڕووی هەمان گەورەساڵ ببنەوە. جار هەیە هەم مامۆستا و هەم دایکوباوک بەرهەڵستیی دایەن دەکەن. لە سازمانەکانی چاودێریی ساوایان مامۆستا هەن دەڵێن ساواکان تەواوی ڕۆژەکە دەگرییەن گەر دایەنەکانیان لە سەنتەرەکە پەنام (غایب) بێت. دایکوباوکیش هەروەها، جار هەیە دەڵێن: «نیگەرانم لەوەی منداڵەکەم زۆر وابەستەی دایەنەکەی بووە. حەوتووی ڕابرد مامۆستاکە نەخۆش بوو، نەهاتە کار، منداڵەکەم تەواوی ڕۆژەکە گریا».

---

62 – یەکبین: consistent، یەکنەوا، یەکرەوت.

63 – بەرسڤدار: responsive

64 – شیانبەدەر: impossible

65 – بەرشیان: possible

پەندی پێشینان هەیە دەڵێت: «خۆشویسترابیت و پاشان وێڵکرابیت باشترە لەوەی ببڕای ببڕ خۆشنەویسترابت». بیردۆزەی ئێریکسۆن ئەوە دەپەژرێنێت[66] کە هەڤبەندیی بەهێز لەگەڵ چەند گەورەساڵێکی پڕبایەخ لە یەکەم ساڵی ژیانیاندا گرینگە، تەنانەت گەر دواتر منداڵ جوداش بکرێنەوە لەو کەسانەی پەیوەستیان بوونە. ئەو ڕاستییەی کە جوێکردنەوەیان لەو گەورەساڵە تایبەتانە بۆ منداڵ دەبێتە هۆی پەژارەیی و داوای ئاسوودەیی لە کەسانی دیکە، بە دیدی ئێریکسۆن، هۆیەکی باش نییە بۆ ڕێبەستن لەو پەیوەستبوونە. پەیوەستبوون بنەڕەتییە، تەنانەت گەر هەمیشەیش نەبێ و پێڤاژۆی شیوەنگێڕی[67] بۆ گەورەساڵی تایبەت و ژێرکردنەوەیان لە لایەن گەورەساڵی دیکەی جێمتمانەوە،[68] ئاماژەیەکی دیکە دەداتە ساوا کە پێویستییەکانیان دابین دەکرێن.

### ئاوتۆنۆمی بەرانبەر شەرم و دڕدۆنگی

قۆناخی دووهەمی فراژووتنی دەروون-جڤاکی -ی ئێریکسۆن، ماوەی ساڵی دووهەم و سێهەمی ژیانی منداڵ دەگرێتەوە، بریتییە لە *ئاوتۆنۆمی بەرانبەر شەرم و دڕدۆنگی* ***autonomy versus shame and doubt***. ئەرکی فراژکاری[69] ئەم قۆناخە بریتییە لە بەهرەداربوون بە هەستی ئاوتۆنۆمی (سەرخۆبوون، سەرفەرازی) بەبێ ڕەنجی لەڕادەبەدەری شەرم و گومان. ئەو منداڵەی لەم قۆناخی فراژووتنەدا سەرکەوتووانە خۆ دەگونجێنن، دەبنە خاوەن خۆناسینێکی بەهێز. بۆ جودابوونە لە دایکوباوک و دایەنەکان بۆ ماوەیەکی سنووردار، خۆڕاپەرموو دەبن. داوا دەکەن خۆیان تشتی خۆیان ساز بکەن گەر بەرشیان بێت. مامۆستای ساوایان ڕاهاتوون بە بیستنی «نەخێر! من! خۆم! من دەیکەم!»، کە ئادگاری فراژووتنی ئەم قۆناخەی فراژووتنن. منداڵی ساوا وەهان، ساتێک خواستێکی بەهێزیان هەیە بۆ سەرخۆبوون و لەناکاو دەبنە چاولەدەست[70] و گیرۆدە.[71]

بە دیدی ئێریکسۆن، ئەمانە هەمووی پاژێکی سروشتین لە فراژووتنی منداڵی ساوا. ئەو دەڵێت منداڵ لەو قۆناخەدا مامەڵە لەگەڵ بەرۆکگیرییەکانی «ڕێگرتن»[72] و «ڕێدان»[73] ـدا دەکەن. ئێریکسۆن مەبەستی لەم دووانە چەند شتێک بوو. دەیزانی هەم «ڕێگرتن» و هەم «ڕێدان» دەکرێت لە ئاکاری مرۆڤدا هێزی ئایەتی (ئەرێنی) و هەروەها نایەتی (نەرێنی) بن. «ڕێگرتن» دەکرێت تێکدەر بێ: ڕەفتاری جڵەوگیر،[74] نەساز[75] و نەکڵۆک. دەشکرێت سازەندەش[76] بێ: پەیوەستبوون بە کەسانی تایبەت، بوێری لە دەمی نەهامەتیدا، پێداگری لە تەواوکردنی ئەرکێکدا. «ڕێدان» دەکرێت تێکدەر بێ: سەرشێتی، لەدەستدانی کۆنترۆڵ لە کاتی توڕەییدا،

---

[66] – پەژراندن: confirmation

[67] – شیوەنگێڕی: mourning

[68] – جێمتمانە: reliable

[69] – فراژووتن: development، فراژکار: developmental

[70] – چاولەدەست: needy

[71] – گیرۆدە: clingy

[72] – ڕێگرتن: holding on، توندگرتن، سەختگرتن

[73] – ڕێدان: letting go

[74] – جڵەوگیر: controlling

[75] – نەساز: unyielding

[76] – سازەندە: Constructive، بنیاتنەر

لێدان و گازگرتن. «ڕێدان» دەکرێت سازەندەش بێ: هاوکاریکردن لە هەڤبەندیدا، بەشکردن و سەلماندنی پلانی ئەوانی دیکە. دیسان، هاوسەنگی کرۆکی باسە.

ئێریکسۆن باوەڕی وابوە کە منداڵی بچووک دەکۆشن بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێوان «ڕێگرتن» و «ڕێدان» ی شیاودا. بوارەکانی ئەو کۆشانە بریتییە لە: بەشکردن لەگەڵ هاوڕێیان، هەڤبەندییەکان لەگەڵ دایکوباوک و دایەنەکان، سەرئاوکردنی سەربەخۆ و ئەنجامدانی هەڵبژاردن. ئێریکسۆن پێی وابوو یەکێک لە لەمپەرە سەرەکییەکان بۆ منداڵی بچووک لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکە بریتییە لە خووی زێدە جڵەوگیری لە لایەن ئەو گەورەساڵەی کە دەبێتە بەربەست و خەفەکار لە ڕێی گەشەکردنی خواستی سەرفەرازبوون لای منداڵی بچووک. کاتێک گەورەساڵ ناتوانن هەڵکەن لەگەڵ ئەم ڕاژانەی[77] منداڵ لە نێوان جووتە پێویستیی سەرخۆبوون و وابەستەبوون لەم قۆناخەدا، ئەوان بەزۆری منداڵەکە بە ئاکارێک شەرمەزار دەکەن کە لە ڕاستیدا لە ڕووی فراژووتنەوە شیاوە.

بۆ منداڵان، کاریگەریی ئەو شەرمەزارکارییە دووبەشە. کورتمەودا،[78] منداڵە ساواکە دڵشکاوتر و خۆڕاگرتر دەبێت. دوورمەودا،[79] مندڵەکە، ئاکاری گەورەساڵەکە هەڵدەگرێتەوە، خۆی دەبێتە جڵەوگیر و نەسەلمێن. منداڵی بچووک بۆ فراژووتاندنی هەستی بەهێزی سەرخۆبوون، پێویستیان بە دەرفەتی لەبارە بۆ هەڵبژاردن و کۆنترۆڵکردن. هاوکات، پێویستیان هەیە بە سنووری یەکنەوا، ئاسوودەبەخش و بڕیاردە کە لە لایەن گەورەساڵی چاودێرەوە بێتە داڕشتن. منداڵی بچووک بە ئاسانی دەبنە قوربانیی هەستە بەهێزەکانی خۆیان و جار هەن پێویستە گەورەساڵ بێتە پێش. ئەو هاتنەپێشە بەرپرسایەتیی خۆمانە.

ئێریکسۆن دەڵێت ئەم قۆناخە کاتێکی گرینگە لە فراژووتندا چونکە ئەنجامەکانی بەڕادەیەکی زۆر دیاری دەکات، بڕی خۆشەویستی و ڕک، هاوئاهەنگیکردن و کەماسیی هەماهەنگی و هەروەها ئازادیی ڕادەربڕین یان مەیلی خەفەکردنی هەستە، ئەمانەش دەبنە پاژێک لە کەسایەتی منداڵ بۆ تەواوی ژیانیان. منداڵ گەر توانا بن، بەبێ لەدەستدانی خۆڕێزی[80] self-esteem، هەستێکی بەهێزی خۆکۆنترۆڵکردن[81] بفراژێنن، ئەوا هەست بە شانازی و خۆڕاپەرموون دەکەن. بەڵام گەر منداڵ تووشی لەدەستدانی کۆنترۆڵ و شەرمەزاریی لەڕادەبەدەر بن، ئەودەم مەیلی خۆگومانیان[82] تێدا دەرسکێت. دیسان، لەژێر ڕۆشنایی تۆژینەوەکانی ئەم بوارەی لەسەرەوە باسیان هات، خۆڕێزیی گونجاو، نەک زێدەڕۆ، دەبێتە ئارمانجی ئێمە لە بۆ دەروونسازییەکی سۆزەکیی گەش.

لێمان ڕوونە کە گەورەساڵی چاودێری منداڵی بچووک، بۆ ڕێنوێنییان بەدرێژایی ئەم قۆناخە جەنجاڵە،[83] ئەرکی هاوسەنگکردنیان لە ئەستۆیە. ئێریکسۆن باوەڕی وابووە منداڵی بچووک، بە پاڵپشتی و دەرکردنی گەورەساڵی گرینگەوە، دەتوانن سەرەدەری لەم قۆناخە بکەن، خۆڕاپەرموون بگیرسێنن و خۆ ئامادە بکەن بۆ دەستپێشخەری

---

[77] – ڕاژان: swinging، جوڵانی، جێگۆڕکێ لە نێوان دوو خاڵی بەرانبەر یەک.

[78] – کورتمەودا: short term

[79] – دوورمەودا: long term

[80] – خۆڕێزی: self-esteem

[81] – خۆکۆنترۆڵکردن: self-control

[82] – خۆگومان: گومان لە خۆ کردن. لە خۆ ڕانەدیتن.

[83] – جەنجاڵ: tumultuous

لە قۆناخی دواتری فراژووتندا. ئێریکسۆن باوەڕی وابووە گەورەساڵ دەتوانن بەم هەنگاوانە ڕێ بۆ سەرخۆبوونی منداڵانی ئەو تەمەنە خۆش بکەن:

- پێدانی هەڵبژاردنی سادە بە منداڵان؛
- پێنەدانی هەڵبژاردەی چەوت؛
- دانانی سنووری ڕوون، یەکنەوا و گونجاو؛
- پەسندکردنی ڕاژانی منداڵ لە نێوان وابەستەبوون و سەرخۆبووندا و هەروەها دڵنیاکردنەوەیان لەوەی کە هەردووکیان باشن.

ئێریکسۆن باوەڕی وابوە کە منداڵ لەم قۆناخە پێشبینی نەکراوەی فراژووتنیان دەبێت، بێ لەدەستدانی پاڵپشتی و ئاسوودەیی لە گەورەسالانی گرینگی نێو ژیانیان، دەرفەتیان هەبێت بۆ تووڕەبوون و مەرجدانان. گەر گەورەساڵ هەڵبژاردە و سنووری ڕوون لەو قۆناخەدا فەراهەم بکەن، منداڵی بچووک دەتوانن شاد و ئاسوودە بن بەوەی پێویستیانە ساتێک «منداڵێکی گەورە» بن و پاشان ببنە «ساوا».

**مامۆستایانی منداڵی بچووک چۆن دەتوانن بیردۆزەی ئێریکسۆن پیادە بکەن؟**

- هەڵبژاردەی سادە بدەنە منداڵ
- هەڵبژاردەی چەوت وەلانێن
- سنووری ڕوون بۆ منداڵ داڕێژن
- نۆرەکاریی[84] پێویستیی نێوان وابەستبوون و سەرخۆبوون پەسەند بکەن

*هەڵبژاردەی سادە بدەنە منداڵ*

بەپێی ئێریکسۆن، منداڵی بچووک پێویستیان هەیە دەرفەتیان هەبێت سەربەخۆ چەند بژارەیەک هەڵبژێرن. بەرنامەی منداڵی بچووک، بە فەراهەمکردنی زەمینە بۆ خۆهەڵبژاردنی[85] چالاکی و کەرەستە، دەتوانێت پاڵپشتیی ئەم سەرخۆبوونە بکات. هۆدەکان دەبێت ڕەفەی نزمیان هەبێت بۆ کەرەستەی پێویست تا منداڵ بچووک، بەبێ یارمەتیی کەسانی دی، بتوانن هەڵبژاردنی خۆیان بکەن. لەبەر ئەوەی توانستی بەشکردن هێشتا باش فراژی نییە، دەبێت کتێب و لیستۆکی دڵپەسەندی منداڵەکان نموونەیان دووهێند و چەندهێند بن. بەم جۆرە هەم کاری مامۆستا ئاسانتر دەبێت هەم منداڵ شادتر دەبن چونکە کێشمەکێشمی نێوخۆی منداڵی بچووک کەم دەبێتەوە.

---

[84] - نۆرەکاری: alternating، یەک لە دوا یەک، بە نۆرە

[85] - خۆڕێکخستن: self-selection

خشتەکان دەبێت کاتی فرە تەرخان بکەن بۆ ئەوەی منداڵی بچووک بتوانن، لە نێو چەند بژارەیەکی پەسندکراودا، ئەوەی گەرەکییانە هەڵیبژێرن. مامۆستا نابێت چاوەڕێ بن هەموو منداڵاکان لە هەما کاتدا، هەمان تشت بکەن. مامۆستا دەتوانن یارمەتیی منداڵی بچووک بکەن خۆیان بژارەی لەبار هەڵبژێرن و خواستەکانی خۆیان دەرببڕن، با ڕێک ئەوەی منداڵەکەش مەبەستێتی لەوێدا بەرشیان نەبێت. مامۆستا بە دەربڕینی وەک: «دەزانم تۆ هەنووکە دەتەوێت وەدەر بکەویت. من پێم خۆشە بۆمان هەبا بچینە دەرێ. کاتێک دەتوانین بچینە دەرێ کە هەموو داپییەکان گۆڕدراون» هەستی منداڵی بچووک بپەژرێنن.[86]

بژارەکان، لەم تەمەنەدا، دەبێت سادەبن هەم بۆ یارمەتیدانی منداڵ فێری هەڵبژاردن بن و هەم بۆ ئەوەی مامۆستا دەروەستی بژارەکان بێن. زۆربەی منداڵانی دوو ساڵە بۆ پرسیاری وەک «بۆ فراڤین چیت لا خۆشە؟» تەیار نیین، بەڵام هەڵبژاردن لە نێوان بابۆڵەی پەنیر و بابۆڵەی کەرەی وەنەشامی[87] ڕێک باشترین بەرۆکگیری پێشکەش دەکات. ڕوانین لە چەکمەجەیەکی پڕ لە جلوبەرگ لەوەیە منداڵی بچووک بخاتە گریە و هەڵچوون چونکە بژارەکان فرە زیادن. هەڵبژاردن لە نێوان کراسێکی سوور و زەرد، سەرخۆبوونێکی تەواو دەداتە منداڵەکە بۆ هەستکردن بەوەی کۆنترۆڵی بەسەر ژیانی خۆیدا هەیە.

### *هەڵبژاردەی چەوت وەلانێن*

زۆر مامۆستا هەن ئەو هەڵەیە دەکەن کە بریتییە لە پێشکەشکردنی بژارەیەک بە منداڵی بچووک کە لە ڕاستیدا بژاردە نییە. «زرەپرسیار»[88] بۆ منداڵ، کە خەریکی هەوڵدانن بۆ ناسینی توانای کۆنترۆڵ، دەبێتە مایەی سەرلێشێوان. گەورەساڵ و منداڵی فێرگەتەمەن (بەرخوێندن) تێدەگەن لەوەی «دەتەوێت دەفرەکان بشۆیت؟» داواکارییە، دەربڕینێکی بەئەدەبانەیە لە چاوەنواڕییەک، پرسیار نییە. منداڵی بچووک ناتوانن جیاوازیی نێوان ئەو جۆری پرسیارە و بژارەی ڕاستینەدا تێبگەن. لەبەر ئەو هۆکارە، مامۆستایان هەندێ جار سەراسیمە دەبن وەختێک دەپرسن: «دەتەوێت ئێستە بچیتە دەرێ یاری بکەیت؟» و منداڵەکە کە پێی وەهایە بژارەی هەیە دەیکاتە زریکاندن چونکە نایەوێت بێ خواستی خۆی بخزێنرێتە چاکەتەکەیەوە.

بۆ پێشکەشکردنی ئەو کۆنترۆڵەی منداڵ لەم قۆناخەدا پێویستیانە، هەوڵ بدە داواکارییەکە بە شێوازێک دەربڕیت کە بژاردەی «چۆن» (نەک «داخۆ») ئەرکەکە بێتە ئەنجامدان، پێشکەش بکات. بۆ نموونە، بڵێ: «ئێستە دەچینە دەرەوە. دەتەوێت یارمەتیت بدەم چاکەتەکەت لەبەر بکەیت، یان دەتەوێ خۆت بیکەیت؟» لێرەدا ڕوونە کە کردارەکە (وەدەرکەوتن، وەژوورکەوتن، سەرخەو شکاندن و هەتا دوایی) بژاردە نیین. هەڵبژاردەکان بریتین لەوەی منداڵەکە خۆی تەیارە بۆ ئەنجامدانی ئەو کردارە یان پێویستی بە یارمەتییە لە گەورەساڵێک.

---

[86] – پەژراندن: acknowledgment، سەلماندن، پەسەندکردن.

[87] – وەنەشامی: peanut، بادەم زەمینی، زڕفستق، زڕبستە

[88] – زرەپرسیار: rhetorical question، جۆرە پرسیارێکە بەرسڤەکەی لەخۆوە ئاشکرایە – پرسیاری ڕاستینە نییە و چاوەڕێی بەرسڤ نییە.

*سنووری ڕوون داڕێژن*

ئێریکسۆن باوەڕی وابووە کە ململانێی منداڵ لە نێوان کۆنترۆڵی دەرەکی و ناوەکی لەو قۆناخەدا، مەزنە. منداڵی بچووک کار لەسەر هەستەکانی خۆیان دەکەن. هەستیان بە کەسانی دیکە هێشتا ساکارە. ئەوان پەنا دەبەنە بەر پاڵنان، لێدان، گازگرتن و ڕاماشتنی کەلوپەل بە شێوازێکی بێهەستانە. لەبەر ئەو هۆکارە، مامۆستا لەم قۆناخەدا خزمەتێک پێشکەش منداڵ دەکەن گەر بەبێ شەرمکردن سنووری ڕوون و بڕیاردە داڕێژن. کاتێک سنوورە دەرەکییەکان، ئەوانەی لە لایەن گەورەساڵەوە سەپێنراون، ئەوجا منداڵ دەتوانن سەرنج لە فێربوونی کۆنترۆڵی ناوەکیی خۆیان گیر بکەن. گەر ئەم سنوورە دەرەکییانە، یەکنەوا نەبن، یان خراپ داڕێژرابن ئەودەم منداڵ بەردەوام دەبێت وزەی خۆیان وەگەڕ خەن بۆ تێگەیشتنی ئەو سنوورە دەرەکییانە.

ئەوە بوارێکە کە من دەبینم مامۆستای ئەم سەردەمە، لەچاو سەردەمی پێشوودا، کەمتر تێیدا توانان. هەر وەک لەو دێڕانەی سەرەوەدا هاتووە، دەربڕینی سنووری ڕوون بنەڕەتییە بۆ یارمەتیدانی منداڵی بچووک تا پێویستییەکانی خۆیان دابین بکەن. کارکردن لەسەر ئاخافتنی مامۆستا کە سەرشێوێن بێت، لەم قۆناخەدا یارمەتی مامۆستا دەدات. ئەم بابەتەم لە کتێبی *Use Your Words* بەچڕی شەنوکەو کردووە.

*نۆرەکاریی پێویستیی نێوان وابەستبوون و سەرخۆبوون پەسەند بکەن*

منداڵی بچووک شەیدایانە هەوڵی سەرخۆبوون دەدەن. جار هەیە مکوڕییان لەسەر پیادەکردنی خواستەکانی خۆیان دەبنە بەرۆکگیری! بەگوێرەی ئێریکسۆن، دەرفەتی پیادەکردنی خواستی خۆ، بۆ فراژووتنی دروست لای منداڵ، خاڵێکی گرینگە. مەگەر منداڵەکە ژیانی خۆی یان ژیانی کەسێکی دیکە بخاتە مەترسییەوە، دەنا مامۆستای منداڵی بچووک دەبێت پاڵپشتی دنەی منداڵەکە بێت بۆ پیادەکردنی خواستی خۆی.

مامۆستا دەبێت خواستی منداڵ بسەلمێنن کاتێک داوای توندگرتن و هەژاندن دەکەن، هەروەها کاتێک داوا دەکەن خۆیان کاری خۆیان ئەنجام بدەن. مامۆستا گەر تێبگەن لەوەی ئەم ڕاژانەی ڕەوشت پاژێکی ئاساییە لە فراژووتنی منداڵی بچووکدا، هەڵکردنیان ئاسانتر دەبێت لەگەڵ ئەو ڕەوشت و مەزاجە فرەجۆرەی منداڵی بچووک لە ماوەیەکی کورتدا پێشانی دەدەن. سەلماندنی ئەو مەزاجگۆڕکێیەی منداڵ لە لایەن مامۆستاوە، یارمەتیی منداڵی بچووک دەدات بۆ گەشەکردنی خۆباوەڕی و خۆڕێزی.

دووبارە، فەرهەنگی ئەمڕۆی USA بانگەشەی زیاتر خۆگونجاندن دەکات لەگەڵ گڕنەی منداڵی بچووک. تاڕادەیەک دروستە گەر بڵێم سەدەیەک لەوەوپێش، هەم دایکوباوک و هەم مامۆستا وەک پێویست سینەفرەوان نەبوون، بەڵام دایکوباوک و مامۆستای ئەمڕۆ مەترسیی زێدەڕۆیی سینفرەوانیان لێ دەکرێت.

ئەوجا ژینگەش دەتوانێت ببێتە یاریدەر بۆ گۆڕانی بەردەوام لە پێویستیی منداڵی بچووک بە وابەستەبوون و بە سەرخۆبوون. سێپێچکەی نیگارکێشان، مێزی حەوزی ئاو و کەرەستەی یاریی دراماتیکی، چۆن بۆ منداڵی پێشفێرگە گرینگن، بۆ منداڵی بچووکیش هەر وان. لیستۆکی نەرمۆڵە، کتێبی وێنەیی و لیستۆکی ڕاکێشان/پاڵپێوەنان، چەند بۆ ساوایان گرینگ، بۆ ئەمانیش هەروەها. ئەم دیدە بۆ ژینگە، ئاسوودەیی دەدات منداڵ کە لەم قۆناخەدا لە نێوان «منداڵێکی گەورە» و «منداڵێکی ساوا» خەریکی نۆرەکاریین.

## دەستپێشخەری بەرانبەر هەستی تاوان

قۆناخی سێهەم و کۆتای بیردۆزەی ئێریکسۆن دەربارەی ساڵانی زارۆکەتیی بەرایی بریتییە لە «دەستپێشخەری[89] بەرانبەر هەستی تاوان». بەشێکی زۆری منداڵی چوار و پێنج ساڵان لەم قۆناخەدان بۆیە گرینگە مامۆستایانی پێشفێرگە و زارۆخانە ئاگاداری ئەم باسە بن. ئەرکی فراژکارانەی ئەم قۆناخە بریتییە لە بەهرەمەندبوون بە هەستی واتاداری.

ئێریکسۆن وەسفی منداڵانی ئەو قۆناخە دەکات کە پڕوزە و ئامادەی فێربوونن. بەگشتی، لە فراژووتندا، منداڵی چوار - پێنج ساڵ بەخێرایی شکەست لە بیر دەکەن. زیادتر پەرۆشی گوێگرتن و فێربوونن لە مامۆستایان، دایکوباوک و لە منداڵی دیکە. منداڵ لەم قۆناخەدا بە شێوەیەک گەشە دەکەن کە زیادتر چالاکانە سەرنجگیر بن و کەمتر لافەرمان. منداڵ گەر سەرکەوتووانە لە قۆناخی دووهەم دەرباز بن، ئاوتۆنۆمیی خۆیان دامەزراندووە، بۆیە کەمتر پەرۆشی کۆنترۆڵی کەسەکین و پتر ئەنجامدانیان لا مەبەستە. ئەو منداڵانەی سەرکەوتووانە ئەرکی فراژکاری ئەم قۆناخە ئەنجام دەدەن، کارامەیی و خۆڕاپەرموونیان تێدا دەرسکێت. باوەڕیان دەبێت بەوەی دەتوانن سەربەخۆ پلان داڕێژن و کار ئەنجام بدەن. توانایان دەبێت هەڵ بکەن لەگەڵ هەڵەیەکی دەیکەن و لێیانەوە فێربن بەبێ ئەوەی هەستی خۆتاوانبارکردن بیانگرێت لەوەی کار بەو جۆرە نەهات کە پلانی بۆ داڕێژرابوو.

لە یەکەم نیگادا، ئەم قۆناخە، بۆ گەورەساڵی کارا لە بواری چاودێری منداڵ، ساناتر دێتە پێش چاو لە دوو قۆناخەکەی زووتر. بەشێکی ئەو دیدە دەگەڕێتەوە بۆ گەشەی هزری و توانایە جەستەییەکانی منداڵ. ئەرکە فراژکارەکەش پێویستی بەو وزە زۆرەی گەورەساڵ نییە. ئەوجا ڕەفتاری شەڕەنگێزانەش، کە زیادتر پاژێکی فراژووتنی منداڵی بچووکە، لێرەدا کەمترە. بەڵام، بە دیدی ئێریکسۆن، ئەمە کاتێکە فراژووتنی منداڵ یەک لەم دوو ئاڕاستەیە دەگرێتە بەر: ڕێچکەیەکی مرۆڤکارانە ڕووەو شکۆ یانژی ڕووەو تێکدان. گەر ئێمە منداڵی پێشفێرگە هان بدەین بۆ بەکارهێنانی وزەی خۆیان بە شێوازێکی چالاک و دڵگەرم، ئەوا خۆباوەڕیان گەشە دەکات. کارامەییان بەرز دەبێتەوە. ئەگەر ئەوەی منداڵ خۆیان دەتوانن بیکەن، ئێمە بۆیان بکەین یان جەخت بخەینە سەر ئەو هەڵانەی بەدەم ڕێوە بۆ فراژاندنی توانستی نوو، دەیکەن، ئەوا هەستی دەستپێشخەرییان بۆ هەستی تاوان و نائومێدیی دەشکێتەوە.

دیسان، هەر وەک چۆن لە پاژی پێشوودا گەڕاینەوە لای چەمکی فراژووتنی سەرخۆبوون، لێرەشدا ئەم کارە گرینگە. پێدەچێت لەم ڕۆژگارەدا مەیلی جەختکردنە سەر هەڵەی منداڵ بە شێوازێکی نایەتی کەمتر بێت، بەڵام (هەر وەک زووتر هاتە بەرباس)، بەڵگە هەیە پێشانی دەدات کە دایکوباوک هەن یەکنەوا ئەوە بۆ منداڵ دەکەن کە منداڵ خۆیان دەتوانن بیکەن.

هەڵبەتە، بەشێکی زۆری مامۆستایان بە مەبەست جەخت ناکەنە سەر هەڵەی منداڵ لەبری جەختکردنە سەر سەرکەوتنەکانیان. بەڵام، بە گوتەی ئێریکسۆن، گەر مامۆستا لە نێزیک سێپێچکەی نیگارکێشانەوە بوەستێت و خەریکی سڕینەوەی هەر دڵۆپەڕەنگێکی ڕژاو بێت، ئەوە هەستی کارامەیی منداڵ کز دەکات و کەمتر خۆیان لە مەترسی دەدەن بۆ فێربوون. جارێک لە مامۆستایەکم دەنۆڕی شارەزای مێروو، لەوەڕگە و باڵندە بوو. بەڵام هەر کاتێک منداڵ یارییان بە ئاو یان لم کردبا، ئەم شپرزە دەبوو. بەیانییەک دیتم هەر لمێکی لە مێزی لمەوە

---

[89] - دەستپێشخەری: Initiative

بەردەبۆوە ئەم خێرا دەیماڵی. بە خاولییەکەوە لە دەوری مێزی حەوزی ئاوەکە دەگەڕا، هەرچ دڵۆپێک کەوتبا سەر زەوی ئەم دەیسڕییەوە. هەردەم بەڕووی منداڵەکاندا زەردەی دەکرد. بیرای بیرِ نەیگوت: «وریابە! وریابە! ئاوەکە مەڕێژە! مەهێڵە لمەکە بەربێتەوە!» بەڵام ئەو سەرنجگیرییە بەردەوامە پەیامێکی بەهێزی ناپەسندی دەدا. منداڵەکانی ئەو هۆدەیە مێزی حەوزی ئاو و لمەکەیان زۆر بەکار نەدەهێنا. ئەو ڕەفتارەی مامۆستا دەرفەتی نەدەدا هەست بە کارامەیی خۆیان بکەن.

منداڵ گەر لەم قۆناخەدا بکەونە بەر چاوەڕوانیی دەرەوەی تواناییەکانی خۆیان، ناتوانن بزانن کە ئەو چاوەڕوانی و ئارمانجەی گەورەساڵ دیاری کردووە، بۆ ئەمان گونجاو نییە. ڕەنگە بە یەکێک لەم دوو شێوازە بەرسڤ بنوێنن: ڕەنگە نائاگایانە[90] بڕیار بدەن کە ئەوان بەتوانا نین و واز لەو ئەرکە بهێنن. یاخود ڕەنگە خۆیان گورج بکەنەوە بۆ ئەودیو تواناییەکانیی خۆیان و سەرباری هەموو شیمانەکان سەرکەوتوو بن. ئەم منداڵانە وریای هەموو ڕێساکانن، گشت چاوەڕوانییەکان بەدی دێنن و لەوە دەچێت باش دەرباز بن. ڕەنگە تۆ بپرسیت: «جا ئەوە کێشەی چییە؟ ئایا کرێکاری زێدەبەرهەم و تێکۆشەر ئاریشەیە؟» ئاریشەکە ئەوەیە بەزۆری ئەو منداڵانە فێر دەبن کە کارەکەیان دەبێتە پێوەری بەهایان نەک ماکی خۆیان کە کێن. توانای دەستپێشخەری لایان تێکنەچووە بەڵام ڕەنگە هێشتاش خەمێکی زۆری هەستی تاوان (گوناهباری) و کەمبڕشتییان لەکۆڵ بێت. ئەمانە، بە خۆگونجاندن لەگەڵ چاوەنۆڕیی نالەباردا، نرخێکی سۆزەکی بۆ سەرکەوتنەکانیان دەدەن.

Judith Warner لە کتێبی *Perfect Madness: Motherhood in the age of anxiety* دا باس لەو پەستانە دەکات دایکوباوکی چینی ناوەندی هاوچەرخی USA هەستی پێ دەکەن بە «یارمەتیدانی» منداڵ بۆ سەرکەوتن لە پێشبڕکێی گۆڕەپانە فرە ڕکابەرەکانی ئەکادیمی و جڤاکیدا. ئەو دایکوباوکانە نە تەنها چاوەڕوانیی نالەباریان هەیە لە منداڵە بچووککانیان، بەڵکوو کەڵەکەشی دەکەن بەوەی خۆیان ئەرکەکانی ماڵەوەی منداڵ جێبەجێ دەکەن گۆیا «یارمەتیدان» ـە، لەبری ئەوەی ڕێگە بە منداڵ بدەن بەپێی توانای خۆی گەشە بکات. بەگوێرەی بیردۆزەی ئێریکسۆن و نووسەرانی هاوچەرخی وەکوو Warner و Young-Eisendrath، ئەوە هەژەندی[91] بەدەمەیە.

ئێریکسۆن دەڵێت لەم قۆناخی سێهەمینەدا، مامۆستا بۆ یارمەتیدانی فراژووتنی دەستپێشخەری لای منداڵ، دەتوانن:

- هانی منداڵ بدەن چەندی بەرشیانە (هەتا دەکرێت) سەربەخۆ بن؛
- جەختکردنەوە لە گیرخستەکان کاتێک منداڵ خەریکی پەیداکردنی توانستی نوێیە، نەک لەسەر ئەو هەڵانەی بەدەم ڕێوە دەیکەن؛
- چاوەڕوانی دەبێت هاوشانی توانای کەسەکیی منداڵ بێت؛ و
- پلانی فێرکاری جەختی لەسەر تشتی ڕاستینە و لەسەر کردن بێت.

---

[90] – نائاگایانە: subconsciously

[91] – هەژەند: disaster، کارەسات. بڕوانە: جەلیزادە، «زاراوەسازیی پێوانە» www.mamosta.net

### هاندانی سەرخۆبوون

هەر وەک لای مۆنتیسۆری، لای ئەم مامۆستایانەی دیدی ئێریکسۆن لەمەڕ فراژووتنی منداڵانی بچووک لە کاری ڕۆژانەیان لەگەڵ منداڵ پیادە دەکەن، پۆل وەها دەئافرێنن منداڵ خۆیان بتوانن کار بکەن. کەلوپەل و کەرەستە بە سانایی بۆ منداڵان بەردەست دەبن، بە شێوازێک ڕێک دەخرێن منداڵ پێویستیی خۆیان هەم بدۆزنەوە و هەم پاشان کە کار تەواو بوو بیانخەنەوە جێی خۆیان. منداڵ دەزانن ئیسفنج و سەتڵ و دەسڕی کاخەزی لە کوێ بدۆزنەوە بۆ پاککردنەوە لە کاتی پێویستدا. خوانی خێزانی دەرفەت دەداتە منداڵ بۆ خزمەتکردنی خۆیان، لە دۆلکەوە ئاو لە پەرداخ بکەن گەر بشرژێت و شوێنەکانیان پاش تەواوبوون پاک بکەنەوە.

### جەخت لەسەر گیرخستنە، نەک هەڵە

بەگوێرەی ئێریکسۆن، منداڵی پێشفێرگە پێویستی بە پەیامی متمانەبەخشی ئێمەیە کە دەستپێشخەرییان بەهەند وەردەگرین. ئەوان دەبێت بزانن کە کارەکانیان زۆر گرینگترە لە پەرشوبڵاوی و هەڵەکانیان. بۆ نموونە، ساڵێک لە مامۆستایەکم دەنۆڕی بەناوی Susan، هەردەم بە فێرخوازەکانی خۆی دەیگوت: «ژیان کارێکی دەوامەدارە!» *Life is a work in progress*، ئەو پەی بردبوو بەوەی منداڵ هەندێک جار پێویستیان بە شوێنە پرۆژەکەی بۆ ماوەیەک لێ جێ بهێڵن تاکوو بڕیار دەدەن بچنەوە سەری. ئەو منداڵەکانی هان دابوو چیرۆک بنووسن و فێرخوازە پێنج ساڵانەکانی دەیانزانی سەرنووسەر[92] چییە. لەوە نەدەترسان هەڵە بکەن چونکە دەیانزانی ئەمە تەنها ڕەشنووسە. Susan هەندێک جار پرسیاری لە گەورەساڵی دیکەی نێو پۆلەکە دەکرد ئەو وشەیە چۆن دەنووسرێت، یان دە جاران یازدە چەند دەکات، هەر بۆ ئەوەی پێشانی بدات کە مامۆستا هەموو شتێک نازانن، پێویستیان بە یارمەتی کەسانی دیکەیە، شتان لەبیر دەکەن، هەڵە دەکەن، Susan بە هەشتاو بوو (بەپەلە؛ خێرا) ئەو شتانەی لە هەڵەکردنەوە فێریان بووە پێشانی منداڵەکان بدات. ڕۆژێکیان گوێم لێ بوو خۆباوەڕانە بە منداڵەکانی دەگوت: «لە کۆمپیوتەردا تابێ باشتر دەبم. هەموو ڕۆژێک پرۆڤە دەکەم. تێبینیم کردووە هەڵەکانم لەچاو زووتردا کەم بوونەتەوە».

ئەم جۆرە فێرکردنە، بە دیدی ئێریکسۆن، دەبێتە یاردەری منداڵ بۆ دەرککردنی کارامەیی لە فێربووندا و هەروەها بۆ فراژووتنی دەرککردنی مەبەست لە لایان.

### ڕەچاوگرتنی جوودایی کەسەکی

مامۆستایان زۆر کار دەکەن بۆ گەڵاڵەڕێژکردنی پلانێکی فێرکاریی شیاو بۆ تەمەنی فێرخوازەکانیان. بەڵام زۆر جار بەئاسانی جوودایی ڕۆژبەڕۆژ، کە منداڵ لەگەڵ خۆیان دەیانهێنن، لەبیر دەکرێت. بۆ نموونە، ئەگەر Keisha ی چوار ساڵان برایەکی نەوزاد (تازە لەدایکبوو) ی لەماڵەوە هەبێت، هاریکاریی ئەو لەگەڵ ئەوانەی دیکەدا لە

[92] – سەرنووسەر editor، ئەدیتۆر

کارێکی وەهادا کە لە شێوازی تەمەن-گونجاودا دارێژراوە، ڕەنگە ڕێک ئێستە بۆ ئەم بەرۆکگیرییەکی زۆر گەورە بێت. ئەگەر مامۆستاکە چاوەڕێ بێت Keisha کتێبە نوێکەی خۆت لەگەڵ کەسێکی دیکە بەش بکات، هەرچەندە لەم ڕۆژانەدا، بۆ یەکەم جار، ناچار بووە دایکوباوکی خۆی بەش بکات، ئەوا Keisha بەرشکەستی[93] نائومێدیی و تاوانە. مامۆستای ئاگادار لە بیردۆزەی ئێریکسۆن لەمەڕ فراژووتنی منداڵان، لەوەیە بێژێت: «دەکرا وەک جاران داوا لە Keisha بکەم بۆ بەشکردنی کتێبەکە لەگەڵ پۆلەکە (هاوپۆلەکانی)، بەڵام ئەمڕۆ پێموایە دەبێت تەنها بۆ خۆی هەیبێت». ئەو هەڵوێستە، بەگوێرەی ئێریکسۆن، خویای دەکات کە مامۆستا دەبێت، جگە لە جەختکردن لەسەر قۆناخی فراژووتنی منداڵ، دەبێت جەختیش بکەن لەسەر ئەو هۆکارە کەسەکییانەی دەبنە جڵەوکێشی تواناکانیان لەو ڕۆژەدا.

جەخت خستنەسەر جودایی کەسەکی هەتا دێ سەختتر و سەختتر دەبێت چونکە مەرجەکانی پەیداکردنی توانستگەلی چاوەڕوانکراو هەتا دێت زووتر و زووتر دەبن. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگە ئێستە لە گشت کاتێکی دیکە گرینگتر بێت گوێ بۆ وریاکردنەوەکانی ئێریکسۆن ڕادێرین.

## جەختکردنی پلانی فێرکاری لەسەر تشتی ڕاستینە

هەر وەکوو مۆنتیسۆری، ئێریکسۆن-یش باوەڕی وابووە کە منداڵ لە قۆناخی «دەستپێشخەری بەرانبەر تاوان»دا پێویستیان بە ئەرکی ڕاستینە و ئامرازی ڕاستینە هەیە بۆ فراژووتاندنی کارامەییەکانی خۆیان. بۆ نموونە، Corinne پلانی داناوە لەگەڵ هاوپۆلەکانی پێشفێرگە شۆربای سەوزەوات ساز بکات. کاتێک ئاشپەز چەقۆ کولەکەی خۆی بۆ منداڵەکان هێنا تا سەوزەواتەکان ورد بکەن، ڕوونی کردەوە گەر منداڵ بەو چەقۆ کولە گێزەر و کەرەوز ورد بکەن، ئەوا شکەست دێنن. لەبری ئەوە، فێری کردن چۆن چەقۆی تیژ بە وریاییەوە بەکار بێنن. منداڵەکان بە چەقۆ تیژەکان کارێکی زۆر باشییان لە وردکردنی سەوزەکاندا کرد. هەروەها خۆباوەڕیی خۆیان پێشان دا کە چەند توانان.

لەبەر هەمان هۆکار، گرینگە بۆ مامۆستایانی پەیڕەوی ئێریکسۆن، لە بواری دارتاشیدا ئامرازی ڕاستینە بەکار بەرن. منداڵ گەر فێر بوون چۆن وریای ئەوا ئامرازانە بن و چۆنیان بەکاربهێنن، هەستی کارامەییان خێرا هەڵدەکشێت.

## ئێریکسۆن لە سەدەی بیستویەکەمدا

لە دەیەی ڕابردوودا دەروونناسی، فراژووتنی مێشک و فراژووتنی مرۆیی، لە هەموو بابەتە بنجییەکانی لەم نووسینەدا سەروبن دەکرێن، تێگەیشتنی زیادتری پەیدا کرد.

---

[93] – بەرشکەست: vulnerable، ناسک، بەرشکان

سەرنجڕاکێش ئەوەیە ئێمە تەنها بیست ساڵێک لەمەوپێش کەوتینە سەر باسی توێژینەوەی «فرە-ڕشتە»[94] و هاریکاریی «کۆ-ڕشتە».[95] ئێریکسۆن تاڕادەیەک تەنها ڕوانگەی دەروون-جڤاکی کردە سەرشار بۆ فراژووتاندنی قۆناخەکان. ئێستە، بەدەم پێداچوونەوەی ئەم وەشانەی کتێبەکەمدا، ئەو جارانە دەژمێرم کە کاری جڤاکناس، شارەزایانی مێدیا و ئەوانی دیکەی ناویان دێنم، تاساوم بەو ئاڵۆزییەی لەم چەند دەیەی ڕابردوودا خراونەتە سەر کارەکەمان لەتەک منداڵ.

ئەمڕۆ ڕامان لە فراژووتنی دەروون-جڤاکی بەبێ سەرنجگیری لە فەرهەنگ، جڤاک، تەندروستی و گۆڕینی پێکهاتەی خێزان شیانبەدەرە (مەحاڵە). مەبەست ئەوە نییە بڵێین ئێستە کاری ئێریکسۆن بەسەرچووە و بۆ دەرکی ئێمە لەمەڕ فراژووتنی سۆزەکیی منداڵی بچووک دەست نادات. مەبەست ئەوەیە ئێمە دەبێت نەرینی فرەوانتر بەکار بهێنین بۆ دیتنی گۆڕاوی فرەژمار. کاتێک ئێریکسۆن لێکۆڵینەوە بنچینەییەکانی لەسەر قۆناخەکانی فراژووتن دەکرد، دەرکێکی کەمی هاوسۆزی لەمەڕ منداڵانی بچووک لە ئارادا هەبوو. ئەو دەبا گەورەساڵ هان بدات بۆ لەئامێزگرتنی ساوا کاتی خواردنپێدان لەو سەردەمەدا کە USA کەوتبووە بەر تەوژمی شیرپێدان بە مەمەشیر و هاندانی Madison Avenue بۆ «کەلوپەلی مەمەشیر» bottle props بەمەبەستی دەست و کات واڵاکردنی دایکان. لەو دەمەدا کە ئێریکسۆن بە گەورەساڵی دەگوت متمانەی منداڵ وەختێک دەست پێدەکات کە گەورەساڵ دەستبەجێ بە تەنگ ئەشکی ساواکەوە بچن، مێدیای گەلێر ڕێنمایی گەورەساڵی دەکرد گەر منداڵ تێر و خاوێن بوو، دەبێت دایکوباوک نەچن بەدەم گریانیەوە، لێی گەڕێن بگرییەت تا خەوی لێ دەکەوێت. ئێریکسۆن دایکوباوکی هان دەدا تێبگەن لەوەی منداڵی دوو ساڵان پێویستی بە چەسپاندنی[96] سەرخۆبوونی خۆی هەیە و ئەوەش هەندێک جار دارمانی لێ دەکەوێتەوە. ئەوە لەو سەردەمەدا بوو کە Benjamin Spock دایکوباوکی وریا دەکردەوە لە باڵادەستیی منداڵ لەماڵەوە گەر چارەسەری دابڕ لەئارادا نەبن. ئەوە سەردەمانێک بوو تێیدا دایکوباوکی منداڵی شەش ساڵە دەگەشانەوە بەوەی منداڵ لە پۆلی یەکەمدا فێری ئەلفبێ دەبن، ئەو دەمە منداڵ نەبوو داپیپەڵگر بێت و کەمچەژەن (ڤیۆلۆنژەن) یان بەشدار بێت لە خولی مەلەوانیدا.

با دیسان دووبارە بێت، ئێمە، کاتێک دەڕوانینە دەروونناسیی فێرکارانە و پراکتیکی ڕۆژانە، دەبێت وریا و تەرازکار بین. ڕەنگە نوێترین پارچەی ئەو پەزڵە[97] بریتی بێت لە ئەندازەی پەرەستێنی[98] ئەو زانیارەی هەمانە دەربارەی ڕادەی پەڕگیریی بەشێک لە پراکتیکی ئەم بوارەی کار لەتەک منداڵانی بچووکە. لێرەدا ئاماژە بەو گۆڕانانە دەکەم کە Polly Young-Eisendrath (2008) و کەسانی دیکەش باسیان دەکەن چۆن دایکوباوک هەوڵ دەدەن، بە هەر نرخێک بێت، خۆڕێزیی منداڵ سەر بخەن و چۆن لە USA منداڵ، نەک دایکوباوک، ماڵان بەڕێوەدەبەن و چۆن ڕێکارە فێرکارییەکان ئاڕاستەی وەها دەگرنەبەر کە فێرکارانی شارەزا دەزانن ئەو ڕەوتە لەگەڵ فراژووتنی دروست لای منداڵی بچووکی ئێمە، بەرەواژە.

بۆ ئێوەی خوار چل ساڵ لەوانەیە مایەی سەرسامی بێت کە ئەو ژێدەرانەی سەرەوەی دەڵێن پەنجا ساڵ لەمەوبەر هەردووک مامۆستا و دایکوباوک شادمان دەبوون بەوەی منداڵی پۆلی یەک فێری ئەلفبێ دەبێت. بۆ

---

[94] فرە-ڕشتە: cross-discipline

[95] کۆ-ڕشتە: inter-discipline

[96] – چەسپاندن: assertion

[97] – پەزڵ: puzzle، نیگارێکی کەرتۆڵە، پارچەپارچە کراوە و مرۆڤ دەبێت پارچەکانی وەها بلکێنێت بەیەکەوە کە نیگارەکە دروست دەرچێت. بۆ چەمکی «کەرتۆڵ» بڕوانە: جەلیزادە، «زاراوەسازیی پێوانە» www.mamosta.net

[98] – پەرەستێن: growing، گەشەکار، ڕووی لە گەشەسەندن و گەورەبوونە.

ئێوەی ڕۆژانە کارتان لەگەڵ بەرنامە بناخەییەکانی چاودێریی منداڵی بچووک نییە، دەبێت جێی سەرسوڕمان بێت کە بزانن منداڵانی بچووک بەزۆری لە کۆتای ئەو ڕۆژەی لە دایەنگەکە بەسەریان بردووە دەبنە جڵەوکێشی دایکوباوک. منداڵ بڕیار دەدەن شیو (ژەمەنانی ئێوارە) لە کوێ بخۆن و ئەم پشووی کۆتای هەفتەیە کێ بێتە میوانیان بۆ یاریگردن. بەزۆری، ئەوانەی لەناو ئێمە ڕۆژانە سەروکاریان لەگەڵ منداڵی بچووکدا هەیە، دەبینن دایکوباوک چۆن دەچنە ژێر باری ئەنجامدانی ئەو داخوازییانە.

خێزانە لاوەکان، لەچاو ئەو خێزانانەی سەدەیەک لەمەوپێش لەم وەڵاتەدا دەژیان، دوورەپەرێزیی جڤاکییان فرە زیادترە. هەردووک دایکوباوک هەموو ڕۆژەکە خەریکی کار بن لەم وەڵاتەدا کە ڕێساگەلی مۆڵەتی دایکەتی و باوکەتی بەکردەوە نییە، ئیدی دەرفەتی ژیان لەگەڵ منداڵ و نۆڕینیان بەدرێژایی ڕۆژ، بۆ زۆربەی دایکوباوک لە چەند حەوتوویەکی ساڵ زیادتر نابێت. ئەم بارە وەها بە ساکاری نابێتە یاریدەر بۆ ڕاهێزانی هەستی کارامەیی دایکوباوک. بەرنامەی فێرکردنی مامۆستایانمان بۆ فێرکاریی بەرایی پێویستە جێ بۆ «پشتیوانیی خێزان» لە پلانی فێرکاریدا تەرخان بکات.

ئێمە دەبێت داوا بکەین فێرگەکان جەخت بخەنە سەر پێویستییەکانی فراژووتن و سەر پێویستیی کەسەکی منداڵی بچووک و هەروەها ڕێز بگرین لە «کردەی لەباری فراژووتن» ی ساڵانی سەرەتا. لەبەر ئەو هۆکارە، ئەوانەی وەک ئێمە خەریکی کارکردنن لەم بوارەدا دەبێت ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییانەی جڤاک و پێداگۆگی بن کە کاریگەری هەیە لەسەر کارەکەمان. ئێمە دەبێت بە بنەما بیردۆزەکییەکانی ڕشتەکەماندا بچینەوە تا هۆکار و بەڵگەوبەندی شیاومان هەبێت بۆ ڕێنوێنیی هەمواری تاکەکەس،[99] یاریکردنی دەرەوە و بەشەکانی دیکەی گەشەکردن و فراژووتنی منداڵانمان کە لەم ڕۆژگارەدا کەوتۆتە ژێر مەترسیی ئەم فەرهەنگە هاوچەرخەی USA.

**پرسیاری گوتوبێژ**

- سیدنی Sydney منداڵێکی دوازدە هەفتەییە. ئەو مامۆستایەی دایەنی سیدنی-یە، نەخۆشە و نایەتە کار. سیدنیش هەر دەگریەت و دەگریەت. وەختێک دایکی لە دایەنگەکە هەڵی دەگرێ (بیباتەوە ماڵێ)، جارِسە لەوەی سیدنی شەکەت و پەشێوە. دایکەکە داوا دەکات سیدنی چەند دایەنێکی هەبێ نەک تەنها یەک دایەن چونکە چیتر نایەوێ سیدنی ڕۆژانی سەختی وەکوو ئەمڕۆی هەبێت. تۆ دەڵێیت چی؟ ئەوە چۆن بە بیردۆزەکانی ئێریکسۆن هەڤبەندە؟
- لە دیدارێکی دایکوباوکان، باوکی Samuel گازندە دەکات لەوەی ساموێل ئەو دەمەی لە هۆبەی ساوایان دەما، «خۆشڕەفتار» بوو. بەڵام ئێستە کە گواستراوەتەوە بۆ ژووری منداڵی تازەپێگرتوو، هەردەم هاوار دەکات «نەخێر» و ڕا دەکات. ئەم پشووی کۆتای هەفتەیە پاڵی بە ئامۆزا هەژدە مانگەکەیەوە ناوە و لۆرییەکەی لێ زەوت کردووە و دەقیژێنێ «هی منە». باوکی ساموێل دەیەوێت بزانێت کەی ئەو منداڵانە فێر دەکرێن کەلوپەل هاوبەش بکەن و دروسترەفتار بکەن. دەڵێیت چی؟ چۆن بیردۆزەی سەرخۆبوون-ی ئێریکسۆن لە باگۆی ئەو پرسیارە یارمەتیدەرت دەبێ؟

---

[99] – هەمواری تاکەکەس: individualized، گونجێنراو لەگەڵ تاکی مرۆڤدا.

- Madison لە پۆلی زارۆخانەکەی تۆیە. Ella ی باشترین هاوڕێشی هەر لەو پۆلەیە. نەنکی ئیلا دەمرێت، تۆش *Nana Upstairs and Nana Downstairs* ی Tomie dePaola دەخوێنیتەوە. منداڵەکان هەندێ باسی مردن دەکەن. پاشان لەو هەفتەیەدا، دایکی مادیسۆن بە توڕەییەوە دێت و دەڵێت فێرگە شوێنی گفتوگۆی لەو جۆرە نییە. نایەوێت مادیسۆن جاڕس بێت، دەڵێت، «تازەبەتازە بەسەر کۆستی نەنکمدا خەریکە بێتەوە سەرخۆی». تۆ دەزانیت دایەگەورەی مادیسۆن زۆر لایان تایبەت بوو چونکە دایکی مادیسۆنی پێگەیاندووە. تۆ دڵنیای دەکەیەوە کە مادیسۆن هیچ نیشانەیەکی گوشاری خویا نەکردووە، بەڵام دایکی هێشتاش جاڕسە. تۆ دەربایەی ئەم باسە دەڵێیت چی؟ باسەکە چ هەڤبەندییەکی بە بیردۆزەکانی ئێریکسۆن-ـەوە هەیە؟ چۆن یارمەتیدەر دەبیت؟

## پێشنیاز بۆ خوێندنەوەی زیادتر


Coles, Robert, ed. 2000. *The Erik Erikson Reader.* New York: W. W. Norton & Company.

Erikson, Erik. 1968. *Identity: Youth and Crisis.* New York: W. W. Norton & Company.

Sousa, David A. 2006. *How the Brain Learns.* 3rd ed. Thousand Oaks, CA: Corwin Press.

Warner, Judith. 2005. *Perfect Madness: Motherhood in the Age of Anxiety.* New York: Riverhead Books.

## پاژی چوارەم: ژان پیاژێ Jean Piaget

مامۆستای-ڕێکخەر teacher-organizer نابێت تەنها لە زانستەکەی خۆیدا شارەزا بێت، بگرە دەشبێت تەواو شارەزای وردەکارییەکانی فراژووتنی ئاوەزی زارۆک و هەرزەکار بێت.

ژان پیاژێ

### ژیننامە

ژان پیاژێ Jean Piaget ساڵی 1896، لە Neuchâtelی سویسرا لەدایکبووە. هەر لە بەرایی تەمەنەوە بووە زانستکارێکی دوارۆژ، بە یازدە ساڵی گوتارێکی زانستیی بڵاوکردەوە. زیاد لە شەست کتێب و سەدان گوتاری هێناوەتە بەرهەم. هەرچەندە پیاژێ زیادتر وەک دەروونناس ئاماژەی پێدەکرێت، بەڵام ئەو لە ڕاستیدا تۆژەری زانیارناس[100] epistemologist بوو (مەعریفەناس؛ تۆژەری سروشت و دەستپێکی زانیار). ئەم بەشە بوو لە کارەکان پیاژێ کردە بەرهەمبەخشێکی مەزن بۆ بناخەی زانیار دەربارەی دەروونناسیی فێرکارانە educational psychology. کاتێک ئەوانی دیکە دەیانپرسی منداڵ چی دەزانن یان کەی دەیزانن، پیاژێ دەیپرسی منداڵ چۆن دەگەن بەوەی کە دەیزانن.

وەک زۆرێک لە ئێمە، پیاژێ پلانرێژی نەکردبوو کارکردن لەتەک منداڵ بکاتە پیشە. ئەو دکتۆرای لە بایلۆژیدا biology هێنا و ببڕای ببڕیش لەو بوارەدا کاری نەکرد. لەبری ئەوە، بۆ دەروونناسی بایدایەوە. لە 1919 دا، پیاژێ بۆ خوێندن سەفەری پاریس کرد و کارێکی لە Alfred Binet Laboratory School وەرگرت. کارەکەی ئەو بریتی بوو لە ستانداردکردنی نموونە فەڕەنسیەکەی ئاروینێکی (تێستێکی) زیرەکیی بەریتانی. پیاژێ بەدەم ئەم کارەوە تێبینیی کرد، منداڵی خاوەن تەمەنی دیاریکراو، لە بەرسڤی پرسیاردا هەڵەی هاوجۆر دەکەن، ئەوجا کەوتە ڕامان لەوەی داخۆ پێڤاژۆی بیرکردنەوەیان چۆن بووە. ئەمە بووە ئەو پرسیاری تۆژینەوەیە کە دنەی کاری هەموو ژیانی دا. ئەو، هەتا مردنی لە 1980 دا، بەردەوام لە پەیجۆریی منداڵ و پێڤاژۆی بیرکردنەوەیان بوو.

لە 1970 کانەوە، کاری پیاژێ کارتێکەری سەرەکی بەرنامەکانی پێشفێرگەی USA بوو. بەرگەکانی کاری پیاژێ، ڕوانگەیەکی قووڵ فەراهەم دەکات دەربارەی چۆنەتیی ئافراندنی زانیار لای منداڵ. بەداخەوە، بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی خوێندنەوەیان سەختە و بۆ مامۆستایانی مژووڵ ترسناکن. سەرباری ئەوەش، لەم ساڵانەی دواییدا کاری پیاژێ کەوتە بەر ڕەخنە بۆ ئەو سنووردارییانەی تۆژینەوەی نوێ دەیانخاتە ژێر پرسیارەوە. بەتایبەتیش چەندین مامۆستا پێیان وایە پیاژێ جەختی زۆر خستۆتە سەر پێڤاژۆکانی بیرکردنەوە و کەم ئاوڕدەداتەوە لە هەستی منداڵان و هەڤبەندیی جڤاکییان بە مامۆستا و هاوتەمەنەکانیانەوە. هەروەها زۆرێک پێیان وایە بەکارهێنانی زاراوەی نائاشنا سەر لە خوێنەران دەشێوێنێ. لەوەش بترازێت، چونکە بەشێکی زۆری نۆڕینەکانی لەسەر سێ منداڵەکەی خۆی بوون، ڕەخنەگران پێیان وایە کارەکەی پیاژێ تۆژینەوەی زانستی نییە.

---

[100] – زانیارناس: epistemologist، تۆژەری سروشت و دەستپێکی زانیار.

لەگەڵ ئەوانەشدا، وەک چۆن قۆناخەکانی فراژووتنی دەروون-جڤاکی ئێریکسۆن لە پەیبردنمان بە چۆنەتیی فراژووتنی سۆزەکی منداڵان یارمەتی داین، قۆناخەکانی فراژووتنی هزریی پیاژێ- یش بوونەتە داریژەری تەواوی ڕوانگەی ئێمە دەربارەی چۆنەتیی بیرکردنەوەی منداڵ لە ساڵەکانی بەرایی تەمەندا. مامۆستا دەتوانن بیسەلمێنن کە گەرچی هەندێک لە بیردۆزییەکانی پیاژێ تەواو ڕاست نین لەمەڕ منداڵ وە زووتر پێیان وا بوو، بەڵام چەمکە بنەڕەتییەکانی پیاژێ هێشتاش هەر یاردەرمانن بۆ داڕشتنی پلانی فێرکاری بە جۆرێک بەرۆکگیری ئاوەزی منداڵی بچووک بن. وێڵکردنی کارەکانی پیاژێ بە بیانووی بوونی کەماسی، نەنگی دەبێت. ژیرانەترین دەربڕین دەربارەی بەهرەداریی پیاژێ-وە من خوێندوومەتەوە بریتییە لەم دێڕانەی Elizabeth Jones:

*خەڵکی هەموو سەردەم و شوێن، ڕوونکردنەوە هەڵدەبەستن دەربارەی ئەوەی لێیان ڕوو دەدات و هەموو ڕوونکردنەوەکانیش هێزی دەرکپێکردنیان هەس؛ وامان لێدەکەن بڵێین: «سەیرکە، پێم گوتی». لە فەرهەنگی ئێمەدا، ڕوونکردنەوەکانمان بە زانست ناودێر دەکەین و بە ڕاستینەیان ڕادەنوێنین، نەک هەڵبەستراو. بەڵام ڕوونکردنەوە زانستییەکان، ڕێک وەک ئەفسانە و گەندەباوەڕی، دێنە گۆڕان، چونکە زانست تەنانەت لە فیزیا و بەتایبەتی لە دەروونناسیشدا، تەنها ڕوونکردنەوەی نیوەچڵ دەدەن لەوەی بە ڕاستی ڕوو دەدەن. فێریان بە، بەکاریان بێنە، بەڵام زۆریان بەهێند مەگرە. هیچ شتێک ڕوو نادات چونکە پیاژێ دەڵێت دەبێت ڕوو بدات. پیاژێ دەڵێت بەم جۆرە دەبێت چونکە بەو جۆرە ڕووی داوە و ئەو هزرڤانێکی چاودێر و گشتێنەر بووە. هەموو ئێمەش دەتوانین لە توانای خۆماندا بۆ هەمان مەبەست گەشە بکەین.* (1986, 99-100)

**بیردۆزەکانی پیاژێ**

لە کاتێکدا ئەوانی دیکەی ئەم سەردەمە مکوڕی ئەوە بوون کە فێربوون «خۆماک»ـە[101] intrinsic (لە منداڵەکەوە سەرچاوە دەگرێ) یان دەرماکە[102] extrinsic (ژینگە سەپاندوویەتی یان گەورەساڵ فێرمان دەکات)، پیاژێ پێی وابوو هیچ لەو پێگانە خۆیان فێربوون ڕوون ناکەنەوە، بەڵکوو کارلێکی منداڵ لەگەڵ ژینگەی خۆیانە فێربوون چێ دەکات. ئەو دەڵێت منداڵ زانیاری خۆیان بە پێدانی واتا بە خەڵک، جێگا و تشتی نێو دونیاکەی خۆیان هەڵدەبەستن.[103] پیاژێ سەراسیمەی ئەو دەربڕینە بوو «هەڵبەستن سەرووترە لە فێرکردن» construction is superior to instruction (Hendrick 1992, 476). مەبەستیشی ئەوە بوو منداڵ، لەبری ئەوەی لە گەورەساڵەوە ڕوونکردنەوەیان پێ بدرێت، گەر خۆیان بەڕاستی کارەکە بکەن هەم چاکتر فێر دەبن و هەم تێگەیشتنی خۆیان لەوەی ڕوو دەدات باشتر دەئافرێنن. پیاژێ فێرخوازی بەرهەمی مۆنتیسۆری بوو، هات بیرۆکەکەی مۆنتیسۆری کە دەڵێت کاری واتادار گرینگە بۆ فراژووتنی هزریی منداڵ، کردە بنەمای هەڵچنین. وەکوو مۆنتیسۆری، پیاژێ پێی وابوو منداڵ پێویستییان بە دەرفەتە خۆیان کاری خۆیان بکەن. بۆ نموونە، ڕەنگە

---

[101] - خۆماک: intrinsic، خۆڕسک، ڕەسەن، سروشتی.

[102] - دەرماک: extrinsic، دیاردەی دەرەکی، بیانی، لاوەکی نەک خۆڕسک.

[103] - هەڵبەستن: construction، بنیاتنان، دروستکردن، سازکردن، هەڵچنین.

منداڵ لە خولیای گەشەکردنی ڕوەکدا بن. ئەگەر مامۆستا کتێبێکی باشی وێنەداریان بۆ بخوێنێتەوە لەمەڕ چۆنییەتی گەشەکردنی ڕوەک، ئەوا ئەم فێرکردنە بنچینەی زانیار لای منداڵ فرەوانتر دەکات. بەڵام گەر منداڵەکان لە فێرگە دەرفەتی باخدارییان هەبێت، ئەوسا پێڤاژۆی چاڵ لێدان، ئاودان، نۆڕین و ئەزموونکردنی گەشەکردنی تشتەکان، بە جۆرێک دەبێتە یاریدەریان بۆ «هەڵبەستنی زانیار»[104] دەربارەی گەشەکردنی تشتەکان، کە ئەوان هەرگیز ناتوانن تەنها بە خوێندنەوە و سەیرکردنی وێنە لێی بەهرەمەند بن.

وەکوو دیوی Dewey، پیاژێ باوەڕی وابوە منداڵ تەنیا کاتێک فێر دەبن کە کونجکوڵییان تەواو تێر نەبووە. پێی وابوو ئەو کونجکوڵییە لای منداڵ دەبێتە دنەدەری فێربوونیان. بەگوێرەی پیاژێ، باشترین ستراتیژ بۆ پلانی فێرکاریی پێشفێرگە بریتییە لەوەی منداڵ بە کونجکوڵی بهێڵنەوە، بیانخەنە تاسەوە و بەرۆکگیریی چارەکردنی-کێشەی ڕاستینەیان بۆ فەراهەم بکەن، نەک ئاگاداریی information یان پێشکەش بکەن. بەشێکی زۆری گەورەساڵ هەن ئێستەش پێیان وەهایە مامۆستا کەسێکە ئاگاداری بەش دەکات. بەکارهێنانی بیردۆزەی پیاژێ دەربارەی فێربوونی منداڵ، داوای گۆڕانکاری لە وێنای مامۆستادا دەکات بۆ کەسێک کە خەریکی بارهێنانی پرسنییە[105] لای منداڵ و پشتیوانە بۆ منداڵ خۆیان لە پەیدۆزیی باگۆ بن.

پیاژێ هەروەها جەخت دەخاتە سەر یاری وەک ڕێچکەیەک بۆ فێربوون. منداڵ بە گەمەی هێماکار[106] (بۆ نموونە دروستکردنی کێک لە لم، بەکارهێنانی سۆندەی باخداری بۆ گەمەی ئاگرکوژێنەوە)، واتا دەبەخشن بە بابەت و چالاکیی دەوروبەریان. منداڵ بەدەم لاساییکردنەوەی ڕووداوی دەوروبەر، دەست دەکەن بە پەیبردن بەوەی چۆن تشتەکان کار دەکەن و تشتەکان بۆ چین. لە سەرەتادا، ئەمە «پێڤاژۆی هەوڵ و هەڵە»[107]یە، پاشان بەدەم کات و فرەپاتکردنەوە، ئاگاداریی نوێ بەکار دێنن بۆ زیادکردنی تێگەیشتنیان لە دونیای دەورووبەریان.

پیاژێ باوەڕی وابووە منداڵ، بۆ فراژووتاندنی توانستگەلی بیرکردنەوە، هەموویان بە هەمان ئەو قۆناخانەدا تێدەپەڕن. بەڵام تەمەنی گەیشتنی منداڵ بەو قۆناخانەی فراژووتن جیاوازن. لەبەر ئەو جوودایە، خشتەکانی ڕاڤەکردنی قۆناخەکانی پیاژێ، ڕەنگە کەمێک جوودا بن. مامۆستا و دایکوباوک دەبێت هەردەم بیریان بێت کە هەر منداڵێک ڕەوتی خۆی هەیە بۆ فراژووتن. جیاوازی لە فراژووتندا پێکبەستەیەکی[108] بەرین داگیر دەکات. بۆ نموونە، چەندین کتێب تەمەنی دە بۆ سێزدە مانگی دیاری دەکەن بۆ تەمەنێکی ئاسایی پێگرتن. بەڵام منداڵ هەن لە هەشت مانگیدا و هەشن لە هەژدە مانگیدا پێ دەگرن.

مامۆستا و گەورەساڵ زۆرن دەیانەوێت بزانن داخۆ هیچ تشتێک هەیە ڕێ لە گەشەکردن بگرێ یان هیچ ڕێگەیەک هەیە فراژووتن زووتر بکا. پیاژێ باوەڕی وابووە بەشێک لە گەشەکردنی هزریی منداڵ وابەستەی فراژووتنی جەستەییە. هەروەها باوەڕیشی وەها بوو کە کارلێکی منداڵ لەگەڵ ژینگە کاریگەریی هەیە لەو بوارەدا. پیاژێ باوەڕی وەها نەبوو کە مامۆستا دەتوانن منداڵی بچووک «فێر بکەن» چەمک تێبگەن. دڵنیا بوو لەوەی منداڵ، بەو تشتانەی خۆیان دەیکەن، تێگەیشتنی خۆیان لە دونیا چێ دەکەن.

---

104 - هەڵبەستنی زانیار: construction of knowledge، چەمکی پیاژێ-یە بۆ ئەو پێڤاژۆیەی کە منداڵ دەیگرێتە بەر بۆ پەیداکردنی زانیار لە ئەزموونی خۆی.

105 - پرسنی: inquiry

106 - هێماکار: symbolic

107 - هەوڵ و هەڵە: trial and error

108 - پێکبەستە: continuum، زنجیرە، دیاردەیەک یان مەودایەکی پێکەوە بەستراو

بەگوێرەی پیاژێ ، فراژووتنی هزریی منداڵ بەو قۆناخانەدا تێدەپەڕن کە لە خشتەی 4-1 دا خراونەتە ڕوو. پاش خشتەکە، شەنوکەوێکی بنەڕەتی دەکرێت لە دوو قۆناخی سەرەتا لە گەشتی منداڵ بۆ بنیاتنانی زانیار، چونکە ئەو دوو قۆناخە ئەوانەن زیادتر پەیوەستن بە کاری مامۆستای بەرایی تەمەن و ڕێکخستنەکانی فێرکاری.

| قۆناخەکانی فراژووتنی هزریی پیاژێ | | |
|---|---|---|
| تەمەن | قۆناخ | ڕەفتار |
| لەدایکبوون تا دوو ساڵی | بزوێنهەستی (هەستەوەری بزۆکی)[109] | فێربوون بەهۆی هەستەوەرەکانەوە؛<br>فێربوون بەهۆی تەکدانەوە reflexive (بەبێ بیرکردنەوە)؛<br>دەستکاریی کەرەستە |
| 2-7 ساڵی | پێشکردەکی[110] | پێکهێنانی بیرۆکە لەسەر بنەمای هزری خۆیان؛<br>لە یەک کاتدا دەتوانن سەرنجگیری تەنها یەک گۆڕاو بن؛<br>فرەگشتاندن کە بەرهەمی ئەزموونی سنووردارە |
| 7-11/12 ساڵی | کردەکیی بەرهەست[111] | پێکهێنانی بیرۆکە لەسەر بنەمای بەڵگەکاری؛<br>بیرکردنەوە سنووردارە بە شتومەک و ڕووادوی ئاشنا |
| 11/12 ساڵی و گەورەتر | کردەکیی فەرمی[112] | بیرکردنەوەی چەمکامێز؛ بیرکردنەوەی گریمانەکی |

خشتەی4-1 (Piaget 1973)

[109] – قۆناخی بزوێنهەستی: Sensorimotor stage، هەستەوەری بزۆکی

[110] – قۆناخی پێشکردەکی: Preoperational stage

[111] – قۆناخی کردەکیی بەرهەست: Concrete Operational stage

[112] – قۆناخی کردەکیی فەرمی: ,Formal Operational stage، قۆناخی کردەکیی دەرهەست (ئابستراکت)

**قۆناخی بزوێنهەستی** *The sensorimotor Stage*

پیاژێ باوەڕی وابووە لە دەستپێکدا، کاردانەوەی منداڵ بە دونیا، بە تەواوەتی تەکدانەوەیە reflexive (بەبێ بیرکردنەوە). ئەو دەڵێت زیرەکی وەختێک دەست پێدەکات کە کاردەنەوەکان مەبەستدار دەبن. بۆ نموونە، وەختێک دەبینین ساوایەک لەژێر چوخمی لانکە[113] -دا درێژ دەبێت، لە سەرەتادا تێبینی ئەوە دەکەین کە منداڵەکە گەر دەستی یان لاقی بەر شەقشەقە یان زەنگۆڵەکە دەکەوێت، پەرچەکرداری ڕاچەنیو خویا دەکات بەڵام بەتێپەڕینی کات، خۆی بە مەبەست لە زەنگۆڵەکە دەدات. ئەو قۆناخە یەکەمینەی فراژووتنی هزری، پیاژێ بە قۆناخی «بزوێنهەستی» *sensorimotor* ناوزەندی کردووە. لەو ماوەیەدا منداڵەکە بۆ تێگەیشتنی دونیا پشت بە هەستەوەرەکان و چالاکی جەستەیی دەبەستێت.

پیاژێ دەڵێت دەمەو کۆتای ئەو قۆناخی یەکەمینە «جێگیریی بابەت»[114] *object permanence* (بەگوێرەی پیاژێ، منداڵ دەفەهمێ کە شتومەکەکان بەردەستن تەنانەت گەر نەشیان بینێت). ئەوە فراژووتنێکی زۆر گرینگە بۆ منداڵ. پێش بەدەستهێنانی ئەو خاڵی فراژووتنە، منداڵ تەنها بیر لەو شتانە دەکەنەوە کە لەو کاتەدا لەبەر چاویانن. بۆ نموونە، گەر بە وردی تەماشای منداڵێک بکەین، دەبینین کە پێش هەشت یان نۆ مانگ، تشتەکان لەسەر تەپڵەکی کورسیی بەردەدەنەوە بەبێ هیچ زەنازەنایەک. بۆ منداڵێکی بچووک، گەر تشتەکان لە پێش چاو نەبوون، ئەوا بەڕاستی لە دەرەوەی ئاوەزی منداڵەکەدان. لە ڕوانگەی ئەو منداڵەوە، تشتەکان چیتر بوونیان نییە. پاشان کتوپڕ، لە هەشت یان نۆ یان دە مانگیدا، کاتێک کەوچکێک لەسەر سینیەک بەردەبێتەوە، منداڵەکە دەچەمێتەوە، ئاماژەی پێ دەکات و زەنازەنایەتی و دەیهەوێتەوە. بەزۆری دایکوباوک و سەرپەرشتان جاڕس و تاساو دەمێنن وەختێک کاڵاکە هەڵدەگرنەوە و دەیدەنەوە دەست منداڵ دەم بەخەندکە بەڵام منداڵەکە دووبارە فڕێی دەداتەوە سەر زەوی. ئەوە دەراوی (دەستپێکی) هەوڵی مەبەستدار نییە بۆ توڕەکردنی گەورەساڵ، بەڵکوو دەراوە بۆ یەکەم خۆشیهاتن لە فێربوون! ئەوەیە «جێگیریی بابەت».

جگە لەوەش تەمەنێکە «پەرێشانیی جودابوونەوە»[115] *separation anxiety* لە منداڵدا بەدی دەکەین. منداڵ دەگرییەن وەختێک دایکوباوک لە دایەنگە جێیان دێڵن یان دایەنەکەیان لەوێ نییە. هەنووکە منداڵەکە تێدەگات وەختێک دایکوباوکی یان دایەنەکەی لەبەر چاوان نییە، ئەو کەسە لە شوێنێکی دیکەیە. ئەو کەسە گرینگە نەبوو نییە بەڵام بەرچاو نییە. بۆیە منداڵەکە هەوڵ دەدات بە گریان «ئەوەی دیکە»ی گرینگ بێنێتەوە پێش چاوی خۆی.

بۆ یارمەتیدانی فراژووتنی هزری لای منداڵی خوار دووساڵ، بیردۆزەی پیاژێ بە مامۆستا دەڵێت منداڵ لە سەلامەتیدا بهێڵنەوە بەڵام هەر دڵبەستەش[116] بن، هەروەها بەرسڤی دڵنیاکەرەوەتان هەبێت بۆ پەرێشانیی جودابوونەوە.

---

[113] - چوخمی لانکە crib gym، چوخمێکی چەمکارە، لیستۆک و زەنگۆڵەی پێدا هەڵدەواسرێ بۆ منداڵی ساوا.

[114] - جێگیریی بابەت: object permanence

[115] - پەرێشانیی جودابوونەوە: separation anxiety، هەستی پەژارە و پەرێشانی کە مرۆڤ دەگرێت بەدەم جوودابوونەوەی لە، بۆ نموونە، کەسی دیکە.

[116] - دڵبەستە: interested، تامەزرۆ.

### منداڵ لە سەلامەتیدا بهێڵنەوە بەڵام دڵبەستە

لەبەر ئەوەی فراژووتنی بزاوتن ئەرکێکی گرینگی فێربوونە لەم قۆناخی بزوێنهەستییەدا، یارمەتییەکی هەرە گرینگ بۆ فراژووتنی هزری کە مامۆستای منداڵی ساوا بتوانێت پێشکەشی بکات بریتییە لە ژینگەیەکی ئامان و دڵبەستە. منداڵی ساوا پێویستیان هەیە بە پاڵپێوەنان، ڕاکێشان و دەستوەردان لە شتومەک. مۆبێلی فرەنهۆم و دەرفەتی هەڵگژان ڕێ دەداتە ساوا بۆ ئەزموونکردنی جێوڕێ و فێربوون لە ڕێی لەشەوە. بەگوێرەی پیاژێ ، منداڵ پێویستیشیان بە کەلوپەلی دڵخوازە بۆ دەستلێدان و پەیدۆزی. لیستۆکی فرەجۆری هۆ-و-بەرهەم -cause-and-effect (ئەو لیستۆکانەی لە کاتی پاڵپێوەنان، ڕاکێشان و ڕاوەشاندندا دەنگ دروست دەکەن) وەک «چوخمی لانکە» و «شیوەگونجێن»[117] بنەڕەتین.

لەوەش بترازێت منداڵ پێویستیان بە کەرەستەی نەرمۆڵەیش هەیە، وەکوو قوڕەچەورەی بێژار nontoxic playdough، ئاردەگەنمەشامی-و-ئاو، لم-و-ئاو. ئەوجا ئاوێنە و کاری هونەری لە ئاست چاوی منداڵ و تابلۆ و کتێبی پەڕۆپۆش cloth books کە منداڵ دەستی پێ ڕابگات دەرفەتی پتر سەرنجڕاکێش دەدەنە منداڵ.

هەروەها دواندنی منداڵ لە لایەن گەورەساڵەوە دەربارەی بابەتی کە دێتە ڕوودان، دەربارەی چێژوەرگرتن لە بەرهەمی منداڵەکە، دەبنە هاندەر بۆ فراژووتنی هزری منداڵ. جێی لەبار بۆ کارکردنی گەورەساڵ لە بەرنامەکانی ساوایان دەبێتە یاریدەر بۆ سەرنجگیرکردن لە منداڵ و ڕێ خۆش دەکات بۆ گەورەساڵ لە ئاستی منداڵەکان دابنیشێت و ئەمەش دەرفەت بۆ کارلێکی دیکەی گرینگ فەراهەم دەکات.

### بەرسڤی ئاسوودەبەخش بۆ پەرێشانیی جودابوونەوە

کاتێک ساوا دەگاتە دەرککردنی «جێگیریی بابەت» و لەویشەوە «پەرێشانیی جودابوونەوە»، ئیدی گرینگە هەتا دەکرێت گۆڕانکاری لە ژیانی ئەواندا کەم بکرێن. پاش کەمێک ئەزموون تێدەگەن لەوەی کەسانی خۆشەیست کە دەڕۆن و دیارنامێنن هەمیشە دەشگەڕێنەوە. بەڵام لە کاتی پەڕینەوەدا بۆ ئەو قۆناخە، وەها باشە خشتەی ڕۆتینەکان جێگیر بن. بۆ نموونە، ئەوە کاتێکی باش نییە بۆ ڕێکخستنی بەرنامەی نوێ بۆ چاودێریی منداڵ. ئەو دایەنانەی شارەزای ئەم قۆناخەن دەتوانن یارمەتی دایکوباوک بدەن تێبگەن لەوەی بۆ کاتی جودابوونەوە ساواکانیان لەناکاو زیادتر لە جاران جاڕس دەبن. ئەمان دەتوانن دایکوباوک دڵنیا بکەنەوە کە ئەو قۆناخەش ماوەیەکی دیکە دەرباز دەبێت.

بەرۆکگیرییەکانی پەرێشانیی جودابوونەوە دەرئەنجامیان هەیە نە تەنها بۆ ڕەفتارکردن لەگەڵ منداڵی بەرنامەکان، بگرە تەنانەت بۆ ڕێساگەلی ناونووسینیش.[118] بۆ نموونە، Gini بەڕێوبەری سەنتەرێک بوو من سەرپەرشتیم دەکرد. دەربارەی سازکردنی دیدارێکی وەرگیران لەگەڵ دایکوباوکی منداڵێک کە دەیانویست منداڵەکەیان لە سەنتەرێکی دیکەوە بگوێزنەوە بۆ سەنتەرەکەی ئەمان، قسەی بۆ کردم. Gini دڵسۆزانە گوێڕادێری ئەو دایکوباوکانە بووە چۆن جودابوونەوەی هەموو بەیانییەک لە منداڵە دە مانگیەکەی خۆیان فرمێسکباو بووە. ئەو دایکوباوکە دڵنیابوون لەوەی منداڵەکەیان بەرنامەی دایەنگەکەی ئێستەی پێخۆش نییە بەڵام زمانی نەگرتووە و

---

[117] – شیوەگونجێن: shape sorter، چەند پارچەیەکی بچووکی سێڕەهەندە، بەڕۆژگەی خاون شێوەی تایبەتی هەیە تەنها ئەو پارچانە دەگرێتە خۆ کە هاوشێوەن.

[118] – ڕێساگەلی ناونووسین enrollment policy، پێڤاژۆی ناو تۆمارکردن و جێگرتن لە خول، فێرگە و بەرنامەدا.

ناتوانێت بە زمان دەریببڕێت. Gini کێشەکانی جودابوونەوەی بۆ ئەو دایکوباوکە ڕوون کردەوە و هانیدان مانگێک یان دوو مانگی دیکە چاوەڕێ بن پێش ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەک بکەن. ئەو پێی گوتن لەوانەیە منداڵەکە لەو ماوەیەدا ئەو قۆناخە دەرباز بکات و باش بێت. دایکوباوک سوپاسیان کرد و ڕۆیشتن. حەوتوویەک دواتر، لە کۆبوونەوەی بەڕێوبەرەکاندا Gini بیستی کە ئەو منداڵە لەو جێگەیەی ئێستەی دەرهێنراوە و لە سەنتەرێکی دیکەی ئەو دەوروبەرە ناونووس کراوە. Gini دڵشکاو ما چونکە دەیزانی هەنووکە منداڵەکە پەرێشانیی جودابوونەوەی زیادتر دەچێژێ کە دەکرا ڕێی لێ بگیردرێت گەر ڕێساکانی سەنتەرەکەی دیکە پێویستییەکانی فراژووتنی منداڵیان ڕەچاو گرتبا و خێزانەکەش کەمێک چاوەڕێیان کردبا.

دایەنگە دەتوانن لەو قۆناخی فراژووتنەدا یارمەتی دایکوباوک بدەن بەوەی خۆشهاتنیان لێ بکەن هەردەم ویستیان بزانن بارودۆخی منداڵەکەیان چۆنە بتوانن زەنگ بدەن (تەلەفۆن بکەن) و هەروەها بە پەژراندنی ئەو دژوارییەی دایکوباوک دەیچێژن کاتی جودابوونە لە منداڵێک دەزریکێنێت. گەر دایکوباوک پەرێشان بن، ئەوا منداڵیش ئەو پەرێشانییە دەگرێت و بەوەش هەموو دۆخەکە خراپتر دەبێت. هەرچییەکی مامۆستا دەیکەن بۆ ئاسوودەیی دایکوباوک لەم قۆناخی فراژووتنەی ساوادا، دەبێتە پاڵپشتی بۆ گەشەکردنی منداڵی دایەنگەکەیان. بەرنامە هەن چاوەڕێ ناکەن دایکوباوک زەنگ بدەن بەڵکوو خۆیان پەیوەندییەکە ساز دەکەن چونکە تێدەگەن دووری لە منداڵ چ پەژارەیەکە بۆ دایکوباوک. جار هەن دایکوباوک لە هەستی تاوانباریدا گیر دەخۆن کاتێک ساواکەیان لە جودابوونەوەی بەیانیاندا دەچریکێنێت. تەلەفۆنێکی خێرا کە منداڵەکە باشی لێ دەیگوزەرێت و خەریکی چیرۆکی بەیانین، بەزۆری ڕۆژەکەی دایکوباوک هێمن دەکاتەوە. کاتێک دایکوباوک بەو شێوازانە یارمەتی دەدرێن، باشتر ئامادە دەبن بۆ خشتەکانیان یەکنەوا ڕاگرن و ئەوەش دەبێتە یاریدەر بۆ منداڵ خێراتر و سەرکەوتووانەتر لەگەڵ پەرێشانیی جودابوونەوە دەرباز بن.

لە مانگە بەراییەکانی ژیانی ساوادا، پەروەشی بۆ دایکوباوک پاژێکی گەورەی یارمەتییە بۆ فراژووتنی منداڵ. دایکوباوکی نوێ لە ژێر گوشار دان. دایک هەن پەرێشانن چونکە دەبێت بچنەوە سەر کار گەرچی هێشتا ئامادە نین منداڵ جێ بهێڵن. هەندێک دایک دەخوازن لە ماڵ بمێننەوە؛ لێ بۆیان نالوێت. هەن دەیانەوێت بچنەوە سەر کار بەڵام هەست بە تاوان و ناکۆکی دەکەن. چەمکی «جێگیریی بابەت» و «پەرێشانیی جودابوونەوە»ی پیاژێ کە بەزۆری یەکانگیرن، باسێک نین دایکوباوکی نوێ بیزانن. مامۆستا بە یارمەتیدانی دایکوباوک بۆ تێگەیشتن لە فراژووتنی منداڵ، یارمەتیی دایکوباوک دەدەن ببنە یاریدەر بۆ ئەو فراژووتنە.

### قۆناخی پێشکردەکی *Preoperational stage*

بەگوێرەی پیاژێ ، پاش قۆناخی بزوێنهەستی، فراژووتنی هزریی منداڵان بە «قۆناخی پێشکردەکی» دەگات، کە لە ساڵی دووهەمەوە تا حەوت یان هەشت ساڵی هەڵدەکشێت. قۆناخی پێشکردەکی ئەو کاتەیە کە بیرکردنەوەی منداڵان زۆر لە شێوازی بیرکردنەوەی گەورەساڵ جوودایە. پیاژێ گوتی لە ماوەی قۆناخی پێشکردەکیدا، منداڵ هەر خۆبین[119] (هەموو شتێک تەنها لە هەڤبەندیان بە خۆیانەوە تێدەگەن)، لە یەک کاتدا دەتوانن تەنها جەخت لە یەک ئادگاری تشتێک یان کەسێک بکەنەوە (بۆ نموونە، وەرگرتنی وشە بە واتای وردیان)، ئاگاداری زیادتر

119 - خۆبین: egocentric

لە ئەزموونی خۆوە وەردەگرن نەک لەوەی پێیان دەگوترێت، هەروەها زێدە-گشتاندن لە ئەزموونی خۆیانەوە دەکەن.

خۆبینی[120] (خودبینی) واتا لە دونیا ڕوانین تەنیا لە ڕوانگەی خۆوە. مرۆڤ کاتێک خەریکی نۆڕینی پێشفێرگەیە، بەزۆری گفتوگۆی لەم جۆرە دەبیستن:

مامۆستا: چەندین تشتی جوانم بۆ پێشاندانە شینەکەمان هێناوە. نیگاری شینمان لە سێ سێپێچکەی نیگارکێشانەکە هەیە و گۆرانی Rhapsody in Blue –م خستۆتە سەر سیدیژەن بە بۆنەی ئەوەی ڕۆژی شینمان هەیە!

- منداڵی یەکەم: ماشێنەکەی دایکم شینە.
- منداڵی دووهەم: ماشێنەکەی دایکم خراپ بووە.
- منداڵی سێهەم: تەلەڤیزیۆنەکەم خراپ بووە.
- مامۆستا (بۆ منداڵی یەکەم): ماشێنی دایکت شینە؟
- منداڵی یەکەم: لە تەلەڤیزیۆن شێرم دیت.

ئەو منداڵانە نموونەی باوی ئەم قۆناخی فراژووتنەن. ئەمەیە ئەو خودبینییەی پیاژێ ئاماژەی پێ دەکات. چیرۆکی ئەو منداڵانە پەیوەستی یەکدی نین، بەڵکوو وشەی هەر منداڵێک دەبێتە ورووژێنەری ئەندێشەی منداڵی دیکە دەربارەی دۆخگەلی خۆیان. نموونەیەکی ئاشناتری ئەو خودبینییە لە منداڵی بچووک بریتییە لەو منداڵەی دەیەوێت بووکەڵەیەک بکڕێ وەکوو دیاری بۆ دایکوباوک یان نەنکوباپیرەی خۆ. منداڵەکە چونکە خۆی پێی شاد دەبێت باوەڕی وایە باپیریشی پێی خۆش دەبێت!

پیاژێ باوەڕی وەها بووە منداڵ لە قۆناخی پێشکردەکیدا بیرۆکە لە ئەزموونە ڕاستەوخۆیەکانی خۆیانەوە شێوەڕێژ دەکەن. لەبەر ئەوە ئامۆژگاری منداڵ بە گوتن کەمتر کاریگەرە، وەها باشە ڕێگەیەک بدۆزینەوە یارمەتیی منداڵەکە بدات خۆی بیر لە چارەسەر بکاتەوە. بۆ نموونە، گەر منداڵێک ببینێت لەگەڵ وەڕینی سەگێک باڵندە دەفڕن، ڕەنگە بڕیار بدات کە وەڕینی سەگ هۆکارە بۆ فڕینی باڵندە. هەرچەندە ئەوە بیرۆکەیەکی دروست نییە، بەڵام منداڵەکە تەواو بە بەڵگەکارییەکەی خۆی ئاسوودەیە و هەرچییەکی پێ بڵێت نەگونجێت لەگەڵ دیدی خۆی، بێسوودە. ئەوە تەنیا وەختێک کە خۆی ئەزموونی دیکە پەیدا دەکات – دیتنی فڕینی باڵندە بێ ئەوەی هیچ سەگێک لەو ناوە بێت – ئەوسا دەچێتە پێڤاژۆیەکی هۆشەکییەوە تێیدا دونیابینیی منداڵەکە دەکەوێتە بەر بەرۆکگیری. پیاژێ ئەو پێڤاژۆیە بە «لاسەنگی»[121] ناوزەد دەکات. منداڵەکە دەبێت دیدی خۆی بگۆڕێت و هەمواری بکات لەگەڵ ئەم ئاگادارییە تازەیە. پیاژێ پێڤاژۆی هەموارکردنی تێگەیشتنی کەسێک لە سەر

---

[120] – خۆبینی: egocentrism

[121] – لاسەنگی: disequilibrium، چەمکێکی پیاژێ-یە بۆ ڕاڤەکردنی باری ئاوەزی منداڵ کاتێک تێگەیشتنی لەمەڕ دونیا بەهۆی ئەزموونی تازەوە خراوەتە ئاڵەنگاری، پێش ئەوەی بگاتە تێگەیشتنێکی نوێ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ئەزموونە نوێیە.

بنچینەی ئاگاداریی نوێ بە «هەموارکردن»[122] ناودێر دەکات. «هەموارکردن» منداڵەکە دەگەڕێنێتەوە بارێکی هاوسەنگی ئاسوودە کە پیاژێ بە «هاوسەنگی»[123] ناوەزەندی دەکات.

منداڵی پێشکردەکیی چونکە باوەڕ بەوە دەکەن کە دەیبینن، ناتوانن سەرەدەری بکەن لە تایبەتمەندییەکانی کاڵای دەوروبەر. بۆ نموونە «قورس» و «گەورە» تێکەڵ دەکەن. پەیوەست بە کەماسیی ئەزموونەوە، لە سەرەتادا زۆربەی منداڵی بچووک سەراسیمە دەبن لەوەی تۆپەبا beach ball لە بەیسبۆڵ baseball سووکەترە. بێتوانان لە جوێکردنەوەی بەرزی لە تەمەن، منداڵی پێشکردەکی وا دادەنێن کە بەرزترین کەس، بە تەمەنترینە. پیاژێ ئاروینێکی کلاسیکی هەیە سەربە «ئەرکی ئادگارپارێز» conservation task[124] ئەنجام دا بۆ خستنەڕووی ئەو جۆری بیرکردنەوەیە لای منداڵ. دوو کۆینی (coin دراڤ) بە دوو هێڵ لەسەر مێزەکە دانا. ژمارەی کۆینەکان لە هەردوو ڕیزدا وەک یەک بوون، بەڵام ڕیزێکیان شاشتر بوو (بۆشایی نێوان کۆینەکان بەرینتر بوون) لەوەی دیکە. پرسیار لە منداڵ کرا کام هێڵ کۆینی زیادتری تێدایە؟ منداڵانی پێشکردەکی هەردەم دەیانگوت ئەو هێڵەی شاشە - کۆینەکانی دوورتر لە یەکدی بڵاوبوونەتەوە. تەنانەت پاش ئەوەی یەکبەیەکی کۆینی هەردوو ڕیز جووت دەکران بۆ ئەوەی پێشانیان بدرێت دوو ڕیزەکە هاوژمارن، ئەوان هەر پێداگرییان دەکرد لەسەر بۆچوونەکەی خۆیان. «ئەرکی ئادگارپارێز» ی لەم جۆرە کە بۆ ژمارەپارێزییە، مەبەست لێی زانینە داخۆ منداڵێک دەزانێ ئادگاری فیزیکی کاڵا، تەنانەت پاش گۆڕینی ڕووکەشی دەرەوەشیان، هەر وەکوو خۆیان دەمێننەوە.

منداڵی ئەم قۆناخە چونکە گیرۆدەی ئەزموونی خۆیانن، مەیلی گشتاندنی نادروستیان هەیە. باوەڕی گشتییان دەربارەی تشتێک لەسەر تاکە یەک ئەزموون بنیات دەنێن، ئەوەش ئاکامی چەوتی دەبێت. نموونەیەکی بەرچاو ئەو کچەی سەرەوەیە کە باوەڕی وا بووە وەڕینی سەگ دەبێتە هۆی فڕینی باڵندە چونکە دیویەتی باڵندە لەگەڵ وەڕینی سەگێکدا فڕیون.

نموونەیەکی دیکە منداڵێکە لە سەنتەری چاودێرکردنی ڤیرجینیا Virginia، کە دایکوباوکی بە مامۆستاکانیان گوت لە پشووی کۆتای هەفتەدا، کاتێک هەوڵیانداوە لای سەرتاش پرچی بۆ چاک بکەن، هاواری کردووە و زریکاندوویەتی. دایکە داماوەکە بە مامۆستاکەی گوت: «وڕکی گرتبوو و بەردەوام دەیگوت ئازاری زۆر دەبێت!». مامۆستاکە، کە مامەڵەیەکی زۆری دەربارەی منداڵانی بچووک و کەمێکیش شارەزای پیاژێ بوو، بە هێمنی بۆ دایکەکەی ڕوونکردەوە کە لە ڕوانگەی منداڵەکەوە هۆکاری دروست هەیە بۆ ترس لە پرچبڕین. لە تەمەنی سێ یان چوار ساڵیدا، زۆربەی منداڵی بچووک ئەزموونی تەواویان لەگەڵ برینداربوون هەیە و دەزانن ئەوەی کە زامی ئەژنۆ یان پەنجە لەوانەیە ژانبەخش و تەنانەت لەوەیە ببێتە هۆی خوێنپژان. ئەوە دەزانن کە مامۆستا لە پێشفێرگە بۆ شۆربا ساز دەکەن، زۆر وردن لەوەی پێشانی بدەن سەوزەوات چۆن دەجنرێن تا منداڵ پەنجە یانژی شوێنێکی دیکەی خۆیان «نەبڕن». ئەوە دەزانن کە نەنکیان ناهێڵێ مەقەستە باشەکەی بەکار بێنن

---

[122] – هەموارکردن: accommodation، چەمکێکی پیاژێ-یە بۆ ڕاڤەکردنی پێڤاژۆی هەموارکردنی بۆچوون لای منداڵ کاتێک ئەزموونێکی نوێ دێتە پێش لەگەڵ بۆچوونی زووتردا ناگونجێت. منداڵەکە بۆچوونی خۆی هەموار دەکات. لەگەڵ ئەم ئەزموونە نوێیە.

[123] – هاوسەنگی: equilibrium، چەمکێکی پیاژێ-یە بۆ ڕاڤەکردنی باری ئاوەزی منداڵ کاتێک بۆچوونی خۆی هاوسەنگە لەگەڵ ئەزموونی خۆی لەگەڵ دەوروبەر.

[124] – ئەرکی ئادگارپارێز: conservation task ئاروینگێکی کلاسیکی پیاژێ-یە بۆ قۆناخی پێشکردەکی مەبەست لێی زانینە داخۆ منداڵێک دەزانێ ئادگاری فیزیکی کاڵا، تەنانەت پاش گۆڕینی ڕووکەشی دەرەوەشیان، هەر وەکوو خۆیان دەمێننەوە.

چونکە لەوەیە شوێنێکی خۆیان «ببڕن». وێڕای ئەوەش گەورەساڵێک دێت و دەڵێن دەتبەین تا پرچت «ببڕین»! منداڵەکە لە ئەزموونە سنووردارەکەی خۆیەوە زێدە-گشتاندن دەکات و کاتێک دایکی گۆشەنیگای منداڵەکە دەرک دەکات ئەوجا لەناکاو ڕفتاری منداڵەکەی لا ڕوون دەبێتەوە.

منداڵانی پێشکردەکی لە یەک کاتدا دەتوانن جەخت بخەنە سەر تەنها یەک خەسڵەتی مادەیەک یان کەسێک. بۆ نموونە، لایان سەختە بیر لە دایکیان بکەنەوە وەکوو کچی نەنکیان. ئەو بیرکردنەوە «تاک-سەرنج»ـە لە گفتوگۆی منداڵەکەوە خویا دەبێت گەر گەورەساڵ بزانن چۆن گوێی لێبگرن. بۆ نموونە، نەومامۆستایەکی چیرۆکی کچێکی گچکەی پۆلەکەی دەگێڕێتەوە کە دایکی منداڵێکی دیکەی بووە. مامۆستاکە وێنەی ساوای نێو کتێبان پێشانی ئەو منداڵە دەدات. منداڵەکان دەکەونە باس لەوەی مەلۆتکەی نەوزاد چەند چرچۆڵ و سەیروسەمەرەیە. مامۆستاکە بە منداڵەکان دەڵێت کە بیستوویەتی کوڕێک بە دایکی دەڵێت پێویستە مەلۆتکەکە ئوتوو بکات. هیچ کام لە منداڵەکان بەوە نەخەنین یان هیچ ترسێکیان خویا نەکرد. هیچیان ناڵێن: «ئای، ئەوە مەترسیدارە. ئوتووکردن ئازاری مەلۆتکەکە دەدات».

لەبری ئەوە Kylie دەڵێت: «خوشکە گەورەکەم پرچی ئوتوو دەکات تا لولیەکەی نەهێڵێ (خاوی بکاتەوە)».

Joshua دەڵێت: «بۆ ئەوە نابێت (مەبەستی ئەوەیە ئوتوو بۆ پرچ نییە). ئوتوو بۆ نەهێشتنی چرچولۆچی جلەکانت بەکار دێنیت».

ڕوونە، کە ئەو منداڵانە ئەو پەیوەندییە دەرک ناکەن کە ئوتوو ڕەنگە ئامێرێکی بەسوود بێت بۆ جلوبەرگ یان پرچی لوول بەڵام نەک بۆ مەلۆتکان. ئەو منداڵانە دڕ یان سنووردار نین، بەڵکوو بێتوانان لەوەی لە یەک کاتدا چەند تایبەتمەندییەکی کەرەستە یان دۆخ دەرک بکەن. ئەوان جەخت دەخەنە سەر یەک ڕووکاری[125] مەلۆتکەکە - مەلۆتکەکە چرچۆڵە و سەر یەک ڕووکاری ئوتووەکە - ئوتووەکە بەکار هێنراوە بۆ نەهێشتنی چرچولۆچی. منداڵەکان ناتوانن خۆڕسکانە لە هەمان کاتدا جەخت بخەنە سەر گەرمیی ئوتووەکە، گەرمیی تەواوەتی بۆ ئازاردان (سووتاندن) و سەر ئەوە مەلۆتکەش وەکوو خۆیان پێستیان هەیە و دەشێت بسووتێت.

مامۆستاکە تێگەیشت لەوەی تێگەیشتنی ئەو منداڵانەی زێدە نرخاندووە، دەشێت پرسیاری دیکەیان لێبکات تا کەمێک زیادتر بیر لە ئوتووکردن بکەنەوە. ڕەنگە بپرسێ:

- ئایا ئەو ئوتووەی لەسەر جلەکان بەکاری دێنیت، گەرمە؟
- هەست بە چی دەکەیت گەر لە نێزیک پێستی خۆتیەوە دانێیت؟
- ئایا مەلۆتکە پێستی هەیە؟
- پێت وایە بۆ پێستی مەلۆتکەکە چۆن دەبێت؟

منداڵەکان بە هەشتاو دەکەونە بیرکردنەوە و خۆیان دەگەن بەوەی ئوتوو باش نییە بۆ سافکردنی چرچولۆچی پێستی ساوای نەوزاد! بیردۆزەی پیاژێ پێمان دەڵێت کاریگەرتر دەبێت گەر ئەو پرسیارانە لە منداڵان بکەین کە یارمەتیدەریان دەبێت خۆیان لە کێشەکەدا بیر بکەنەوە نەکو بەخێرایی پێیان بڵێین: «ئوتوو ئازاری مەلۆتکەکە دەدات». گەر منداڵ، لە ڕێی ململانێ لەگەڵ پرسیارەکانی مامۆستاکە، بۆ خۆیان ئەو زانیارە «هەڵبەستن» (بنیات بنێن)، ئەوا زیادتر لایان دەچەسپێت وەک لەوەی مامۆستاکە پێیان بڵێت.

---

[125] - ڕووکار: aspect

ئەم ئادگاری «تاک-سەرنج»ـە، بینینی تەنها یەک ڕووکاری بابەتێک لە یەک کاتدا، لەوەشدا خویا دەبێت کە منداڵی ئەو تەمەنە گوتەی گەورەساڵ وشەکی[126] وەردەگرن. بۆ نموونە، بێتی Betty بۆ ڕۆژێکی کۆتای هەفتە چاودێری خوشکەزا سێ ساڵ ونیوەکەی خۆی ئەلیسەن Alison ی کرد. بێتی داوای لە ئەلیسەن کرد یارمەتی بدات لە سازکردنی شیو (نانی ئێوارە). لە ماڵێ، دایکی ئەلیسەن پێشتر سۆسەج (سۆسیس) hot dog ی بۆ کردبوونە بابۆڵە و کەچوپ (جۆرێکە لە دۆشاوی تەماتە)ی ketchup پێدا کردبوو. کاتێک بێتی داوای لە خوشکەزاکەی کرد تا کەچوپەکە بهێنێ، ئەلیسەن پرسی: «دەتەوێت بیدەم لە سۆسەجەکان؟» بێتی لە چێستخانەکە مژووڵ بوو، باگۆی دایەوە: «نەخێر، تەنیا بۆ سەر مێزەکە». بێتی سەراسیمە بوو کاتێک بینی ئەلیسەن کەچوپەکەی هەڵڕشتووە بەسەر مێزی خوانەکەدا - ڕێک وەک ئەوەی پێی گوترابوو بیکات.

مامۆستا لە دایەنگە بۆ یارمەتیدانی فراژووتنی هزری لای منداڵی پێشکردەکی، دەتوانن:

- کاتی بەرفرەوان تەرخان بکە بۆ گەمەی ئازادی بێ ناوبڕ،
- چەندین ئەزموونی ڕاستینە بۆ منداڵ لە ماوەی هەموو ساڵەکەدا فەراهەم بکەن و
- پلان داڕێژن بۆ چالاکیی سنووروالا open-ended activities و پرسیاری سنووروالا open-ended questions.

**تەرخانکردنی کاتی بەرفرەوان بۆ یاریی ئازاد**

بەشێکی زۆری ئەم تەرخانکردنی کاتە بۆ یاریی ئازادیی بێناوبڕ لە پۆلەکانی زارۆکەتیی بەراییدا، کاریگەری پیاژێ-یە کە کارەکانی مۆنتیسۆری-ی بە بنەما دەگرێت. منداڵ کاتێک دڵبەستە و سەرگەرمن، پێویستیان بەوەیە مامۆستا ڕێز لەو ڕۆچوونەیان بگرن. پێدانی کاتێکی کەمێک زیادتر بە منداڵ لە کاتی خاوێنکردنەوە بۆ بەرکوڵ، دەبێتە جۆرێک لە گوتنی: «دەبینم زۆر بەکارەکەتەوە خەریکیت و ئەوەش زۆر گرینگە». هەندێک جار مەرج نییە ژووەکە تەواو کۆکرابێتەوە. منداڵ پێویستیان بە جێی تەرخانە بۆ کار و پرۆژەی دەوامەداری خۆیان دەستکاری نەکرێت هەتا دێنەوە بۆ تەواوکردنی کارەکانیان. سەردەمانی زووتر، منداڵ بەزۆری دەرفەتی فرەوانیان هەبوو بۆ ئەو چەشنی کارە بەردەوامە لە گەڕەک و باخچەی دەوروبەر. هەنووکە، لە نێوپۆلی دایەنگەکانمان ئەوە بەرپرسایەتیی ئێمەیە ئەو پێویستییانە فەراهەم بکەین کە پرۆژە و کاری دەوامەدار *works in progress* داوای دەکەن. گەر منداڵ کاتی بەرفرەوانییان بۆ خولیا و یاری و کاری دەوامەدار تەرخان بکرێت، ئەوسا مامۆستا کاتیان زیادتر دەبێت بۆ کارکردنی یەک-بە-یەک لەگەڵ ئەوانەی پێویستیانە.

مەرج نییە پێداگر بین لەسەر ئەوەی هەموو منداڵەکانی گرووپەکە کاتی گرووپکاری بەیەکەوە بن گەر سێ یان چوارێکیان ئاستەنگییان هەبێت لە دۆزینەوەی خاڵی لەبار بۆ خەرجکردنی وزە. ئەو منداڵانە دەتوانن لە ماوەی گرووپکارییەکەدا کارێکی دیکە بکەن. مامۆستا هەن دەزانن کە کاتی وەک بەرکوڵ و چیرۆکخوێندنەوە چاکتر دەچەرخێت گەر دابەش بکرێن بەسەر گرووپی بچووکدا نەک یەک گرووپی دە، دوازدە یان هەژدە کەسیی وەها کە بەشێک لەو منداڵانە لەو کاتەدا ناتوانن جەخت لەو ئەرکە بکەنەوە. مامۆستا، بە ڕێکخستنی گرووپکاریی

[126] - وشەکی: literally، ڕێک وەک خۆی، وشە-بە-وشە.

بچووک هاوکات لەگەڵ ڕێگەدان بە ئەوانەی دیکە کاتی زیدەیان هەبێت بۆ یاریکردن، دەرفەت ساز دەکەن بۆ پرۆژەی دیکە بۆ ئەو منداڵانەی زێدە دڵگەرمن.

کاتی دەرەوە، دیاردەیەکی دیکەیە کە مامۆستایان دەتوانن لەگەڵ منداڵەکان بەشی بکەن. دونیای سروشتی، بە ئەندازەی کاری نێوپۆل، دەرفەت بۆ منداڵ فەراهەم دەکات بۆ فێربوون و گەشەکردن بە هەموو پانتاییەکانی فراژووتندا. گەرچی ئاسانە بڵێین کاتی دەرەوە دەبێت وەک کاتی نێوپۆل بۆ منداڵان واتادار و بەبڕشت بێت، بەڵام هەموو جارێکیش وەها نییە. مامۆستایان، چۆن پێویستیان بە «ئەزموونی فێربوون» ـە بۆ کاری بەبڕشتی نێوپۆل، وەهاش پێویستیان ئەزموونی فێربوونە بۆ چالاکیی دەرەوەی پۆل. مامۆستا هەن ترسیان هەیە لەوەی ڕۆژێکی خۆش منداڵ لە دەرەوە بهێڵنەوە بە «هیچ ناکەن» لێک بدرێتەوە. هەرچۆنێک بێت، باس لەوە نییە منداڵ لە دەرەوە هیچ ناکەن، باس لەوەیە دەبێت زیادتر فێربن و بکەن. منداڵ کاتێک دەرفەتی بەردەوامیان هەبێت بۆ بەسەربردنی کات لەناو سروشتدا، تێگەیشتن پەیدا دەکەن لە دونیای دەوروبەر و بەوەش دەگەن بەو خاڵە گرینگەی کە دەبێت پەرۆشی ژینگەی خۆیان بن.

زۆر مامۆستا هەن جاڕسن بەدەست بەرنامەی فێرکاریی وەها کە بۆ فراژووتنی منداڵی ئەو تەمەنە نالەبارن بەڵام لە لایەن مەڵبەندەکانی فێرکاری و دەزگەکانی میرییەوە (حکومەت) پێمل کراون. ئەم سەردەمەی ئێستەی بەرپرسایەتی چەندین بابەتی ئایەتیی هەیە بۆ مامۆستا و منداڵ. ساڵانێکی زۆریشە، وەک لە هەر پاژێکدا باس کراوە، مامۆستایان «فێرکاریی پێشڕەوت» *progressive education* و «کردەی لەباری فراژووتن» (DAP) ـیان بە هەڵە لێکداوەتەوە گۆیا ڕێگەدانە بە منداڵ بەدڵی خۆیان بکەن. ئەوە بەزۆری لە گومڕایی هەڕەمەکی و لەدەستچوونی چەندین دەرفەتی فێربوونی بۆ منداڵان لێکەوتۆتەوە. بەبێ پلانڕێژیی ورد، نۆڕین و دۆکیومێنتبەندی، ناتوانین پلانێکی فێرکاریی واتادار بهێنینە بەرهەم. بەرپرسایەتی پێویستی بە نۆڕین و دۆکیومێنتبەندی هەیە تا ببنە یاریدەری هەوڵدان بۆ پلانی نایاب. هانمان دەدەن بۆ یاریدەدانی منداڵ ببنە ئەوەی دەتوانن.

ئاریشە وەختێک سەرهەڵدەدات کە بڕیاردەری ڕێکارەکان شتێکی دیکە بێت نەک بەرژەوەندی منداڵ. ئەو ڕێکارانە دەڵێن هەموو منداڵی زارۆخانە دەبێت، پێش ئەوەی بچنە پۆلی یەک، لە ئاستێکی دیاریکراودا توانای خوێندنەوەیان هەبێت، هەم بێدادییە بەرانبەر منداڵ و هەم ئامانجێکی توانابەدەرە لای زۆربەی مامۆستا.

بیردانەوە لەم ڕووکارەی فێرکاری دەبێتە یاریدەری هەموو مامۆستایان بۆ یارمەتیدانی منداڵان و یەکدی بۆ فراژووتنی ستراتیژی هەڵکردن و مامەڵەکردن لەتەک پەستانی داکەوتنەبین[127] (ناواقیعی). قسەکردن لەگەڵ یەکدی و لەگەڵ دایکوباوک دەربارەی گرینگیی کاتبەخشین بە فێربوون، سەرشارێکی باشە. بەشکردنی ئاگاداری لەتەک دایکوباوک، دەشێت یارمەتیان بدات بزانن کە خوێندنەوە و توانستە ئەکادیمییەکانی دیکە نابێت بە هەر نرخێک بێت بخرێنە کێبەرکێ لەگەڵ توانستگەلی پێشخوێندنەوە.

127 – داکەوتبین: realistic، داکەوتنەبین: unrealistic

**ئەزموونی دونیای ڕاستینە فەراهەم بکەن**

هەر وەک مۆنتیسۆری، پیاژێ-ش یارمەتی مامۆستایانی منداڵی بچووکی داوە تێبگەن لەوەی چەند گرینگە منداڵ ئەزموونی خۆی هەبێت لە هەرچییەکی مەبەستمانە ئەوان فێری ببن. سەیرکردنی وێنەی مانگا، ئەزموون دەربارەی مانگا بە منداڵەکە نادات - ئەندازەی، بۆنی، دەنگی و کارکردی لە ژیانی ئێمەدا. چوون بۆ کێڵگەی شیرەمەنی، بۆنکردنی کادێن و کا، سەیرکردنی ئەو مەکینانەی مانگاکان دەدۆشن و دیتنی شیری لە تانکەر بارکراو، تێگەیشتنێکی تەواو جودا لەمەڕ مانگا دەداتە منداڵ. بە هەمان جۆر، خوێندنەوە دەربارەی «ئەو شتانەی دەڕۆن» نابێتە جێگرەوەی سواربوونی میترۆ، تاکسی، پاس، یان جەلوو[128] (شەمەندەفەر). فەراهەمکردنی ئەزموونی دونیای ڕاستینە مەرج نییە هەر گەشتی کێڵگە بێت. دەکرێت ئاشپەزییەکی ساکار بێت لەگەڵ منداڵ، هێنانی گیاندار بێت بۆ نێوپۆل، یانژی تۆژینەوە بێت لە باڵندەکانی دەڤەری خۆت وەک ئەوەی پۆلی Kathy لە پاژی دیویدا Dewey ئەنجامیان دا.

مرۆڤ بکارێت لە هەرکوێ بێت پرۆژەی ژیانی ڕاستینە بۆ منداڵ بدۆزیەوە با سەرچاوەی ئابووریش بەپێی پێویست نەبێت. لە دەوروبەری New Hampshire، دەستەیەکی نەومامۆستا بە بودجەیەکی زۆر سنووردار، پرۆژەیەکی بنیاتنانیان لەگەڵ منداڵ کرد. ئەوان سەردانی کارگەیەکی داریان کرد بۆ بینینی چۆنەتی بڕینی دار و ئامادەکردنی بۆ ئامانجی جۆراوجۆر. گەشتەکەیان بۆ دەڤەرێکی بیناسازی بوو لەوێ هاوسێیەک خەریکی خانوو دروستکردن بوو، لەوێ بۆیان دەرکەوت چەند کەم دەزانن دەربارەی باڵەخانەی فێرگەکەی خۆیان. سەرپەرشتەکە زۆر خەریک بوو. منداڵەکان سیستەمی ئاو و کارەبای فێرگەکەیان دیت. لە خشتی دیوار، زەمین و شوێنەکانی دیکە وردبوونەوە. ئەم دیمەنەی دارتاشی و خشتبڕینە تێگەیشتنێکی قووڵتری لە چەندین بنەمای بیناسازیدا پێشکەش کرد کە پۆلی پێشفێرگە نایبەخشن. ئەمەیە مەبەست لەوەی پێی دەگوترێت «هەڵبەستنی زانیار» بۆ منداڵانی بچووک.

**چالاکیی سنووروالا** *open-ended activities* **و پرسیاری سنووروالا** *open-ended questions*

چالاکیی سنووروالا ئەنجام یان بەرهەمی پێشکات زانراویان نییە. بۆ نموونە، مامۆستایەک پلانی ئەزموونێکی زانستی داڕێژێت خۆی پێشکات وەڵامەکەی بزانێت، ئەو ئەزموونە سنووروالا نییە. بەڵام، کاتێک منداڵ تۆو دەچێنن و هێڵکاری ڕۆژەکان دەکەن هەتا چرۆ سەر لە خاک دەردێنێن و پاشان هەموو ڕۆژێک نەونەمامەکە دەپێون و هێڵکارییەک دەکەن بۆ چۆنەتیی گەشەکردنیان، ئەو پرۆژەیە، سنووروالا. نە گەورەساڵ و نە منداڵ پێشکات نازانن ئەنجامەکەی چی دەبێت.

هەروەها پرسیاری سنووروالایش وەڵامی پێشکات زانراویان نییە. «ڕەنگی کراسەکەت چییە؟» پرسیارێکی داخراوە. لێرەدا تەنیا یەک وەڵامی ڕاست هەیە و مامۆستاکەش دەزانێت چییە. «پێت وایە چۆن کار دەکات؟» پرسیارێکی سنووروالایە. مامۆستاکە پرسیار لە منداڵەکە دەکات بەڵگەکاریی خۆی ڕوون بکاتەوە و پێشکات وەڵامەکە نازانێت.

---

[128] - جەلوو: train، شەمەندەفەر، ترێن، قیتار - بڕوانە: جەلیزادە، «زاراوەسازیی پێوانە» www.mamosta.net

پرسیار و چالاکیی سنووروالا دەبنە یاریدەر بۆ فراژووتنی هزریی منداڵ چونکە داوا لە منداڵ دەکەن بیر بکەنەوە. لەبری ئەوەی منداڵ بخریتە سەر باری ڕاست یان هەڵە، دەیانخەنە سەر باری پەیجۆری دۆزینەوەی وەڵامی بەرشیان، وەکوو چرۆی پاقلە چەند خێرا گەشە دەکات. ئەمانە یارمەتیی منداڵ دەدەن لە چەند ڕووکارێکی هەمان تشت بڕوانن، هەر وەک پرسیارەکانی مامۆستا دەربارەی ئۆتووە گەرمەکە و پێستی مەلۆتکەکە یارمەتی ئەو منداڵانەی دا بیر لە ئاکامەکانی ئوتووکردنی مەلۆتکەکە بکەنەوە. ئەوانە یارمەتیی منداڵ دەدەن زانیبی خۆیان لەگەڵ ئاگاداریی نوێدا هەموار بکەن. بۆ نموونە، ئەو منداڵە وەربگرە کە پێی وایە وەڕینی سەگ دەبێتە هۆی فڕینی باڵندەکان. بە تێپەڕبوونی کات، گەورەساڵێک کە دەیزانی منداڵەکە ئەو بیرۆکەیەی دەربارەی دونیا ڕۆناوە، یارمەتی دەدات بۆچوونەکەی چاک بکات لە ڕێی سەرنجدانی وەڕینی سەگ و فڕینی باڵندە و ئەوجا بە وریاییەوە پرسیاری سنووروالای ئاراستە بکات، وەک: «گوێم لە وەڕینی سەگ بوو لە پشت خانووەکە و تەماشا بکە ئەو باڵندانە لەسەر پەرژینەکە هەڵنیشتوون. پێت وایە بۆ وەهایە؟» یان «تەماشا بکە، ڕەوە مراویەک لە گۆمەکەوە هەڵدەفڕن. ئایا گوێت لە وەڕینی هیچ سەگێک بوو؟ پێت وایە بۆچی ئەو مراویانە هەڵفڕین؟».

**قۆناخەکانی کردەکیی بەرهەست** *Concrete Operational stage* **و کردەکیی فەرمی** *Formal Operational stage*

دوا دوو قۆناخی بیردۆزەی پیاژێ باس لە منداڵی فێرگە-تەمەن و لە هەرزەکار دەکەن. لەبەر ئەوەی سەرنجی ئەم کتێبە لەسەر ساڵەکانی زارۆکەتیی بەرایە، باسی ئەو دوو قۆناخانە لێرەدا کورتن. کەمێک شارەزایی لەم دوو قۆناخانەی کۆتا دەبێتە یاریدەر بۆ دایکوباوک و مامۆستا. بۆ ئاگاداریی زیادتر، تەماشای لیستی خوێندنەوەی پێشنیازکراوی کۆتای ئەم پاژە بکە.

کاتێک منداڵ دەگەنە ئەم قۆناخەی پیاژێ بە «قۆناخی کردەکیی بەرهەست» ناودێری کردووە، دەوری تەمەنی حەوت ساڵی، چەندین گۆڕان لە نەخشی ئەندێشەیاندا بەردید دەبن. لەم تەمەنەدا (بەگشتی لە دەوری حەوت ساڵی هەتا یازدە یان دوازدە ساڵی) منداڵ ئادگاری بەرەواژەکردنەوەیان *reversibility* هەیە، کە ڕێیان دەدات ئاسۆی ئەندێشەیان ئاوەژوو بکەنەوە. بۆ نموونە، منداڵێکی ئەم قۆناخە دەتوانێت شۆپی[129] هەنگاوکانی خۆی لە حەوشەی فێرگەدا هەڵگرێتەوە بۆ دیتنەوەی ژەمدانە[130] لەبیرچووەکەی. منداڵ چیتر پەنجە بۆ ژماردن بەکارناهێنن چونکە گەیشتوونەتە ئاستێک توانای بیرکرنەوەی دەرهەست[131] تێیدا دەڕسکێت. ئەمان دەتوانن سەرنج بدەنە جوودایی لە جۆری بابەتدا. بۆ نموونە، لە چوار ساڵیدا، هەموو سەگێک «تووتکەیە»، بەڵام لە هەشت یان نۆ ساڵیدا سەگی مێگەل collie لە سەگی پوودڵ poodle جودا دەکەنەوە. منداڵی ئەم قۆناخەی «کردەکیی بەرهەست» دەتوانێت چەند تایبەتمەندییەکی بابەتێک لە هۆشی خۆیدا ڕاگرێت، بۆ نموونە بەلەمەکە گەورەیە، سوورە و هەروەها بەلەمی چارۆکەدارە. ئەم دەزانێت و بەڕاستی دەرک دەکات کە دایکی - جگە

---

[129] - شۆپ: trace، جێپێ

[130] - ژەمدان: lunch box، دەفری تایبەت بە ژەمی خواردن مرۆڤ دەیبات بۆ ژەمی دەرەوەی ماڵ.

[131] - دەرهەست: abstract، ئابستراکت، تجرید، پێچەوانەی بەرهەست: concrete

لەوەی دایکی خۆیەتی - کچی نەنکیشێتی. بەم نەرمەکارییە نوێیەی بیرکردنەوە، منداڵان دەتوانن کۆکاری،[132] کەمکاری[133] و جاراندن[134] لە «ئاوەزی خۆیاندا» ئەنجام بدەن.

دوا قۆناخ کە پیاژێ خستوویەتیە ڕوو بریتییە لە «قۆناخی کردەکیی فەرمی». ئەم قۆناخە لە دەوری یازدە یان دوازدە ساڵیدا دەست پێدەکات و تێیدا بیرکردنەوەی ژیربێژانە (لۆژیکانە) و دەربڕینی گریمانەکی[135] خویا دەبن. بە دیدی پیاژێ، مرۆڤ جەوان گەر گەیشتە ئەم قۆناخە، دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ پرسیاری وەک: «گەر منداڵەکەت خەریکە بمرێت لە برسا، ئایا خراپە خواردنی بۆ بدزیت؟» یان «ئەگەر درەختێک لە دارستانێکدا بەربێتەوە و کەسی لێ نەبێت گوێی لێ بێت، ئایا هیچ دەنگێکی لێ چێ دەبێت؟».

## پیاژێ لە سەدەی بیستویەکەمدا

دیاردەیەکی باڵکێشە کە پیاژێ و ئێریکسۆن هاوتەمەن بوونە بەڵام، لەم سەدەی بیستویەکەمەدا کە دێتە سەر باسی فراژووتنی منداڵ، لەچاو ئەو هەموو گونجاندنەی لە دەروون-جڤاکی-دا کراوە، کاری پیاژێ کەمترین گۆڕانکاری بەرکەوتووە. ڕاگواستەکەی Elizabeth Jones کە لە دەستپێکی ئەم پاژەدا هات، هێشتاش زۆر لەبارە بۆ وردەوردە نێزیکبوونەوە لە بیردۆزە. کەسانی شابیردۆز لەم بوارەی ئێمەدا، ئاڕاستەی وەهایان لەم بوارەی تێگەیشتنی پێویستییەکانی فراژووتن لای منداڵی بچووک دیاری کردووە، کە بێبەها و کەمسەنگ نابن بەوەی ئێمە بەهۆی گۆڕانکارییەکانی نێو جڤاک و پێشکەوتنی زانیار ناچارین بکەوینە گونجاندنی بەرهەمە ڕەسەنەکانیان.

من زۆر کەسم دیوە و قسەم لەگەڵ کردوون کە ئەوانیش لەم ساڵانەی دواییدا توانای «هاوسۆزی» empathy یان لای منداڵی بچووک بەدی کردووە کە پیاژێ دەیگوت لەگەڵ فراژووتنی «خۆبینی» egocentrism ی منداڵ هاوئاهەنگ نییە. من دەمەوێت وەک ئاماژەیەکی ئایەتی بیر لەم دیاردەیە بکەمەوە، کە زۆرینەی منداڵی بچووک پێویستیی «پەیوەستبوون»-یان لە ساواییدا دابین بووە. ئێریکسۆن جەخت دەکات لەسەر ئەوەی دابینبوونی یەکنەوای ئەو پێویستییانە بۆ ساوا دەبێتە مایەی هەڵکشانی توانای هاوسۆزی.

بەدەم پێداچوونەوەی پیاژێ لە باسکردنی پێڤاژۆکانی ئەندێشەی منداڵی بچووک سەیرم لەو دێت ئەم خەسڵەتانەی فراژووتن چەند کەم ڕەنگدانەوەیان هەیە لە پلانی فێرکاریی زارۆخانە، پێشفێرگە و ئاستی بەرایی فێرگەدا کەم پێداگرن لەسەر گرووپی گەورەی فێرکردن و لەسەر دیاریکردنی یەک ئاست بۆ چاوەڕوانی لە هەموو منداڵان. کارەکانی پیاژێ نوێنەرایەتییەکی سروشتین بۆ پرۆژەکاری، ڕسکانی پلانی فێرکاری، فێرکردنی فرەڕەنگ و زیرەکیی فرەئاست. لەوە ناچێت ئەم کەماسییانە چاوەڕوانییەکانی *No Child Left Behind* ی USA دابین بکەن. نازانم دەربارەی ئەم دیاردەیە بڵێم چی.

هەمیشە پێم خۆش بووە بڵێم من دەمەوێت پرسیار بێنمە کایەوە، مەرج نییە وەڵام پێشکەش بکەم. پێم وایە کاری پیاژێ ڕێنوێنێکی باشە ڕووەو دارشتنی ستراتیژ بۆ پلانێکی فێرکاریی لەبار بۆ فێرکردنی بەرایی. کاتێک بیر

---

[132] - کۆکاری: addition

[133] - کەمکاری: subtraction

[134] - جاراندن: multiplication

[135] - گریمانەکی: hypothetical

لەو هەموو ڕێکارانەی چاوەڕوانی دەکەمەوە کە بەسەر پلانی فێرکاریی زارۆخانە، پێشفێرگە و فێرگە بنەڕەتییەکانیدا «سەپێنراون» خواستمە بە کچەکەم بڵێم کە ساڵی داهاتوو دەبێتە مامۆستای زارۆخانە، پۆستەرێکی وەها لە مەڵبەندی فێرگەکەی بدۆزێتەوە کە لای خەڵکی دڵپەسەندە، بە دەرگەی ژوورەکەی خۆیدا هەڵیواسێت و دەرگەکە دابخات. ئەمجا ئەوە بکات کە پێی وایە بۆ منداڵانی بچووک بەکەڵکە... بەڵام دڵنیا نیم!

## پرسیاری گوتوبێژ

- منداڵێکی نۆ مانگان لە داینگەکەی تۆ هەیە هەردەم دەستاودەستی بەیانیانی ئاسان بووە. تۆ لە چەند سەرەداوێکە دەبینیت کە ئەم ساوایە تازە گەیشتۆتە قۆناخی «جێگیریی بابەت». منداڵەکە ماوەیەکە کاتی دەستاودەستی بەیانیان، کاتی جودابوونەوەی لە دایکوباوک، دەیکاتە هەرا و گریان و ئەوانیش نیگەرانن لەوەی ئەم دیاردەیە بەڵگە بێت بۆ ئەوە منداڵەکە چیتر بەرنامەکەی تۆی پێخۆش نییە. تۆ دڵنیایت لەوەی ئەم «وابەستەبوون»ـە گرێدراوی ئەم قۆناخی فراژووتنەیەتی. ئەم باسە چۆن بۆ دایکوباوکی منداڵەکە ڕاڤە دەکەیت؟

- کێڤین Kevin منداڵێکی چوار ساڵانە لە پۆلی پێشفێرگە. زۆر دڵبەستەی بنیاتنانە (خانوو دروستکردن). دەیهەوێت هەموو ڕۆژەکەی لە هۆبەی خشتکاری بەسەر بەرێت. دایکی کێڤین نیگەرانە دەڵێت کێڤین زێدە یاری دەکات. دایکی داوات لێدەکات بیرکاری و توانستی زمانی فێر بکەیت. پەیوەست بە پیاژێ، چۆن دەتوانیت بە شێوازێکی یاریدەرانە وەڵامی ئەو دایکە بدەیتەوە؟

- لەگەڵ پۆلی منداڵی سێ ساڵان گەشتێک دەکەن بۆ مۆزەخانەی منداڵ. دایکوباوکێکی کە دڵخوازانە بۆ یارمەتیدان لەم گەشتەدا هاریکارە، دەستی منداڵێکی گرتووە، لێت نێزیک دەبێتەوە و دەڵێت: «ئەم منداڵەم گرت دزیی دەکرد!" چۆن ئەم دۆخە چارە دەکەی؟ بەو دایکوباوکە دەڵێیت چی؟ چی بە منداڵەکە دەڵێیت؟ بە دەستەی مۆزەخانەکە دەڵێیت چی؟ چۆن بیردۆزەکانی پیاژێ یارمەتیدەر دەبن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی ڕووی داوە؟

## پێشنیاز بۆ خوێندنەوەی زیادتر


Forman, George E., and David S. Kuschner. 1983. *The Child's Construction of Knowledge: Piaget for Teaching Children.* Washington, DC: National Association for the Education of Young Children.

Furth, Hans. G., and Harry Wachs. 1975. *Thinking Goes to School: Piaget's Theory in Practice.* New York: Oxford University Press.

Singer, Dorothy. G., and Tracey A. Revenson. 1996. *A Piaget Primer: How a Child Thinks.* Rev. ed. New York: Plume.

## پاژی پێنجەم: لێڤ ڤیگۆتسکی Lev Vygotsky

فێربوون و فراژووتن لە یەکەم ڕۆژی ژیانی منداڵەوە پێکەوەبەندن

لێڤ ڤیگۆتسکی

### ژیننامە

لێڤ ڤیگۆتسکی Lev Vygotsky ساڵی 1896، لە ڕووسیا لەدایکبووە. خێزانەکەی لە چینی ناوەندی ڕووسیا بوون و هاندەری خوێندنی ڤیگۆتسکی بوون. ڤیگۆتسکی لە ساڵی 1917، لە زانستگەی مۆسکۆ University of Moscow، بە پسپۆڕی لە ئەدەبدا خوێندنی تەواو کرد. پاشان لە فێرگەی دواناوەندی وانەی ئەدەبی دەگوتەوە. ئەو ئەزموونە، خولیای فێرکردن چۆنەتیی فێربوونی لای ڤیگۆتسکی چڕ کردەوە. ڤیگۆتسکی بە تایبەتی خولیای فراژووتنی زمان و زاناندن و هەروەها هەڤبەندییان بە فێربوونەوە هەبوو. ئەمەش بووە هۆی دڵبەستەیی بە دەروونناسی و کاریگەریی دەروونناسی لەسەر بیردۆزەی بواری فێرکاری. ڤیگۆتسکی لە بەرهەمی هاوچەرخەکانی خۆی، وەک سیگمۆند فرۆید Sigmund Freud، ژان پیاژێ Jean Piaget و ماریا مۆنتیسۆری Maria Montessori تۆژیوەتەوە و بۆچوونی هەبووە دەربارەیان. ئەم وێڵی باگۆی ئەو پرسیارانە بوو کە خولیای خۆی بۆ منداڵ و شێوازی هەوڵدانیان بۆ فێربوون دایدەگیرساندن. ئەو پەیدۆزییە بووە هۆی دۆزینەوەکەی خۆی: لە گرووپێک منداڵی هاوئاست لە فراژووتندا، هەندێک منداڵ بە کەمێک هاوکاری دەیانتوانی فێر ببن، منداڵیش هەبوون فێر نەدەبوون. ئەم پاژەی فێربوون لای ڤیگۆتسکی بووە بناخەی بیردۆزەکانی خۆی دایڕشتن.

تازە سەختە بزانین ڕوانگەی ڤیگۆتسکی بەدەم کاتەوە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەم بوارەی ئێمە دادەنا. ئەو بەهرە بلیمەتە هەر زوو، ساڵی 1934، لە تەمەنی سیوهەشت ساڵیدا بە نەخۆشی سیل مرد و پێچرایەوە. زۆرێک هەن پێیان وایە لە USA تاوی ڤیگۆتسکی لەسەر فێرکردن کەوتە ژێر سێبەری ئەو برەوە مەزنەی بیردۆزەکانی پیاژێ پەیدایان کردبوو (Andrade and May 2004)، کە دڵگەرمانە لە پێشفێرگەکانی 1960 کان باوەشی پێدا کرا و هەتا ئێستەش بەردەوامە لە ڕێنوێنیکردنی کرداری نێوپۆل.

بەم دواییانە فێرکاری زارۆکەتی بەرایی لە USA و هەروەها وەڵاتانی دیکە سەرنجی خۆیان بۆ پێشفێرگەکانی Reggio Emilia ی ئیتالیا وەرگێڕاوە. شەنوکەوی بیردۆزەکانی فێرکاری کە لەوێ دەهاتنە چەرخاندن، سەرنجگیرییەکی نوێی لە کاری ڤیگۆتسکی هێنایە کایەوە. بۆ نموونە، ڕوانگەی جڤاکی-فەرهەنگی sociocultural perspective ی ڤیگۆتسکی بنەمای بیردۆزەکی فەراهەم دەکات بۆ دیدی ئەوانەی سروشگرتەی Reggio ین لە بواری فێرکاری بۆ زارۆکەتیی بەرایی.

### بیردۆزەکانی ڤیگۆتسکی

بیرۆکەکانی ڤیگۆتسکی بەردەوام بوون لە وروژاندنی مشتومڕ. چونکە بەبێ خوێندنی ڕشتەی دەروونناسی و فراژووتن هاتە ئەم بوارەوە و ڕوانگەیەکی نوێی تۆژینەوە لەمەڕ منداڵ هێنایە کایەوە. ڤیگۆتسکی ئەو شرۆڤانەی توانستی منداڵی ڕەت دەکردە کە «ئاروینی زیرەکی»[136] یان بە بنەما دەگرت. ئەم دەیگوت تۆژینەوە دەبێت

[136] - ئاروینی زیرەکی: intelligence test

هەم جۆرەکی[137] بێت، هەم چەندەکی.[138] مەبەستیشی ئەوە بوو نۆڕینی ورد (تۆژینەوەی جۆرەکی) ی منداڵان دەبێت هێندەی نمرەکانیان لە ئاروینکردندا (تۆژینەوەی چەندەکی) ڕەوایەتی هەبێت.

ڤیگۆتسکی دیدی فێرکارانی لەمەڕ کارلێکی منداڵ لەتەک ئەوانی دیکەدا، گۆڕی. کارەکەی ئەوە خویای دەکات کە فراژووتنی جڤاکی و هزری هەم وێکڕا کار دەکەن و هەم لەسەر یەکدی بنیاتی نوێ هەڵدەبەستن. ساڵانێک بوو فێرکارانی بەرایی، کە بە بیردۆزەکانی پیاژێ ڕاهێنراون، پێیان وەها بوو زانیار لای منداڵ بەرهەمی ئەزموونی کەسەکیی خۆیەتی. گەرچی ڤیگۆتسکی-یش باوەڕی بەوە هەبووە، بەڵام ئەم دەیگوت ناکرێت ئەزموونی کەسەکی لە ئەزموونی جڤاکی جودا بکرێتەوە. ئەو دونیایەی منداڵ تێیدا دەژی بە خێزان، جڤاک، پایەی ئابووری-جڤاکی، فێرکردن و فەرهەنگ شێوەرێژ دەکرێت. بەشێکی تێگەیشتنیان لەمەڕ ئەم دونیایە لە بەها و باوەڕی گەورەساڵ و منداڵی نێو ژیانیانەوە سەرچاوە دەگرێ. منداڵ هەموو ڕۆژێک لە یەکدییەوە فێر دەبن. بە یەکدی دواندن و لەیەکدی بیستن توانستی زمان و سەرەدەری لە چەمکی نوێ لە لایەن دەفراژێت.

ڤیگۆتسکی-یش، وەک پیاژێ، باوەڕی وابووە کە منداڵ زۆرترین فێربوون بەدەم یارییەوە پەیدا دەکات. باوەڕیشی وابووە کە زمان و فراژووتن پەیوەستی یەکدین و لەسەر یەکدی هەڵدەچنن. منداڵ بەدەم یاریکردنەوە بەردەوام زمان بەکار دێنن. هەلومەرجی گەمەی خەیاڵکرد[139] بڕیار دەدەن. ئەوان ڕۆڵ و مادە و ئاڕاستەکان چەندوچۆن دەکەن. یەکدی ڕاستدۆز دەکەن. ئاشنای بارودۆخ و بیرۆکەی وەها دەبن تا هەنووکە نامۆ بووە.

ڤیگۆتسکی باوەڕی وابووە ئەم کارلێکەیە لای منداڵ دەبێتە یاریدەر بۆ «هەڵبەستنی زانیار» *Construction of knowledge* – بۆ فێربوون. گرینگترین کۆمەکی ڤیگۆتسکی بۆ تێگەیشتنمان لە فراژووتنی منداڵی چووکە بریتییە لە باوەڕی وی بە سەنگی کارلێکی منداڵ لەتەک مامۆستا و هاوەڵەکانیان بۆ پێشخستنی زانیار لای منداڵ. ئەمڕۆ فێرکارانی سروشگرتەی Reggio، هەمان باوەڕیان هەیە کە منداڵ چەند لە مامۆستاوە فێر دەبن، هێندەش لە هاوتەمەن و کەرەستەکانی نێوپۆل.

**نێزکترین زۆنی فراژووتن *ZPD***

یەکێک لە هەرە گرینگترین چەمکەکانی بیردۆزەی ڤیگۆتسکی بریتییە لە «نێزیکترین زۆنی فراژووتن» *The Zone of Proximal Development (ZPD)* لای ڤیگۆتسکی ئەم زۆنە بریتییە لە مەودای نێوان سەختترین ئەرک کە منداڵێک بە تەنها دەروەستی دێت و سەخترین ئەرک کە ئەو منداڵە بەهۆی یارمەتییەوە دەروەستی دێت. ئەو باوەڕی وابووە کە منداڵ لە لێواری فێربوونی چەمکێکی نوێدا دەتوانێت سوودمەند بێت لە کارلێکی لەتەک مامۆستا و هاوپۆل.

ڤیگۆتسکی ئەو یارمەتییەی مامۆستا و هاوتەمەن پێشکەش بە منداڵەکە دەکەن بە «پەیژەبەندی»[140] scaffolding (ئەسکەلە) ناودێر دەکات. بۆیەچییەکی خانوو بۆ بۆیاخکردنی خانوو پەیژەبەند (ئەسکەلە) بەکار

---

[137] – جۆرەکی: qualitative

[138] – چەندەکی: quantitative

[139] – خەیاڵکرد: make-believe، نادروست، ناڕاست، زادەی ئەندێشە، گەمە و کەلوپەلی خەیاڵکرد.

[140] – پەیژەبەندی: scaffolding، ئەسکەلە.

دێنێت بۆ دەستڕاگەیشتن بەو بەشانەی خانووەکە کە بەبێ پەیژەبەند دوورەدەستن. بە هەمان شێوە، گەورەساڵ و هاوتەمەن دەتوانن بە پێدانی ئاگاداریی پێویست یارمەتیی منداڵ بدەن سەرەدەری لە چەمکی بکەن. ڤیگۆتسکی باوەڕی وابووە جگە لە مامۆستا، کەسانی هاوتەمەنیش کە زووتر ئەم توانستەیان پەیدا کردووە، دەتوانن یاریدەر بن.

ڤیگۆتسکی باوەڕی وابووە بۆ ئەوەی پەیژەبەندی بۆ منداڵ باش بەکار بێت، مامۆستا لە نۆڕیندا دەبێت تیژنیگا بن. باوەڕی وابووە مامۆستایان دەبێت ئەو نۆڕینانە بەکار بهێنن بۆ دیاریکردنی ئەوەی منداڵان لە پێڤاژۆی فێربووندا لە کوێن و تا کوێ دەتوانن بەردەوام بن، ئەویش بە ڕەچاوگرتنی پێویستیی کەسەکی و بەستێنە جڤاکییەکانی دەوروبەریان. باوەڕی وابووە ئەو ئاگادارییەی مامۆستا لە نۆڕینەوە پەیدایان دەکات، دەکرێت بکرێنە یاریدەر بۆ فێربوونی منداڵ. ئەمە هاوشێوەی ئەو باوەڕی دیوی Dewey یە کە دەڵێت مامۆستا دەبێت زانینی بەرفرەوانی خۆیان بەکار بهێنن دەربارەی دونیا تا یارمەتی تێگەیشتن بدەن لای منداڵ. ئەو مامۆستایانەی مەبەستیانە بیرۆکەکانی ڤیگۆتسکی دەربارەی ZPD و پەیژەبەندی لە بەرنامەکانی زارۆکەتیی بەراییدا پیادە بکەن، دەتوانن پەنا بەرنە بەر نۆڕینی ورد لە منداڵ و ئەوجا ئەو نۆڕینە بکەنە بنەما بۆ داڕشتنی پلانێکی فێرکاریی وەها کە هاندەری گوورانی تواناییەکانی منداڵ دەبێت و هەروەها ئەو منداڵانە بەیەکەوە دابنێن کە لە یەکدییەوە فێر دەبن.

## *نۆڕین ورد دەبێتە بنەمای داڕشتنی پلانی فێرکاری*

ڤیگۆتسکی-یش، وەکوو پیاژێ و مۆنتیسۆری، جەختێکی زۆر دەخاتە سەر گرینگی نۆڕین. بە سەرنجدان و گوێڕادێرانی ورد، فراژووتنی هەر منداڵێک لای مامۆستا ڕوون دەبێت. بەگوێرەی ڤیگۆتسکی، بۆ مامۆستا ئەوە تاکە ڕێگەیە تا بە وردی بزانن لە هەر کاتێکدا ZPD ی هەر منداڵێک چی دەگرێتە خۆ. ئەو زانیارە بۆ پلانرێژی پلانی فێرکاری شاخاڵە.

پلانرێژی پلانی فێرکاری ڕەنگە ئەو بەستێنە بێت کە پتر بەرتاوی بیردۆزەی ڤیگۆتسکی-یە. بە پێچەوانەی پیاژێ کە پێی وابوو فێربوونی هزری زیادتر ناوەکییە تا کارلێک، ڤیگۆتسکی باوەڕی وابووە کارلێک کاریگەرییەکی پتری لەسەر فراژووتنی هزری هەیە. هەتا ئەو دەمەی کاری ڤیگۆتسکی لە USA چاکتر ناسرا، لێرە ئەو فێرکارانەی بە بیردۆزەی پیاژێ گۆش کرابوون، لە هاندانی منداڵ بەپەرێز بوون. ئاخر پیاژێ باوەڕی وابووە کە قۆناخەکانی فراژووتنی هزری وابەستەی فراژووتنی جەستەییە. پیاژێ پێی وابووە منداڵ لە قۆناخێکی دیاریکراوی فراژووتندا دەروەستی بیرکردنەوەی سەربە قۆناخی دواتری گەشەکردن نایەن. ئەمە بووە هۆکار بۆ ئەوەی مامۆستا لە پلانیرێژی فێرکاریدا یارمەتیی منداڵیان دەدا تەنها لە سنووری ئەو ئاستەی فراژووتنە چاوەڕوانکراوەکەی ئێستەدا، بێ ئەوەی هەوڵێک بدەن بۆ فرەواندنی ئەو سنوورە.

هەرچی ڤیگۆتسکی-یە، جەختی دەکرد لەسەر ئەوەی فراژووتنی هزریی منداڵ جگە لە فراژووتنی جەستەی، بەرتاوی کارلێک و هەروەها جڤاکی دەوروبەریشە. بۆچوونی ڤیگۆتسکی دەربارەی تەیاربوونی فراژکار لەوەی پیاژێ پتر نەرمەکارە چونکە ئەو توانسی و بیرۆکانەش لە ئامێز دەگرێ کە منداڵ هێشتا خۆیان نەیگەیشتوونێ، لێ دەتوانن بۆ نموونە لە گەورەساڵ یان کەسانی هاوتەمەنەوە لێی بەهرەمەند بن. ئەو بیردۆزەیە مامۆستا هان

دەدات بۆ دارِشتنی پلانێکی فێرکاریی وەها زانیار لای منداڵ فرەوانتر بکات و هەروەها بۆ پەیژەبەندیی فێربوونیان بە خستنیانە نێو بارودۆخی وەهاوە کە کارامەییان هەڵکشێنێت.

### پلانێکی فێرکاریی وەها دارِێژە کارامەیی منداڵ فرەوانتر بکات

لێرەدا نموونەی مامۆستایەک هەیە کە جەختی لەسەر ZPDی مارگارێت Margaret ـە (یەکێکە لە فێرخوازەکانی). لەم نموونەیەدا ڕوون دەبێتەوە چۆن هەم مامۆستا و هەم هاوتەمەنەکانی منداڵەکە بەتەواوی بوونەتە پەیژەبەند (ڕاهێزەر) ی فێربوون و گەشەسەندنی مارگارێت. جارێک چوومە وانەیەکەوە خەریکی پرۆژەی بیناسازی بوون، منداڵەکان گفتوگۆیان هەبووە دەربارەی هەڵبەستن، تەماشای کتێبی بیناسازییان کردووە، بەکارهێنانی ئامێرەکانیان لەسەر مێزی دارتاشی پرۆڤە کردووە و سەردانی شوێنی وەهاشیان کردووە کە خەریکی بیناسازین. پاش تۆژینەوەیەکی زۆر، منالەکان نەخشەی یاریخانەیەکیان دارِشت بۆ باخچەکەیان. ئەو ڕۆژەی کە چوومە لایان، خەریکی خشتپۆشینی سەربان بوون. تێبینیم کرد، منداڵ چۆن بە یارمەتیی مامۆستا، بەسەر پەیژەبەند (ئەسکەلە) ەکەدا سەردەکەون بۆ خشتبەستکردنی سەربان. مارگارێت هەر لەو دەوروبەری ناوچەی بنیاتنانەکە خەریکی بزمارداکوتان بوو. ژوودی Judy مامۆستا گوتی، «ئەمرۆ سەربان ڕووپۆش دەکەین. گەر ئارەزووتە یارمەتیدەر بیت، دەتوانم یارمەتیت بدەم تا بەسەر پەیژەبەندەکەدا سەر بکەویت».

مارگارێت گوتی: «نەخێر، تەنیا دەمەوێت بزمار دابوکتم».

ژوودی پێداگر بوو. «کاتێک وەژوور دەکەویتەوە، گەر پێت خۆش بێت، بۆت هەیە مێزی دارتاشییەکە بەکار بهێنی. ئێستە کاتی سەربانپۆشییە. گەر ناتەوێت یارمەتیمان بدەیت، چەند بژارەیەکی دیکە هەیە».

ئەم وەڵامە هەراسانی کردم. خوێندنەکەم پێم دەڵێت هەڵوێستی ئەم مامۆستایە بخەمە ژێر پرسیار. بەلای منەوە ئەو هەڵوێستە سەختگیر بوو. بیرم کردەوە، «بۆچی ناتوانێت تەنیا تەختەیەک، چەکوشێک و چەند بزمارێکی بداتێ؟ بەوجۆرە لە نێزیک پرۆژەی بیناکە دادەنیشێت و بزمارەکانی دادەکوتێت». سەرەتا کەوتمە بەراوردکردنی وشەکانی مامۆستاکە، «ئەگەر دەتەوێت بزمار داکوتیت، بە پەیژەبەندەکەدا سەربکەوە و هەندێک کاری سەربانپۆشی بکە»، لەگەڵ وشەکانی مامۆستا ڕۆژگاری پێشووتر کە داوای لە منداڵ دەکرد نیگاری درەختێک بکێشن و پاشان دەیگوت: «ئەوجا ڕەنگرێژی بکەن، گەڵ سەوز، قەدەکەی قاوەیی و ئاسمانیش شین». سەرم لەوە دەرنەکرد. بەردەوام بووم لە تەماشاکردنی میچسازەکان کە لەو ناوە خەریکی بزمارداکوتین بوون.

دەمدەم ژوودی گوتەیەکی وەهای دەردەبرِی: «دوێنێ پێتەر Peter دەترسا بەسەر پەیژەبەندەکەدا سەربکەوێت. پێی وەها بوو ناتوانێت هاوکات هەم خۆی ڕاگرێت و هەم چەکوشکاری بکات». گەرچی چەند بژارەیەکی سەرنجراکێس لە باخچەکەدا هەبوون، بەڵام مارگارێت لە شوێنی خۆی لانەچوو. بەردەوام بوو لە تەماشاکردنی میچسازەکان. ژوودی بەردەوامبوو لە تەماشاکردنی مارگارێت.

ژوودی پاش تاوێک بەهێمنی گوتی: «کاتێک ئاشانتی Ashanti سەرەتا سەرکەوت بۆ کاری سەربان، تاوێک تەنها تەماشای دەکرد چونکە ئەوەندە لە برزی دەترسا کە نەتوانێت هۆشگیری داکوتین بێت». تێبینیم کرد نووزەنووز و ڕۆندکرِشتنی سەرەتای مارگارێت کە بزمارداکوتینی لێ زەوتکرابوو، کۆتای پێ هات. مارگارێت ئێستە بە وردی سەرنجی دەدایە مێچسازەکان، کە لە لایەن مامۆستاکانیانەوە دەمدەم هان دەدران.

ژوودی گوتی: «چەند قرمیتێک هەنە دەبێت دایان بوکتیت»، مارگارێت تەماشای دەکرد. ئەوجا ژوودی بەردەوام بوو: «چۆنە گەر Ashanti بۆ تاوێک دەست بگرێت تا یارمەتیت بدات لەگەڵ بەرزی ڕابێیت. پاشان ڕەنگە سبەینێ تۆیش ئامادە بیت بۆ چەکوشکاری؟»

لەو ساتەدا، Ashanti هاتە تەکمان و گوتی، «مارگارێت وەرە. دەستت دەگرم. منیش، پێشتر زۆر دەترسام». مارگارێت هەستایە سەر پێ. ژوودی هاریکاریی مارگارێت -ی کرد بەسەر پەیژەبەندەکەدا سەر بکەوێت. Ashanti دەستی گرت هەتا سەرکەوت. ڕووخسارە خەمبارە، دوودڵە و زویرەکەی کە تەواوی ئەم بەیانییەی گرتبوو گۆڕا بە سەرکەوتنی تەواو.

مارگارێت بەم کارەی خۆی زۆر سەرسام بوو، هەستی کارامەیی گەیشتە ترۆپک. بە شادییەوە هاواری کرد: «چەند بزمارێکم بدەنێ!». مارگارێت یەکەم قرمیتی (تەختەی) داکوتی. ژوودی زەردەیەکی کرد و، گوتی، «کارێکی باشت کردا». ئەو ڕۆژە زۆر فێر بووم. تێگەیشتم گەر من مامۆستای مارگارێت بام، ئەوا مارگارێت بەیانییەکەی بە شادی لە لێواری پرۆژەی بیناکە بەسەر برد. هەندێک بزمار، تەختە و چەکوچێکم پێ دەدا. مارگارێت ساز و تەیار دەبوو بە بەسەربردنی کاتەکەی بە خۆخەریککردن بە کارێکی پێی ئاسوودە دەبوو، بەبێ سەرکێشیکردنی هیچ فێربوونێکی نوو. منداڵەکە، بەیانی ڕۆژەکە چۆن لە ماڵ دەرچوو، کۆتای ڕۆژەکەش وەها گەڕایەوە. بەڵام، ژوودی کەسێکی ناردەوە ماڵێ کە بەسەر ترسی خۆیدا زاڵبووە، کەسێک کە توانست و کارامەییەکانی هەڵکشاون و بوونەتە هۆی زیادکردنی «خۆڕێزی». ژوودی بەوردی لە فێرخوازەکەی خۆی نۆڕی و بڕیاری دروستی دا کەی ئەم فێرخوازە ئامادەیە بە کەمێک یارمەتی بازێکی دیکە بدات. ئەمەیە مەبەستی ڤیگۆتسکی لە «پەیژەبەندی» *scaffolding* توانستی سەرکەوتن بە پەیژەبەنددا و بزمارداکوتین دەکەوتە نێو ZPD ی مارگارێت-ـەوە. مارگارێت نەیدەتوانی بەخۆی ئەو کارە ئەنجام بدات، بەڵام بە یارمەتی توانی ئەوە بەدەست بهێنێت.

گرینگە ئێمە بیسەلمێنین کە بەکارهێنانی ZPD ی ڤیگۆتسکی پێویستی هەیە بە نۆڕینی ورد لە منداڵ و ئەوجا بڕیاری دروست دەربارەی باشترین یارمەتیدانی فێربوونیان. ژوودی دەیزانی کە مارگارێت توانای پێداهەڵگەڕان و سەربانسازیی هەیە. دەیزانی مارگارێت ترسی لە بەرزایی هەیە. دەیزانی مارگارێت ئامادە نییە بەبێ یارمەتی بە پەیژەبەنددا سەرکەوێت. ئەو هەموو نۆڕین و زانیارەی لێیان هاتە ئەنجام دەربارەی منداڵەکە، خاڵی گرینگن بۆ سەرکەوتنی ئەم پەیژەبەندییە. بەبێ باشناسینی هەر منداڵێک و بەبێ تەرخانکردنی کات بۆ نۆڕینی ورد و بیردانەوە بەر لە هاندانی منداڵەکە بۆ هەنگاوی داهاتوو، لەوەیە مامۆستا تووشی هەڵەی جیددی بکەن.

نموونەیەکی دیکەمان هەیە پێشانی دەدات ZPD چۆن کار لە ژینی نێوپۆل دەکات. لە بەرایی پیشەی مامۆستایەتیمدا، فێرخوازێکی پێنج ساڵانم هەبوو بە ناوی Lynn «بۆیە-بە-پەنجە»[141]ی پێخۆش نەبوو. دایکی Lynn حەزی بە پەرشوبڵاوی نەدەهات. من دەمویست گیانی داهێنەرانەی Lynn لەم پاکژپەرستییەی دایکی ڕزگار بکەم! نەمسەلماند Lynn بۆیە-بە-پەنجەی پێخۆش نەبێت. دڵنیام لەوەی ئەو دەم، کاتێک دەستە چکۆلەکانیم لە دەستی خۆمدا گرتوو و هەردووکیانیم خستە نێو «بۆیە-بە-پەنجە»کە، پێم وەها بوو «ڕێنوێنی» دەکەم نەک «فشاری لێ دەکەم». کاتێک Lynn ڕشایەوە بەسەر بۆیە و بەسەر هەردووکماندا، ئەوجا — کە ڕێیەکی سەختەوە - فێر بووم کە مەرج نییە هەموو منداڵێک خەریکی بۆیە-بە-پەنجە بێت. بە وردی گوێڕادێری فێرخوازەکەم نەبووم، نۆڕینی تەواوم نەکردبوو، ڕێزم لە خواستی خێزانەکەی نەگرتبوو. من دەمویست

[141] - بۆیە-بە-پەنجە: fingerpaint

ئەزموونێکی بەسەردا بسەپێنم کە پێم وەها بوو ئاسۆی فرەوانتر دەکات. بەڵام چونکە پێویستیی کەسەکی ئەوم نەخوێندبۆوە، پلانەکەم خراپ چەرخا!

ئەو ڕۆژە، بۆیە-بە-پەنجە لە نێو ZPD ی Lynn -دا جێی نەبوو، بۆیە هەوڵی پەیژەبەندیی منیش شکەستی هێنا.

## فێربوون و فراژووتنی زمان

ڤیگۆتسکی باوەڕی وابووە کە زمان ئەو ئەزموونە هاوبەشکراوە پێشکەش دەکات کە پێویستە بۆ بنیاتنانی فراژووتنی هزری. بە دیدی ئەو دواندنی کەسانی دیکە، جگە لەوەی پێویستە بۆ ڕوونکردنەوەی خاڵ گرینگ، دەشبێتە یاردەرمان بۆ باشتر تێگەیشتن لە دانوستان.[142] نۆڕین لە گفتوگۆی منداڵان زۆر بابەتمان فێر دەکەن. فێرمان دەکەن منداڵ چی دەزانن و چییان لەلا لێڵە. بەشێکی زۆرمان بیرەوەری فێرکاریمان هەیە کە تێیدا چاوەڕوان دەکرا ئێمە بێدەنگ خەریکی خوێندن بین. مامۆستای ئەوسا پێیان وابوو فێربوون گەشتێکی تەنیایە، کارێکە هەر منداڵێک دەبێت خۆی بە تەنها ئەنجامی بدات. ڤیگۆتسکی سەنگی فێربوون وەک ئەزموونێکی کارلێکانەی بۆ خویا کردین. ئەو مامۆستایانەی دەیانەوێت هانی فراژووتنی هزری بدەن، دەتوانن بە هاندانی گفتوگۆ ئەنجامی بدەن.

## هاندانی گفتوگۆ

هێشتاش مامۆستا هەن هەندێ جار گفتوگۆکردن بە هێند وەرناگرن. ئەمە بەزۆری لە کاتی گرووپکاریدا ڕوو دەدات. مامۆستایان، بە هیوای هاوبەشکردنی ئەو زانیارەی خۆیان هەیانە دەربارەی دونیا لەتەک منداڵان، پێشکەشکاری[143] ساز دەکەن دەربارەی مژارگەلی وەکوو گەشەسەندنی بابەت، دایناسۆرەکان، گواستنەوە و گەیاندن. پێبڕین [بە پرسیار و سەرنجدان] بە پچڕپچڕکردنی «وانەکە» دادەنرا. تێگەیشتن لە بیردۆزەی ڤیگۆتسکی ڕێمان دەدات ڕۆڵی زمان - پرسیارکردن، دواندن، شۆخیکردن، پێبڕین - بە فرەواندنی فێربوونی منداڵ دابنێین. لە یاریی دراماییدا، بەزۆری دەبیستین منداڵ ڕوانگەی خۆیان لەمەڕ دونیا مشتوماڵ دەدەن. بۆ نموونە، ڕۆژێکیان لە ناوەندێکی چاودێریی منداڵ ئەم گفتوگۆیەم ژنەفت:

- Juan: من دەبمە پەرستار.
- NICOLE: نەخێر، تۆ ناتوانی! دایکم پەرستارە، تۆ دەبێت ببیە کچ.
- HEATHER: بەڵێ، کوڕیش چاوەڕێیان لێدەکرێت ببنە دوکتۆر.
- ERLEEN: ئەو دوکتۆرەی مەلۆتکەکەی سکی دایکمی دەرهێنا، کچ بوو.
- DYLAN: دەی، دەوەرە Juan، تەنها ببە بە دکتۆر، ئینجا دەتوانین ئەو یارییە بکەین!

---

[142] - دانوستان: communication

[143] - پێشکەشکاری: presentation

لێرەدا بۆچوونی کەسەکی دەخرێتە ڕوو. ئەزموون هاوبەش دەکرێت. Dylan هێندە خاراوە[144] دەزانێت ئەو و Juan کەوتوونەتە «شەڕە وشە»یەک شانۆگەرییەکە دوا دەخات. لەم باسەدا «نێوەڕۆک-فێربوون»[145] content learning هەیە (هەم ژن و هەم پیاو دەتوانن ببنە دوکتۆر) بەڵام «پێڤاژۆ-فێربوون»[146] process learning ـیش هەیە (ئەم هەموو ئاخافتنە دەبنە ڕێبەست لە ڕەوتی شانۆگەرییەکە، لێ هەر ئەوەندەی پێک بێین، یارییەکە بەردەوام دەبێت!).

مامۆستا هەن، لە یەکەم دەربڕینی چەوتی منداڵەکاندا، خۆیان تێ دەهاوێن و گوتوبێژەکە لە کورتی دەبڕێننەوە تا دڵنیابن لەوەی منداڵەکان فێر بن کە هەم ژن و هەم پیاو دەتوانن ببنە پەرستار. لەم دۆخەی سەرەوەدا، مامۆستاکە لە کۆتای گفتوگۆی منداڵەکان ڕوونی کردەوە کە لە ئاکامگیریدا ڕوونە کە منداڵەکان بابەتی جوودایان لەمەڕ دکتۆر و پەرستار زانیوە و هەروەها دەزانن کە هەم ژن و هەم پیاو لەو پیشەیەدا هەن. ڕێگەدان بە بەردەوامبوونی بەڵگەکاری و گوتوبێژی منداڵ، جگە لە ناوەڕۆک، پێڤاژۆی ئەو گفتوگۆیەشی وەها بارهێنا ببێتە یاریدەری هەموویان تا ببنە فێرخوازی باشتر.

### کارلێکی جڤاکی

بەگوێرەی ڤیگۆتسکی، دۆخەکانی کارلێک، وەک ئەوەی لەسەرەوە باسی هات، ڕێ بە منداڵ دەدەن هەڵکشێن و لە ڕووی هزییەوە گەشە بکەن. زۆر جار مامۆستا وەهایان نواندووە کە زمان و توانای هزری بە یارمەتی و ئاراستەکردنێکی کەم دێنە فراژووتن. لێ گەشەکردن و فێربوون مەرج نییە بە شێوەیەکی سروشتی بێنە ڕوودان. مامۆستایەکی نەوەی پێشوو دەناسم ڕاهاتبوو بڵێت: «منداڵ بەبێ یارمەتیی من لە باڵادا گەشە دەکەن لێ نەک زیرەکی و دلۆڤانیدا!». مامۆستا پێویستیی بە فراژووتنی توانستەکانی نۆڕین، پرسیارکردن و هاندانی کارلێکی هاوتەمەن هەیە چونکە ئەمانە باشترین یاریدەرن بۆ گەشەسەندنی منداڵ و فراژووتنیان. مامۆستا دەبێت بزانن کەی بە پێشنیازی نوێ منداڵ هان بدەن بۆ هەنگاوی نوێ و کەی ڕێ چۆڵ بکەن بۆ منداڵ خەریکی پێشوەچوونی خۆیان بن.

بیردۆزەی ڤیگۆتسکی کە دەڵێت فراژووتن کارلێکە دیدی ئێمەی لەمەڕ فێربوونی منداڵ گۆڕی. بۆ هەندێک مامۆستا، ئەو بیرۆکەیەی منداڵ دەتوانن یارمەتی یەکدی بدەن فێر بن، زۆر ئازادیبەخشە. ئەو مامۆستایانە پێیان وەهایە هەندێک جار دەرفەتی نایابیان بۆ فێربوونی گرووپ لەدەست داوە بەوەی کارەکەیان پێ بڕیون و بانگیان کردوون بۆ «بازنەی بەیان». ڤیگۆتسکی یارمەتی مامۆستای داوە بۆ پەیبردن بەوەی فێربوونی منداڵ تەنها بە ئەنجامدان (بە کردن by doing) نییە، لێ بە قسەکردنیش، بە کارکردن لەتەک برادەری دیکەش و بە پێداگریشە لەسەر ئەرکێک هەتا تەواوی دەکەن. مامۆستا، بۆ یارمەتیدانی فێربوونی جڤاکیی منداڵ، دەتوانن چەندین دەرفەت بۆ منداڵ فەراهەم بکەن بۆ یارمەتیدانی یەکدی یان بەیەکەوە کار لە پرۆژەیەکەدا بکەن کە هەڵبژاردەی خۆیان بێت.

---

[144] - خاراو: sophisticate، وردەکار و سەرەدەر

[145] - نێوەڕۆک-فێربوون: content learning بابەت و مژار دێنە فێربوون.

[146] - پێڤاژۆ-فێربوون: process learning، فێربوونی بیرکردنەوە لە ڕەوتی کار.

**فەراهەمکردنی دەرفەت بۆ کاری هەرەوەزیی منداڵان**

لە ڕۆژێکی بەهاردا، نموونەیەکی بەرچاوی بەیەکەوە کارکردنی منداڵانم لە باکووری New Hampshire دیت. نموونەیەکی باڵا بوو مامۆستا تێیدا ڕێگەی دا بە دوو منداڵ هەم لە یەکدی فێر بن و هەم لە ئەزموونی هاوجۆش.[147] بەرنامەیەکی نەومامۆستای لادێکە کە نۆڕینم لێی دەکرد، لە دەرەوە ڕووبەرێکی باڵکێشی هەبوو بۆ یاریکردن. سروشت ناوەندێکی زانستیی فەراهەم کردبوو، بێوێنە. ناوچەی بەر سێبەر، پارچە سەهۆڵیان بۆ خلیسکانێ دەرەخساند. ناوچەی بەر خۆریش گۆمی قوڕاوی بەفری تواوەی دەرەخساند. چلوورەش لە گوێسەبانی باڵەخانەکەوە شۆڕ دەبوونەوە. منداڵ لە هەموو سووچێکی حەوشەکە یارییان دەکرد. لە ناوەڕاستی ئەو هەموو چالاکییەدا، دوو کوڕی چوار ساڵان، گەنجینەیەکیان دۆزیوە. یەک تاکی دەستەوانەیەکەی تاکپەنجە (دەستکێشی یەک قامک) یان لە ژێر بەفرەکەدا بینی. منداڵەکان بڕیاریان دا بکەونە «هەڵکۆڵین» بۆ دۆزینەوەی تاکەکەی دیکە. سەرەتا، هەوڵیان دا بە چڵەدار هەڵکۆڵن. پاش ئەوەی چەند چڵەداری گچکە، مامناوەند و گەورە شکان، بڕیاریان دا پێویستیان بە ئامراز «ڕاستینە»یە. مامۆستا هۆبەی ئامرازەکەی کردەوە بۆیان و سەرنجی دایە هەڵبژاردنیان. کوڕەکان خاکەنازێکیان دەرهێنا هەژدە یانزی بیست ئینج لە خۆیان بەرزتر بوو. Kevin گوتی، «زۆر گیر بوو لەوێدا، بۆیە پێویستمان بە تشتێکی گەورەیە بۆ دەرهێنانی». Jeffrey یش هاوڕا بوو.

مامۆستاکە نەیگوت «ئەوە زۆر گەورەیە» یان «یەکێکتان ئازاری پێ دەگات»، بەڵکوو هەر لەو نێزیکانە مایەوە و تەماشای دەکردن. سەرەتا، دمەدمەیان بوو کامیان پێشتر هەڵکەنن. پاشان Jeffrey بەدەم بەکارهێنانی خاکەنازەکەوە، وەک پێشبینی دەکرا کلکەکەی کێشا بە Kevin دا. Kevin گوتی: «بیدە خۆم، باشی نایکەیت، بەردەوام بە منیدا دەدەیت نەک دەستەوانەکە». هەڵبەت ئەمیش بە هەمان ئاکام گەیشت. مامۆستاکە گوتی، «وای، کوڕینە ئێوە چەند ڕژد خەریکی ئەم پرۆژەیەن». کوڕەکان زەردەیەکیان کرد و گوتیان: «باش ناگوزەرێت. لەوەیە پێویستمان بە بێڵێکی چکۆلەتر بێت». مامۆستاکە گوتی، «ئم، لەوەیە!». کوڕەکان ڕۆیشتن، بە خاکڕن و خاکەنازێکی چکۆلەی باخچەوە گەڕانەوە. ئەو کوڕانە وزە و سەرنجی خۆیان بۆ نیو کاژێر دایە ئەو ئەرکە. بەدەم کۆشانەوە جاڕس دەبوون و بە دەنگی بەرز دەگەڵ یەکدی و خۆیان دەدوان. لە کۆتادا، گەیشتن بەوەی هاوئاهەنگی باشترە لە نۆرەکاری. یەکیان خەریکی هەڵکەنین بوو، ئەوەی دیکە خۆڵ فڕێدان. لە کۆتادا توانیان دەستکێشە تاکەپەنجەکە دەربهێنن، مامۆستا ژیرەکە نەیگوت: «ئافەرین کارێکی باشتان کرد». بەڵکوو گوتی: «ئێوە بەیەکەوە کارێکی بەڕاستی سەختتان ئەنجام دا. ڕێگەی جیاوازتان گرتە بەر. هەندێکیان بێسوود بوون، بەڵام ورەتان بەر نەدا. ڕێگەچارەی دیکەتان هەڵبژارد. ئێوە دەبێت هەست بە شادمانی بکەن». ئەم بەرسڤە، ئەم دەربڕینە بەرهەست و پاتەوپاتە،[148] دەبێتە یاریدەری منداڵ ئەزموونەکەی خۆیان چلوورەبەست بکەن و باشتری تێبگەن. ئەمە نموونەیەکی دیکەیە لە پەیژەبەندی.

پەلەنەکردنی مامۆستا لە پێدانی وەڵام بە منداڵەکان بووە هۆی فرەوانبوونی فێربوونیان. بەدەم کارلێک، گفتوگۆ و ئاروینکردنەوە، منداڵەکان هەم توانستی خۆیان زیاد کرد و هەم ئارمانجیان پێکا. بەدەم کارلێکەوە فێری پێڤاژۆ بوون - «پێڤاژۆ-فێربوون» - بێنەوبەرە دەربارەی بەکارهێنانی ئامێرەکان چۆن دەکرێت؛ چی بکەن باشە بۆ ئەوەی بزانن داخۆ کام ئامێر باشتر کار دەکات. جگە لەوە فێری نێوەڕۆکیش بوون - «نێوەڕۆک-فێربوون» - کام شێواز کاریگەرترە بۆ هەڵکەندنی مادەیەکی بەستوو لە پارچە شەختەیەک و لەگەڵ ئەوەشدا بنەماکانی

---

[147] - ئەزموونی هاوجۆش: joint experience، ئەزموونی هاوبەند

[148] - پاتەوپات: explicit، ڕوون و ئاشکرا، بێ پێچوپەنا.

فیزیاش وەکوو نوێڵ. ڤیگۆتسکی باوەڕی وابوو فێربوون و فراژووتن یەکسانن لێ یەک بابەت نین. کۆکردنەوەی فێرکردنی منداڵەکە لەگەڵ شانازیکردن بە فراژووتنی کەسەکیی منداڵەکە، فێربوون تەواو سەر دەخات.

## کارکردی پیادەکار

ئەمڕۆ سەلمێنە هەن و بەردەوام زیاد دەکەن کە دەڵێن، لای منداڵی پێشفێرگە، توانای کۆنترۆڵی هزری - بە «کارکردی پیادەکار»[149]یش ناودێر دەکرێت - لەچاو هەر فێربوونێکی ئەکادیمیی نێو ساڵانی پێشفێرگە - پێشبینی باشتر دەدات دەربارەی سەرکەوتن لە خوێندنی ساڵانی داهاتوودا. «کارکردی پیادەکار» چەمکێکە توانستگەلی «خۆجڵەوگری»[150] دەگرێتە خۆ، بۆ نموونە توانستگەلی جڤاکی، خۆڕاگری[151] و نەرمەکاریی هۆشەکی.[152]

ئەو منداڵانەی لەم توانستەدا یان لەم ئامرازە هۆشەکییانەدا کەماسییان هەیە، نازانن چۆن ئاگایانە خۆیان فێر بکەن - ئەمانە «ناتوانن بەمەبەست ئاوەز لە بابەت گیر بکەن، لەبەر ئەوەش فێربوونیان کەمتر چوست و کاریگەرە» (Bodrova and Leong 2007, 5).

هەتا ئەم دواییانەش، بەگشتی وەها باو بوو کە ئاسان نییە ئەو توانستانە لە پۆلەکانی زارۆکەتیی بەرایی بێنە فێرکردن. بەڵام، تۆژینەوەکانی بواری مێشک دۆزەوەی نوێی هەیە دەربارەی هەڤبەندی نێوان فراژووتنی توانستی خۆجڵەوگری لەگەڵ ڕسکانی بەشی تایبەتی مێشک. تۆژینەوە دەڵێت، هەر وەک چەندین توانای دیکەی مێشک، دەکرێت «کارکردی پیادەکار»یش بە ڕاهێنان ڕاهێزرێت. سەرباری ئەوەش، تۆژینەوە پێشانی دەدات کە فراژووتنی توانستە بناخەییەکانی خۆجڵەوگری لە پێنج ساڵی سەرەتای تەمەنی منداڵدا دێنە ڕسکان. ئەو دۆزەوانە چەندین کاریگەرییان هەیە لەسەر فێرکردنی زارۆکەتیی بەرایی و هەروەها ئەو ڕۆڵە گرینگەی مامۆستایان لە یارمەتیدانی منداڵی چووکەدا دەیگێڕن بۆ فراژووتنی توانستە گرینگەکانی پەیوەست بە «کارکردی پیادەکار».

دوو چەمکی ڤیگۆتسکی هەن دەبنە یارمەتیدەری تایبەت بۆ ڕاهێزانی توانستی خۆجڵەوگری لای منداڵی چووکە: «نێزیکترین زۆنی فراژووتن» و «پەیژەبەندی». چونکە توانستی خۆجڵەوگری بەدەم کاتەوە دێتە فراژووتن، گرینگە مامۆستا سەرنج بدەنە «نێزیکترین زۆنی فراژووتن» ZPD ی هەر منداڵێک و ئەوجا «ئەزموونی فێربوون»ـی وەها پێشکەش بکەن کە بگونجێت لەگەڵ ئەوەی منداڵەکە ئامادەیە فێری ببێت (پەیژەبەندی)، بەو ئەزموونانەشەوە کە منداڵەکە دەتوانێت لەتەک مامۆستا و هاوتەمەنی تواناوە خەریکیان بێت. تەکنیکی فێرکردن هەن دەبنە هاندەر بۆ پێشخستنی توانستگەلی خۆجڵەوگری، وەک نموونااندنی[153] ئاکاری لەبار و پێشکەشکردنی ئامۆژگاری و سەرەداوی وەها پێشانی بدەن کەی و چۆن منداڵ دەبێت ڕەفتاری خۆ جڵەو بکەن. منداڵ گەر

---

[149] - کارکردی پیادەکار: executive function، مەبەست لێی توانستە بۆ بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی پێڤاژۆگەلی بنەڕەتیی سەر بە هزر و سۆز، بۆ نموونە: خۆجڵەوگری self-regulation، توانستی سەرنجگیریی لە ئەرک، توانستی ڕێکخستنی بیرۆکە و کەلوپەل و هەروەها دیڤچوون و بەئەنجامگەیاندنی ئەرک.

[150] - خۆجڵەوگری: self-regulation

[151] - خۆڕاگری: self-discipline

[152] - نەرمەکاریی هۆشەکی: mental flexibility

[153] - نموونااندن: modeling

گەیشتە ئەوەی بەردەوام توانستگەلی خۆجڵەوگریی خۆیان پێشان بدەن، یان گەیشتنە هەناوچاندنی[154] ئەو توانستانە، ئەودەم مامۆستا دەتوانن دەستبەرداری یارمەتیدان بن.

### هاندانی توانستگەلی خۆجڵەوگری بە گەمەی خەیاڵکرد

ئێمە دەمانزانی کە «گەمەی خەیاڵکرد» کاریگەریی ئایەتیی هەیە لەسەر توانستی جڤاکی منداڵ، سەوادی[155]بەرایی و فراژووتنی بەرایی ماتەماتیک، بەڵام تۆژینەوەش پێشانی دەدەن کە گەمەی خەیاڵکرد کاریگەریی ئایەتیشی هەیە لەسەر فراژووتنی توانستگەلی خۆجڵەوگری لای منداڵی چووکە *(Singer, Golinkoff, and Hirsh-Pasek 2006)*. نێزیکترین زۆنی فراژووتن لە گەمەی خەیاڵکرددا خۆماکە،[156] چونکە لە ماوەی گەمەی جڤاکیی وەهادا منداڵ زۆر جار سنووری تەمەن و ڕەفتاری ڕۆژانەیان دەبەزێنن. منداڵ بە بەشداربوون لە گەمەی خەیاڵکرددا خۆڕسکانە توانستگەلی خۆجڵەوگری پیادە دەکات - منداڵی دیکە جڵەوکێش دەکات، پێیان دەڵێت چی و چۆن بکەن؛ جڵەوی خۆی دەگرێت بەوەی لە ڕۆڵەکەی خۆیدا دامەزرێت و بەپەرێز بێت لە هەر ڕەفتارێکی ببێتە مایەی تێکدانی ڕەوتی ئەم شانۆگەرییە؛ ئەوجا خۆی، کاتێک ناچار دەبێت ڕۆڵ و ڕێسای وەها بسەلمێنێت کە زادەی خواستی خۆی نەبن، دەکەوێتە بەر جڵەوکێشیی منداڵی دیکە.

لێرەدا نموونەیەکی زۆر باشمان هەیە. میهرەجانی هەفتەی Deerfield ـە لە New Hampshire. کەرەڤانی گەرۆک،[157] ئەسپەبەرە[158] و بارهەڵگرەکان بەرەو مەیدانی میهرەجان ڕێچکەیان بەستووە. ئەو هەینییە دەرگەی فێرگەکان دادەخرێن چونکە سەرپەرشتەکە بۆی دەرکەوتووە لەو ڕۆژەدا هیچ کەس ڕوو لە فێرگە ناکات، هەمووان لە میهرەجانەکەن. ڕۆژی دووشەم منداڵ دێنەوە فێرگە و دەبینن مامۆستا مەیدانی شانۆگەرییەکەی گۆڕیوە بە خێوەتگەی میهرەجان. منداڵ شاگەشکە بوون و یەکسەر دەستیان دایە بووژاندنەوەی یادەوەریی ئەو میهرەجانەیان. Josh (6), Pete (4½), Rachel (5) و Lynn (5½) وێکڕا لەو مەیدانە بوون. Rachel و Lynn دەستبەجێ بەرەو ئاگردان (تەباخ) ـەکە دەچن و سەوزەواتێکی زۆر دەردێنن بۆ لێنانی. کچەکان لە ئاشپەزی (چێشتلێنان) -دا هەست بە «باڵادەستی» دەکەن. Josh ی بڕوابەخۆ و تێر بیرۆکە، دەکەوێتە داڕشتنی ڕێسای گشتی. سەرەتا دەڵێت: «دەبێت بڕیار بدەین ئێمە کێین. دەبێت هاوسەرگیری بکەین. Rachel تۆ و من دەبینە هاوژین».

Rachel نایسەلمێنێت. هەموو منداڵەکان تەمەنی یەکدی دەزانن. دەڵێت: «نا، دەبێت من لە Pete مارە بکرێم»، (لەبەر ئەوەی لە ڕووی تەمەنەوە لێک نێزیکن). Josh دەڵێت: «نەخێر. Lynn هاوئەندازەی Pete ە» (Lynn بە تەمەن گەورەترە بەڵام بە ئەندازە بچووکترە لە Rachel). Josh لە یارییەکەدا ڕۆچووە. لە کچەکانەوە بادەداتە Pete و بە ئاسوودەییەوە گوتی: «بیرەکانت هێناوە؟» Pete بە پێکەنینەوە سەری «نەخێر» دەلەقێنێت. ئەو

---

[154] - هەناوچاندن: Internalization. لە هەناوی دەچێنین، دەیکەینە خوو.

[155] - سەواد: literacy، خوێندەواری

[156] - خۆماک: Inherent، ڕەسەن، بەشێکی سەرەکی دانەبڕاو لە ماکی بابەت.

[157] - کەرەڤان گەڕۆک: Recreational vehicle (RV)، گەڕۆکی گەشت، جێی خەوتن و خواردنی تێدایە.

[158] - ئەسپەبەرە: Horse trailer، چەرخەبەرەی ئەسپان. بۆ هەردوو چەمکی ئەسپەبەرە و چەرخەبەرە بڕوانە: جەلیزادە، «زاراوەسازیی پێوانە» www.mamosta.net

تەماشای مامۆستا دەکات. لە ڕۆڵوازییەکە دڵنیا نییە. Pete پێی وایە لە پێشفێرگە باسی بیرە نەکرێت باشە. Lynn، ئەرخەیانە بەوەی ئەندامە لە گرووپەکەدا، هیچیش ناڵێت.

ئەو کرۆکە کارلێکەی ڤیگۆتسکی لە گەمەی منداڵدا باسی دەکات لێرەدا ڕوونە. Josh دەستبەجێ دەزانێت دەبێت چی بکات. ببرای ببرِ گونجانی وشەکانی خۆی نەخستە ژێر پرسیار، چونکە وەها بڕیارە پیاو لەگەڵ ژنی خۆیان نەچنە میهرەجانەکە. Rachel ڕۆڵی پێشنیازکراوی ڕەت کردەوە، بەوەی تەمەنی وەرگرتووە، نەکو باڵای، دەبێت یەکانگیر بێت. ڕەفتاری Pete خۆجڵەوگری پێوە ئاشکرایە. وا هەست دەکات وشەی «بیرە» گونجاوی فێرگە نییە بەڵام تەواو دڵنیاش نییە. وەکوو Josh لە ڕۆڵی نێو یارییەکە ئەرخەیان نییە. Lynn بەدەم گوێگرتنەوە نیگا لە هەڤاڵێکەوە دەخاتە سەر یەکێکی دی. ئەم بێدەنگە، پێی خۆش نییە لەو کۆڕەدا بێتە گۆ، بەڵام ئەرخەیانە بەوەی خەریکی تەماشاکردن و فێربوونە لە هەڤاڵانی دیکە.

ئەو مامۆستایانەی دەیانەوێت بیرۆکەی ڤیگۆتسکی لەمەڕ ZPD و «پەیژەبەندی» پیادە بکەن بۆ هاندانی «گەمەی خەیاڵکرد» بەبرِشت لە بەرنامەکانی زارۆکەتیی بەراییدا، دەتوانن:

- منداڵ خاترجەم بکەن کە کاتی تەواویان بۆ یاری هەیە؛
- کەلوپەل و لیستۆکی لەبار بۆ منداڵ دابین بکەن
- نۆڕین لە گەمەی منداڵدا بکەن و، لە کاتی گونجاودا، بیرۆکە دەربارەی مژاری وەها پێشنیاز بکەن کە ببنە مایەی زەنگینی و بەرفرەوانیی یارییەکانیان.

### ڤیگۆتسکی لە سەدەی بیستویەکەمدا

ڤیگۆتسکی، بەو بۆچوونەی دەڵێت بۆ فێربوون، کارلێک هاوشانی هەڵبەستنی بیرۆکەی خۆ گرینگە، دەنگێکی نوێی بۆ دۆزەوەی هاوەڵانی بناخەساز زیاد کرد. نێزیکترین زۆنی فراژووتن ZPD ی ڤیگۆتسکی، سەرباریێکی سەرسوڕهێنەر بوو بۆ ئەوانەی لەنێو ئێمەدا دیدێکی پیاژێخواز Piagetian ی پەتییان لە فێرکاریی و فێربوونی منداڵانی بچووک گرتبۆیە بەر. بەلایەنی کەمەوە بۆ سێ دەیە (شەستەکان، حەفتاکان و هەشتاکان) جەختێکی زۆر دەکرا بۆ فشار نەخستنە سەر منداڵی پێشفێرگە. سەرەتا، بۆچوونی ZPD و سەرخستنی منداڵ بۆ پلەی بەرشیانی بەرزتر، ملدانێکی ڕەمەکی (یان لە ڕاستیدا مەرجدار) پێک هێنا. ئاخر ئێمە نەمان دەویست زۆریان لێبکەین!

لێ بۆچوونێکی ژیرانە بوو، ئەو بیرۆکەیەی دەڵێت فێربوونی منداڵ لە هەڤاڵانی تواناترەوە کەمتر نییە لە فێربوونیان لە مامۆستاوە، پەستانی سەر مامۆستایانی کەم کردەوە. هەموو ئێمەی کەوتینە کۆشان بۆ پەیژەبەندیی فێربوونی منداڵ، تێگەیشتین کە ئەو بیرۆکانە بەڕاستی کاران. ئەمجا دیسان، ڕەوتی زۆربەی پێشفێرگە و پۆلە بنەڕەتییەکانی فێرگەی ئەم سەردەمە کاتێکی وەها نادەنە مامۆستا بۆ هاندانی گفتوگۆ.

ئەوە بەرپرسایەتیی ئێمەیە، کاتێک مەڵبەندەکانی فێرکاری یاری و گفتوگۆ لە زارۆخانەدا ئافەرۆز دەکەن، تاوی چەمکی «کارکردی پیادەکار» ی ڤیگۆتسکی لەسەر «خۆجڵەوگری» ڕوون بکەینەوە. ئەزموون زۆرن پێمان دەڵێین کە ڕێنوێنیی کەسانی بیردۆزی بنەماڕێژ، ئەمڕۆژی، بە ئەندازەی ئەو دەمەی بیرۆکەکانی خۆیان داڕشت، گرینگن. دەیسا فێرکار چی بکات باشە بۆ چارەکردنی بۆشایی نێوان ئەوەی ئێمە دەزانین باشترە و ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت لێمان؟

پێشنیازی من بۆ هەموو ئەو دایکوباوک و مامۆستایانەی پەروەشی پاشەڕۆژی جڤاک و فێرکردنمانن ئەوەیە ئەم کتێبە بخوێننەوە: Maggie Jackson, *Distracted: The Erosion of Attention and the Coming Dark Age*. لەژێر ڕۆشنایی کاری ڤیگۆتسکیدا تێدەگەین ئەمە دۆخێکی ئەرخەیان نییە نووسەر ئاماژەی پێ دەکات: نەوەی ئێستەی منداڵی بچووک کە خەریکی کورتەپەیام، جریواندنی تویتەر Twitter، سکایپ Skype و فەیسبووک Facebookن لە کارلێکی زارەکیدا لە ئاست چەند نەوەیەکی پێشووتر، کەمتر کارامەن. هەر وەک چۆن لە پاژی دیوی Dewey-دا خرایە ڕوو، ناکرێت پێشرەوتی لە ئاسۆدا ببینین بەڵام بڕیار بدەین کە بەدە و ڕوو بکەینە ئەولا. کارێکی ژیرانە نییە. لێ Jackson ئاگاداریی بەبرشتمان پێدەدات تا بەیەکەوە بیر لە ستراتیژی وەها بکەینەوە یاریدەر بن بۆ ئاخافتنی منداڵانی بچووک و فێربوونیان لە یەکدیەوە.

**پرسیاری گوتوبێژ**

- بەڕێوەبەرایەتیی فێرکاری بڕیاری داوە بەرنامەیەکی هاوبەش پیادە بکات بۆ پۆلەکانی ئاستی بەرایی. هەندێک دایکوباوک جاڕسن کە منداڵی بچووک دەبنە ڕێبەست لە فێربوونی منداڵانی هەراشتری پۆلی دووهەم و سێهەم. لە ڕوانگەی بیردۆزەی فراژووتنی جڤاکی-فەرهەنگی-ی ڤیگۆتسکییەوە، سوودمەندبوونی گشت فێرخوازان لەم بەرنامەیە بۆ دایکوباوک ڕوون بکەوە.
- Kimberly لە پێشفێرگەکەی ئێوە منداڵێکی پێنج ساڵانە. دایکوباوکی داوا دەکەن پێش ئەوەی بچێتە پۆلی یەک، بتوانێت بخوێنێتەوە. تۆیش دەزانیت David Elkind دەڵێت «زۆر لە منداڵ مەکەن»، ڤیگۆتسکی دەڵێت: «گەر خوێندنەوە لە ZPD منداڵێکدا بێت، کەمێک زۆر لێکردن ئاساییە»، پیاژێ دەڵێت: «یاری باشترین شێوازە بۆ فێربوونی منداڵ». تۆ دەبێت بڕیار بدەیت چۆن کار لەتەک خێزانی Kimberly دا دەکەی تا یارمەتییان بدەیت کچەکەیان بگاتە ئاستی فێرگەی فەرمی. چیت پێویستە دەربارەی Kimberly بیزانیت پێش ئەوەی بڕیار بدەیت؟ ڕێگەی بەرشیان بۆ چارەی ئەو دۆخە چین؟ چۆن یەکێکیان هەڵدەبژێریت؟
- پۆلی ئاستی بەرایی هەن پێیان وایە، کاتی وانە، پێویست ناکات منداڵەکانیان تێکەڵی منداڵی دیکە ببن. بە دیدی تۆ، ڤیگۆتسکی دەربارەی ئەم دیاردەیە چی دەگوت و بۆچی؟

## پێشنیاز بۆ خوێندنەوەی زیادتر

Berk, Laura E., and Adam Winsler. 1995. *Scaffolding Children's Learning: Vygotsky and Early Childhood Education.* Washington, DC: National Association for the Education of Young Children.

Galinsky, Ellen. 2010. *Mind in the Making: The Seven Essential Life Skills Every Child Needs.* NAEYC special ed. New York: HarperCollins.

Vygotsky, Lev. 1978. *Mind in Society.* Edited by Michael Cole et al. Cambridge, MA: Harvard University Press.

**References**


Andrade, Jackie, and Jon May. 2004. *Instant Notes in Cognitive Psychology*. New York: Garland Science/BIOS Scientific Publishers.

Bodrova, Elena, and Deborah J. Leong. 2007. *Tools of the Mind: The Vygotskian Approach to Early Childhood Education*. 2nd ed. Upper Saddle River, NJ: Pearson Education, Inc.

CCSSO (Council of Chief State School Officers). 2012. "1990 National Teacher of the Year." Accessed July 23. www.ccsso.org/ntoy/National_Teachers/Teacher_Detail.html?id=1142.

Chaillé, Christine, and Lory Britain. 2003. *The Young Child as Scientist: A Constructivist Approach to Early Childhood Science Education*. 3rd ed. Boston: Allyn & Bacon.

Coontz, Stephanie. 1992. *The Way We Never Were: American Families and the Nostalgia Trap*. New York: BasicBooks.

Dewey, John. 1899. *The School and Society*. Chicago: The University of Chicago Press.

- [1915?]. *My Pedagogic Creed*. Chicago: A. Flanagan Company.
- 1938. *Experience and Education*. New York: Collier

Erickson, Erik. (1950) 1963. *Childhood and Society*. 2nd ed. New York: W. W. Norton & Company.

Gerber, Magda, ed. 1997. *The RIE Manual for Parents and Professionals*. Los Angeles: Resources for Infant Educarers.

Hendrick, Joanne. 1992. *The Whole Child: Development Education for the Early Years*. 5th ed. New York: Merrill.

Jones, Elizabeth. 1986. *Teaching Adults an Active Learning Approach*. Washington, DC: National Association for the Education of Young Children.

Kagan, Jerome. 1998. *Three Seductive Ideas*. Cambridge, MA: Harvard University Press.

Louv, Richard. 2008. *Last Child in the Woods: Saving Our Children from Nature-Deficit Disorder*. Chapel Hill, NC: Algonquin Books.

Montessori, Maria. (1949) 1967. *The Absorbent Mind*. Translated by Claude A. Claremont. New York: Holt, Rinehart and Winston.

Nearing, Scott. 2007. *The New Education: Progressive Education One Hundred Years Ago Today*. New York: The New Press.

New Hampshire Pediatric Society Newsletter. n.d. "Media Violence and Medical Literacy."

Piaget, Jean. 1973. *The Child and Reality: Problems of Genetic Psychology*. Translated by Arnold Rosin. New York: Grossman Publishers.

Schor, Juliet B. 1991. *The Overworked American: The Unexpected Decline of Leisure*. New York: Basic Books.

Siegel, Larry J. 1998. *Criminology: Theories, Patterns, and Typologies*. 6th ed. Belmont, CA: West/Wadsworth Publishing Company.

Singer, Dorothy G., Roberta M. Golinkoff, and Kathy Hirsh-Pasek, eds. 2006. *Play = Learning: How Play Motivates and Enhances Children's Cognitive and Social-Emotional Growth*. New York: Oxford University Press.

Tanner, Laurel N. 1997. *Dewey's Laboratory School: Lessons for Today*. New York: Teachers College Press.

Young-Eisendrath, Polly. 2008. *The Self-Esteem Trap: Raising Confident and Compassionate Kids in an Age of Self-Importance*. New York: Little, Brown and Company.

«…»